حكومەتی هەرێمی كوردستان

وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی

زانكۆی سلێمانی

فاكەڵتی زانستە مرۆڤایەتییەكان

سكوڵی زمان


# "پەرچە واتا لە بۆتەی كۆ زمانەوانیدا"


نامەیەكە خوێندكار

**ئالان محەمەد ئەورەحمان**


پێشكەشی ئە نجومەنی سكوڵی زمان/ فاكەڵتی زانستە مرۆڤایەتییەكانی زانكۆی سلێمانی كردووە، وەك بەشێك لە پێداویستییەكانی بەدەستهێنانی پلەی ماستەر لە زمانی كوردیدا


بە سەرپەرشتی:

**پ. ی. د. ئەبوبەكر عومەر قادر**



( ٢٧١٥ ) ی كوردی

( ٢٠١٥ ) ی زایینی

ئەم نامەیە، کە بە ناونیشانی ( پەرچە واتا لە بۆتەی کۆ زمـانەوانیدا )یە، لەلایەن خوێندکـار ( ئـالان محەمەد ئەورەحمان )ەوە، بە سەرپەرشتیی من لە سکوڵی زمانی زانکۆی سلێمانی ئامادەکراوە ، بەشێکە لە پێداویستییەکانی پلەی ماستەر لە زمانی کوردیدا.

نـاو: پ. ی.د. ئەبوبەکر عومەر قـادر.
ڕۆژ:

بە پێی ئەم پێشنیازە، ئەم نامەیە پێشکەش بە لیژنەی هەڵسەنگاندن دەکەم.

نـاو: پ. ی. د. کـاروان عمر قـادر
سەرۆکی بەشی کوردی
ڕۆژ:

ئێمە ئەندامانی لیژنەی گفتوگۆ و هەڵسەنگاندن، ئەم نامەیەمان خوێندەوە و لەگەڵ خوێندکارەکەدا گفتوگۆمان لەبارەی ناوەڕۆك و لایەنەکانی تری کرد و بڕیارماندا کە شایەنی ئەوەیە بە پلەی (                    ) بڕوانامەی ماستەری لە زمانی کوردیدا پێبدرێت.

ناو: د.شیلان عومەر حسێن
ئەندام:
ڕۆژ:

ناو: پ.د. فاروق عومەر صدیق
سەرۆکی لیژنە:
ڕۆژ:

ناو: د.تارا عەبدوڵلا سەعید
ئەندام:
ڕۆژ:

ناو: پ.ی.د.ئەبوبەکر عومەر قادر
ئەندام و سەرپەرشت:
ڕۆژ:

لەلایەن ئە نجومەنی سکوڵی زمانەوە پەسەندکرا.

ناو: د.کاوان عثمان عارف
سەرۆکی سکوڵی زمان:
ڕۆژ:

## پێشکەشکردن

# پێشکەشە :

- بە دایکی میهرەبان و باوکی ماندوونەناسم.
- بەخوشك و براکانم.
- بە هاوسەرە ئەزیزەکەم.
- بە مامۆستا و هاورێ دڵسۆزەکانم.

# سوپاسنامە


- سوپاس و ستایش بۆ یەزدان مەزن، کە وەك هەمیشە  پاڵپشت و یارمەتی دەرم بوو بۆ تەواوکردنی ئەم قۆناغەی خوێندنم.
- زۆر سوپاسی مامۆستای بەڕێز و خۆشەویستم  پرۆفیسۆری یاریدەدەر (د. ئەبوبکر عمر قادر) دەکەم کە بە دڵسۆزییەوە ئەرکی سەرپەرشتی کردنی ئەم نامەیەی گرتە ئەستۆ.
- سوپاسی ئەو مامۆستا و هاوڕێ بەڕێز و خۆشەویستانە دەکەم کە بە پێدانی سەرچاوەو وەرگێڕانی بابەتەکان یاریدەدەرم بوون.

# ناوەڕۆك


| بابەت | لاپەڕە |
| --- | --- |
| پێشەکی | ١ |
| ١/٠ ناونیشان و بواری لێکۆڵینەوەکە | ١ |
| ٢/٠ هۆی هەڵبژاردنی لێکۆڵینەوەکە | ١ |
| ٣/٠ ڕێبازی لێکۆڵینەوەی لێکۆڵینەوەکە | ١ |
| ٤/٠ کەرەستەی لێکۆڵینەوەکە | ١ |
| ٥/٠ گرفتی لێکۆڵینەوەکە | ٢ |
| ٦/٠ گرنگی لێکۆڵینەوەکە | ٢ |
| ٧/٠ بەشەکانی لێکۆڵینەوەکە | ٢ |
| | |
| **بەشی یەکەم**: زمان پەیوەست بە کلتور و بیر و ڕەهەندە کۆمەڵایەتییەکان | ٣-٤١ |
| ١/١ پەیوەندی نێوان زمان و کۆمەڵ | ٣ |
| ٢/١ گۆڕان و جیاوازی بەکارهێنانی زمان پەیوەست بە کۆمەڵەوە | ٧ |
| ٣/١ زانستی زمانی کۆمەڵایەتی | ١٠-١٥ |
| ١/٣-١ مێژووی سەرهەڵدانی زانستی زمانی کۆمەڵایەتی | ١٠ |
| ١/٣-٢ زانستی زمانی کۆمەڵایەتی و کۆمەڵناسی زمان | ١١ |
| ١/٣-٣ سنورو ئەرکی زانستی زمانی کۆمەڵایەتی | ١٣ |
| ٤/١ زمان و بیر و کلتور | ١٦-٢٥ |
| ١/٤-١ زمان و بیر | ١٦ |
| ١/٤-٢ زمان و کلتور | ١٩ |
| ٥/١ کاریگەری ڕەهەندە کۆمەڵایەتیەکان لە سەر زمان | ٢٦-٤١ |
| ١/٥-١ کاریگەری ڕەگەز لە سەر زمان | ٢٦ |
| ١/٥-٢ کاریگەری تەمەن لە سەر زمان | ٣٠ |
| ١/٥-٣ کاریگەری کات و شوێن لە سەر زمان | ٣٣ |
| ١/٥-٤ کاریگەری ئایین لە سەر زمان | ٣٧ |
| ١/٥-٥ کاریگەری سیاسەت لە سەر زمان | ٤٠ |

| | |
|---|---|
| **بەشی دووەم** : واتا بە پێی جۆر و دەوروبەرو گۆڕانە واتاییەکان | ٤٢-٨٥ |
| ١/٢ واتا و واتاسازی | ٤٢ |
| ٢/٢ جۆرەکانی واتا | ٤٦-51 |
| ٢/٢-١ واتای بنەڕەتی (هۆشەکی) | ٤٦ |
| ٢/٢-٢ واتای بارکراو | ٤٨ |
| ٣/٢ دەوروبەر | ٥٢-٦٥ |
| ٣/٢-١ واتاو دەوروبەر | ٥٢ |
| ٣/٢-٢ جۆرەکانی دەوروبەر | ٥٣ |
| ٣/٢-٢-١ دەوروبەری زمانی | ٥٤ |
| ٣/٢-٢-٢ دەوروبەری نازمانی | ٥٦ |
| ٣/٢-٢-٢-١ دەوروبەری سۆزداری | ٥٧ |
| ٣/٢-٢-٢-٢ دەوروبەری کلتوری | ٥٨ |
| ٣/٢-٢-٢-٣ دەوروبەری زانیاری | ٦٠ |
| ٣/٢-٢-٢-٤ دەوروبەری بار | ٦١ |
| ٣/٢-٢-٢-٥ دەوروبەری فیزیکی | ٦٢ |
| ٣/٢-٢-٢-٦ دەوروبەری کۆمەڵایەتی | ٦٤ |
| ٤/٢ گۆڕانی واتایی | ٦٥ |
| ٤/٢-١ هۆکارەکانی گۆڕانی واتایی | ٦٨ |
| ٤/٢-٢ جۆرەکانی گۆڕانی واتایی | ٧٥-٨٥ |
| ٤/٢-٢-١ فراوانبوونی واتا | ٧٥ |
| ٤/٢-٢-٢ تەسکبوونەوەی واتا | ٧٧ |
| ٤/٢-٢-٣ گواستنەوەی واتا | ٧٨ |
| ٤/٢-٢-٤ لاوازبوون و دارمانی واتا | ٨١ |
| ٤/٢-٢-٥ هەڵکشان و بەرزبوونەوەی واتا | ٨٢ |
| ٤/٢-٢-٦ گۆڕان بەرەو واتا دژەکان | ٨٢ |
| ٤/٢-٢-٧ زیادەڕۆیی | ٨٣ |
| ٤/٢-٢-٨ پراگماتیکی فەرهەنگی | ٨٤ |
| **بەشی سێیەم** : کاریگەری پەرچە واتا لە بۆتەی کۆزمانەوانیدا | ٨٦-١١٦ |

| | |
|---|---|
| ۱/۳پەرچە واتاو کاریگەری پەرچە واتا | ۸٦-۹۰ |
| ۳/۱-۱ پەرچە واتا | ۸٦ |
| ۳/۱-۲ جۆرەکانی کاریگەری پەرچە واتا | ۸۸ |
| ۲/۳ جۆرەکانی پەرچە واتا | ۹۰-۱۰۰ |
| ۳/۲-۱ پەرچە واتا بە پێی ڕێژەی گۆڕینی واتاکەی | ۹۰ |
| ۳/۲-۲ پەرچە واتا بە پێی سەرچاوەی کاریگەرییەکەی | ۹۲ |
| ۳/۲-۳ فۆڕمەکانی گەیاندنی پەرچە واتا | ۹٤ |
| ۳/۳ پەرچە واتا بە پێی ڕەهەندە کۆمەلأیەتیەکان | ۱۰۰ |
| ٤/۳ پەرچە واتا لە پرۆسەی ناوناندا | ۱۱۱-۱۱۳ |
| ۳/٤-۱ پرۆسەی ناونان | ۱۱۱ |
| ۳/٤-۲ پەرچە واتا لەپرۆسەی ناوناندا | ۱۱۱ |
| ۳/٤-۲-۱ ناونانی مرۆڤ | ۱۱۲ |
| ۳/٤-۲-۲ ناونان لە کەرەستەکان | ۱۱۲ |
| ۳/٤-۲-۳ ناونانی بەرنامەو تابلۆی شوێنە**کان** | ۱۱۳ |
| ٥/۳ نازناو و ناتۆرە | ۱۱٤ |
| ئەنجام | ۱۱۷ |
| سەرچاوەکان | ۱۱۸-۱۲٥ |
| پوختەی نامەکە | ۱۲٦-۱۲۷ |

## پێشەکی

### ١/٠ ناونیشانو بواری لێکۆڵینەوەکە

لێکۆڵینەوەکە بە ناونیشانی (پەرچەواتا لە بۆتەی کۆزمانەوانیدا)یە، باسکردنە لە واتا پەیوەست بە دەوروبەر و ڕەهەندە کۆمەڵایەتییەکان ، لە چوارچێوەی کۆزمانەوانیدا ، بەگشتی تیشك خراوەتە سەر پەیوەندی و کارلەیەککردنی نێوان زمانو کۆمەڵ، پاشان واتا وەك ئاستێکی سەرەکی زمان لە چوارچێوەی دەوروبەرو ڕەهەندەکاندا، وەك (کلتوری، کۆمەڵایەتی، ئاینی، سیاسی، شوێن، کات، تەمەن) شیکراوەتەوە.

### ٢/٠ هۆی هەڵبژاردنی لێکۆڵینەوەکە

درکپێکردنی چۆنێتی بەکارهێنانی وشەو فۆڕمەکانی دیکەی زمان بە کاریگەرییە کۆمەڵایەتییەکەیەوەو چۆنێتی دروستبوونی ئەو کاریگەرییە، بابەتێکی زانستی زمانی ئەم قۆناغەیەو، دیاردەیەکی بڵاوە لە ناو قسەپێکەرانی زمانی کوردیدا بە چین و توێژە جیاوازەکانیەوە،کە بە مەبەست و نیازەوە ئەم فۆڕمە کۆمەڵایەتییانە بە پەرچەواتا کۆمەڵایەتیەکەیەوە بەرهەدەهێنێت، بەکاریدەهێنێت، هەڵبەت لەمەشدا دەوروبەرو ڕەهەندە کۆمەڵایەتییەکە سەرچاوەی بەکۆدکردنی پەرچەواتا کۆمەڵایەتییەکەیە، ئەمەش پاڵنەرێك بوو بۆ هەڵبژاردنی ناونیشانەکەو بە ئەنجامگەیاندنی لێکۆڵینەوەکە.

### ٣/٠ ڕێبازی لێکۆڵینەوەکە

لە بەئەنجامگەیاندنی ئەم کارە و شیکردنەوەی نموونەکاندا، پشت بە ڕێبازی (وەسفیو شیکاریی) بەستراوە.

### ٤/٠ کەرەستەی لێکۆڵینەوەکە

لێکۆڵینەوەکە بەکەرەستەی فۆڕمی زمانی کرمانجی خواروو شێوە زاری سلێمانی، بە وەرگرتنی نموونەی زمانی قسەکردنی ڕۆژانە ئەنجامدراوە.

### ٥/٠ گرفتی لێکۆڵینەوەکە

بەگشتی گرفتی لێکۆڵینەوەکە لەوەدا دەستنیشاندەکرێت، کە ئاخۆ ئەوڕەنگدانەوەی واتا یان پەرچەواتایە لە پێکهاتەی وشەو فۆڕمەکاندا هەیە، کاریگەرییەکە لە بارە سایکۆلۆجییەکەیەوە سەرچاوەی گرتووە، یاخود پێکهاتە کۆمەڵایەتیەکە کاریگەریی لەسەر دروستبوونی هەیە، چونکە لەنێوان کاریگەریی حاڵەتی دەروونی و کۆمەڵایەتیدا تێکەڵییەك بەدیدەکرێت، کە لەم نامەیەدا هەوڵی دەستنیشانکردنی دراوە.

### ٦/٠ گرنگی لێکۆڵینەوەکە

گرنگی لێکۆڵینەوەکە لەوەدایە، کە دەشێت بکرێتە بنەمایەك بۆ درکپێکردنی پێکەوەبەندی سایکۆلۆجیانە و کۆمەڵایەتیانەی فۆڕمەکانی پەرچەواتا لە چوارچێوەی زانستی زمانی دەرونی و کۆمەڵایەتی درکپێکردندا.

### ٧/٠ بەشەکانی لێکۆڵینەوەکە

جگەلە پێشەکیو ئەنجام و زاراوەو لیستێك لە ناوی سەرچاوەکان، نامەکە سێ بەشی لەخۆگرتووە:

بەشی یەکەم/ بەشی یەکەمی لێکۆڵینەوەکە بەگشتی پەیوەندی نێوان زمان و هزر و کۆمەڵ هەروەك زمانو کلتور، زمانو بیر هەروەها کۆزمانەوانیو گۆڕان و جیاوازیی بەکارهێنانی زمان پەیوەست بە کۆمەڵەوە باسکراوە، دواتر کاریگەریی ڕەهەندە کۆمەڵایەتییەکان لەسەر زمان خراوەتەڕوو.

بەشی دووەم/ بەشی دووەمی لێکۆڵینەوەکە تەرخان کراوە بۆ واتاو واتاسازی و جۆرەکانی واتاو جۆرەکانی دەوروبەر و گۆڕانی واتایی، بۆ ئەم مەبەستەش پشت بە شیکردنەوەی نموونەی پێویست بەستراوە.

بەشی سێیەم/ بەشی سێیەمی ئەم لێکۆڵینەوەیە بریتییەلە بە پراکتیزەکردنی پەرچەواتا وەك جۆرێك لە واتای کۆمەڵایەتی، لەمەشدا جگە لەوەی بایەخ بە دیاریکردنی پەرچە واتا و کاریگەریی جۆرەکانی دراوە، پاشان جۆرەکانی پەرچەواتا بەپێی ڕێژەی گۆڕینی واتاکەی، بەپێی سەرچاوەی کاریگەرییەکەی، بەپێی فۆڕمەکان وەرگیراوە، هەروەها پەرچەواتا بەپێی ڕەهەندە کۆمەڵایەتییەکان پەیوەست بە جۆری کاریگەرییەکەوە، لە تەوەرە سەرەکییەکانی بەشی سێیەمی لێکۆڵینەوەیەن.

## ١/١ پەیوەندیی نێوان زمان و کۆمەڵ

زمـان بـەو دەزگـا زینـدووە پێناسـە کـراوە، کـە بزوێنـەری کۆمەڵـە و پـەیکاڵ بـە ژینگـە و کلتورەکەیەوە، یەکێکە لە ڕەگەزە سەرەکییەکانی پێکهاتنی ژیانی مرۆڤ، بە واتا زمان دەرخەری ناسنامەی مرۆڤ و دەربڕی بیر و هزر و ئەندێشەیەتی، ئەمەش وەها دەکات زمـان وەك ناوەنـدێك ببێتە کەرەستەی چەندین لێکۆڵینەوەی زانستی، هەروەك بابەتی زانستی زمـان، زانسـتی زمـانی کۆمەڵایـەتی، زانسـتی زمـانی دەرونـی، زانسـتی زمـانی دەمـاری، زمـانو کـەلتور، زمـان و جوگرافیا...تاد.

لـە سـنوری زانسـتی زمانـدا، زمـان وەك دەزگـای دەربـڕین و گەیانـدنی واتـا و چـەمکەکان پێناسـەکراوە. هۆکـاری ئـەم ناسـاندنەش بـۆ بچـوکترین کەرەسـتەی زمـان دەگەڕێتـەوە، کـە دەنگـەکانن، چـونکە بـەهۆی دەنگەکانـەوە فۆڕمـە زمانییـەکان بەرهەمـدەهێنرێن، بـەو مانایـەی (دەنگ) مادە خاوەکەی زمانە و بۆ گەیاندنی واتا بە شێوەیەکی گشتی و بەهۆی یاسـا و ڕێسـای تایبەت بە زمانێکی دیاریکراوەوە دەگەیەنرێن.[١] لەمبارەیەوە (چۆمسکی) زمان بە بەرهەمهێنەری ڕستەی بێکۆتـا بـەهۆی یاسـاو ڕێسـاکانەوە، پێناسـەدەکات و لـە دوتـوێی چـەند تیـۆر و وەچـە تیۆرێکـدا ئاسـتەکانی زمـان شـیدەکاتەوە، هـەورەك تیـۆری سـتانداردی فراوانکـراو، تیـۆری بەستنەوە، وەچە تیۆری ئیکس بار...تاد.[٢]

زمان لە ڕوانگەی بیرەوە، جێگەی تیڕامان و لێکۆڵینەوەی چـەندین زمانـەوان و پسـپۆران بـووە، هەروەك (وۆرف) لە تیۆری ڕێژەگەرایی زماندا، بایەخی بە دروستەی بیری زمان داوە، بە جۆرێك کـە زمـان هـەڵگری بـیری کەلتورەکەیـەتی. لەمبارەیـەوە دەڵێـت: (( زمـان جۆرێـك مـەنتیق و چوارچێوەی گشتی ئاماژەکردن پێکدێنێت، بـەم شـێوەیە هـەر زمانێـك سـیما (شـکل) بـە هـزری قسەپێکەرانو بەکارهێنەرانی خۆی دەبەخشێت))[٣]. هەڵبـەت بەر لـە (وۆرف) و (هامبۆڵـت) باسـی لـە دروسـتەی بـیری زمـان کـردووە و پێیوابـووە، زمـان ئـەو ئامرازەیـە، کـە بەهۆیـەوە (بـیر)ی پێدروستدەکرێت، ئەمەش بەو مانایە دێت، کـە زمـان دەربـڕی ڕۆحـی نەتەوەیـە، ئـەم ڕۆحـە لـە هەموو تایبەتمەندیەکاندا ڕەنگدەداتەوە.[٤]

---

[١] مهری باقری، (١٣٩٢: ٢٢)

[٢] بڕوانە محەمەدی مەحوی، کاروان عومەر، شیلان عومەر، (٢٠١١: ١٥-٣٩)

[٣] پۆل هێنلە و. ڕەحیم سورخی، (٢٠٠٦: ١٠٨)

[٤] سەرچاوەی پێشوو، (٢٩)

لە ڕوانگەی کۆمەڵیشەوە، کە ترۆپکی باسەکەمانە چەندین پێناسە و ڕای هەمەچەشن سەبارەت بە چۆنێتی پێکەوەبەندی زمان و کۆمەڵ کراوە، کە ئێمە لەم پارەدا هەندێکی دەخەینەڕوو.

سەرەتا بایەخی زمان وەك پێکهاتەیەکی کۆمەڵایەتی و لە سنوری زانستی زماندا بۆ (سوسێر) دەگەڕێتەوە، ئەویش لەڕێی شیکردنەوەی هەر دوو چەمکی زمانی، لانگ Langue، چالاکی Parole بەجۆرێك چەمکی چالاکی ئەو لایەنەی زمانە کە ئاوێتەی کۆمەڵ دەبێتو پەیوەست بەکۆمەڵەوە لێیدەکۆڵرێتەوە، بەمەش چالاکی توانای پێشینەی کۆمەڵایەتی قسەکەر دەگرێتەوە.[1] بە گشتی سوسێر پێداگیری لە دوو ڕاستی پێکەوەیی زمانو کۆمەڵ کردووەتەوە:[2]

یەکەم/ جیاوازییەکی ئاشکرا لە نێوان زمانو ئاخاوتندا هەیە ، بەوەی کە زمان یاسایەکە هەموو تاکەکانی کۆمەڵ تێیدا بەشدارن.

دووەم/ سۆسێر جەختی لەو یاسایانە کردووەتەوە، کە ئەو کۆمەڵە قسەی پێدەکەنو هاوبەشن تێیدا.

بەمپێیە ((چەمکی زمان (langue) و کۆمەڵ (Society) بۆ یەکتر داهێنراون، ئامادەنەبوونی هەر یەکێکیان ئامادەبوونی ئەوی تریان بێ بەها دەکات ))[3].

لەگەڵئەوەشدا هەندێك لە لێکۆڵەرانو زانایان لە بواری زانستی زماندا لەسەر هەبوونی پەیوەندی نێوان زمانو کۆمەڵ کۆك نینو پێیانوایە، کە هیچ پەیوەندییەکی ئەوتۆ لەنێوان زمانو کۆمەڵدا نییە، بە چەشنێك سەربەخۆو بەجیاکراوەیی باس لە هەریەکێکیان دەکەن، هەروەك (بنفست) جەخت لە نەبوونی پەیوەندی نێوان پێکهاتە زمانییەکان و پێکهاتەی کۆمەڵ دەکاتەوەو دەڵێت: (( دەکرێت چەند زمانێکی جیاوازی یەك شارستانییەت وەربگرن، دەکرێت چەند شارستانیەتێکی جیاواز بەیەك زمان ئاخاوتن بکە))[4]. هاوکات (شلایخەریش) پێیوایە زمان ئامێرێکی ئەندامییە نەك دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی، بەڵکو ڕووداوێکە لە ڕووداوەکانی سروشت. بەمپێیە زمان دیاردەیەکی مرۆیی نییە، بەڵکو دیاردەیەکی سروشتییە.[5]

ئەوەی جێی سەرنجە ئەم بۆچوونە لەلایەن زۆرێك لە زانایانو زمانانەوانەوە ڕەتکرایەوەبەپشت بەستن بەبەڵگەی چەسپاوی لێکۆڵینەوەکانیان ، کە پەیوەندیەکی بەهێزو لێکدانەبڕاو لە نێوان

---

[1] John,( 1996:11),

[2] هادی نهر، (١٩٨٨: ٣٦)

[3] سەلام ناوخۆش – نەریمان خۆشناو، (٢٠٠٩: ١٧)

[4] هادی نهر، (١٩٨٨: ٢٢-٢٣)

[5] سەرچاوەی پێشوو، (٣١)

زمان‌و کۆمەڵدا هەیە، هەر بۆیە زمان بە دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی زۆ گرنگ بۆ ژیانی تاکەکانی ناو کۆمەڵگا دادەنرێت‌و هەموو کاروبارەکانیان لە بوارە جیاوازەکانی ژیانی ڕۆژانەدا بەرجەستەدەکەن، کە بەهۆیەوە کۆمەڵانی جیاواز بەیەکتر دەگەن‌و فێری زمانی یەکتر دەبن.[١] هەروەك (تۆماس) دەڵێت:(( بە خوێندنەوەو توێژینەوەی زمان تا ئاستێکی باش بۆمان ڕووندەبێتەوە کە کۆمەڵگا چۆن پێکهاتووە، واتە پێکهاتەی چۆنەو چۆن کاردەکات، گرنگترین ڕووداوەکانی چین، بەڵام هەندێکجار ئەم توێژینەوەیە لەسەر کۆمەڵێك خەڵك شتێکی گریمانەیی نەبینراوە))[٢]. ئەم وتەیەی (تۆماس) ئەوەمان بۆ ڕوندەکاتەوە کە ناتوانرێت دەربارەی هیچ یاساو یاساو ڕێسای کۆمەڵگایەك بزانرێت تا نەڕوانرێتە زمانەکەیان، لەم ڕوانگەیەوە (ساپیر Sapir) پێیوایە کە وشەکانی زمانێك، بە ئاشکرا ژینگەی جوگرافیی‌و کۆمەڵایەتی میللەتێك دەنوێنێت، هەروەها زمان دەرخەری ئاستی کۆمەڵایەتی‌و کەلتوری کۆمەڵگایەکە، بۆیە دەوترێت (( وشەکانی زمانێك ڕەشنووسێکی ئالۆزن لە هزرو بیرۆکەو ئەو حەزو نیشانانەی کە سەرنجی ئەو گەلانەی بەلای خۆیاندا ڕاکێشاوە))[٣].

زمان بەشێکە لە پێداویستییەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی و بەکارهێنان و سودلێوەرگرتنی، یەکێکە لە تایبەتمەندییەکانی کۆمەڵایەتی بوونی مرۆڤ، لەکاتێکدا مرۆڤ بەمەبەستی مانەوەو بەردەوامیدان ڕوویکردوەتە ژیانی کۆمەڵایەتی، چونکە بە ناچاری پێویستی بە جۆرێك لە پەیوەندیکردن هەیە،[٤] بەو واتایەی مرۆڤ زمانی وەك چەکێکی بەهێز بەکارهێناوە بۆبەردەوامیدان بە ژیان‌و پارێزگاریکردن‌و بەدەستهێنانی پێداویستییەکانی، بەجۆرێك بەهۆیەوە لەگەڵ هەموولایەنەکانی ژیاندا هەڵبکات. ئەمەش وەها دەکات زمان خۆی ڕەفتارێکی کۆمەڵایەتی بێت، چونکە (مرۆڤ دەبێت وابێت لەگەڵ جۆرا وجۆری بژی‌و هەڵبکات لەگەڵ هەریەکەشیاندا پەیوەندی کۆمەڵایەتی جیاوازی هەبێت)[٥]. بەمشێوەیە پەیوەندی نێوان زمان‌و کۆمەڵ، زمان‌و مرۆڤ و دەوروبەر بەیەکتری دەگەیەنێت لە هەمانکاتیشدا ڕەنگدانەوەی ئەو بارە کۆمەڵایەتییەیە، کە قسەکەری تێدا دەژی.[٦]

---

[١] ئەمین موتابچی، (٢٠١٢: ٥١)

[2] Thomas,(2004:15)

[٣] پۆل هێنلە، و. ڕەحیم سورخی، (٢٠٠٦: ١١٤)

[٤] یحیی مدرسی، (١٣٩١: ١٩)

[٥] هۆگر مەحمود فەرەج، (٢٠٠٠: ١٤٢)

[٦] بەکر عومەرعەلی‌و شێرکۆحمەئەمین، (٢٠٠٦: ٢٩)

پەیوەنـدی کۆمەڵایـەتیی، دیـالۆگ لـەنێوان کۆمەڵەکانـدا دروسـتدەکات و بیرۆکـەو ئەزموونـە جیاوازەکانی کۆمەڵگاکان تێکەڵدەکات، وایان لێدەکات سـود لەیـەکتر وەربگـرن و لـە ئـەزموونی یەکترەوە فێرببن گەشە بە بیروبۆچوونی یەکتر بدەن و توانای یەکتری دەوڵەمەند بکەن.[١] هەروەك (تۆد Todd) زیاتر جەخت لەوە دەکاتەوە، کە زمان تەنها بیر بـە بەرامبـەر ناگەیـەنێت، بـەڵکو زیاتر بریتیە لە دروستکردنی پەیوەنـدی بیروڕاکانمـان لەگـەڵ کەسـانی تـرو خـودی خۆشمانـدا.[٢] لەبەرئەوە زمانی قسەکەر دەرخەری زۆرێك لەلایەنـەکانی وەك ڕەگـەز، تەمـەن، پیشـەو بنەچـەی ئاینی، نەژادی، ئاستی پەروەردەییە.

(فێرس Ferth) لەژێر کاریگەریی (مالینۆفسـکیدا)، کـاری لەسـەر ژینگـەی قسـەکردن کـردووە، پاشان پەرەی بەم لێکۆڵینەوەیە داو ئەو بۆچوونەی تۆمارکرد، کە ژینگـەی قسـەکردن لـە چـەند پەیوەندییـەکی نێـوان تاکـەکان پێکهـاتووە، بـەجۆرێك بەشـێکە لـە خەسـڵەتی کۆمـەڵگا یـان شێوەیەکە لە شێوەکانی ژیانی مرۆڤایەتی، نـەك تـەنیا چـەند هێمایـەکی لـەخۆوە بـن، هـەروەها فێرس پێکهاتەی کۆمـەڵگا بـە بابەتـە کۆمەڵایەتییەکانـەوە دەبەسـتێتەوە، ئەمـەش هۆیەکـە بـۆ فێربوونی واتاکانی زمان لەڕێگەی بەکارهێنانی کۆمەڵگاوە.[٣]

هەروەك چۆن لەپەیوەندی نێوان زمانو کۆمەڵدا زمان کاریگـەری گـەورەی لەسـەر تـاكو کۆمـەڵ هەیە، بەهەمان شێوەش کۆمەڵیش لەو پرۆسەیەدا کاریگەری گەورەی بەسەر زمانەوە دەبێت، بە بڕوای (Ralph Fasald) زمان بەردەوام لەژێر کاریگەری کۆمەڵ و سیما کۆمەڵایەتییەکاندایە، لەبەرئەوە هەمیشە گەواهیـدەری جیـایی‌و جیاوازییـەکانی نـاو کۆمـەڵیکی زمـانین، وەك ڕەگـەزو تەمەن‌و خوێنـدەواری، پلـەو پایـەی کۆمەڵایـەتی لـە ناوکۆمەڵـدا دیاریکـەری جـۆری بـەکاربردنی زمانن.[٤] هەروەك (کوندیاك ) دەڵێت:(( مرۆڤەکان ناتوانن ئاماژەکانیان ئاڵو گۆر بکـەن ئەگـەر لـە کۆمەڵدا نـەبن، چـونکە زمـان ئاشـکراترین نموونەیـە بـۆ ئـەو پەیوەندیانـەی بـە ویسـتی خۆمـان دروستیان دەکەین.))[٥].

ئەوەی دژوارە لە پەیوەندی نێوان زمانو کۆمەڵدا، جیاکردنەوەی سنورەکانیانە لەیـەکتری، وەك دەوترێـت (( لـە نێـوان زمـانو کۆمەڵـدا هێڵێکـی یەکلاکـەرەوە بـوونی نییـە، کـە لـە یـەکتریان

---

[١] مهاباد قەرداغی، (٢٠٠٣: ٩١)

[2] Todd, (1987:107)

[٣] بەهار زایر، (٢٠٠٩: ٨)

[٤] زوبێر علی عارف، (٢٠١٢: ١٠)

[٥] هادی نهر، (١٩٨٨: ٣٦)

جیابكاتەوە، بەڵكو بوارێكی بەرفراوانی گرنگی پێدانی هاوبەش لەنێوانیادا هەیە))[1]، هەر بۆیە لەئەنجامی ئەو پەیوەندییەی، كە لەنێوان زمانو كۆمەڵدا بەرجەستە دەبێت، زمان ڕۆڵی بڕیاردەری تێدا دەبینێتو پەیوەندی لەنێوان ئەندامانی كۆمەڵگادا دروستدەكات، بەجۆرێك فەرهەنگی زمانی كۆمەڵگا بە چینە جیاوازەكانەوە گەشەدەكات.

## ٢/١ گۆڕانو جیاوازیی بەكارهێنانی زمان پەیوەیست بە كۆمەڵەوە

لەگەڵ گۆڕانی كۆمەڵگادا، بەها كۆمەڵایەتییەكانو زمانیش گۆڕانكاری بەسەردا دێت، لەگەڵئەوەشدا خێرایی و گۆڕانی زمان و كۆمەڵ وەك یەك نین و بە یەكسانی ڕوونادەن.

زمان وەك یەكێك لە هۆكارە سەرەكییەكانی پەیوەندیكردن لە كۆمەڵگادا بەكاردێت، كە هەمیشە بە گۆڕانی ئاستەكانی كۆمەڵایەتی،ئابوری، ڕامیاریو ڕۆشنبیریی، لەپێناو بەدیهێنانی پێداویستییەكانی گەشەی كۆمەڵگادا ڕەنگدانەوەی لەسەر زمان دەبێت. لەم بارەیەوە (سومیر فلت) دەڵێت: (( زمان دیاردەیەكی كۆمەڵایەتییە، ئەو گۆڕانكارییانەی بەسەریدا دێت بە هەمان شێوەوە هەمان مۆركی كۆمەڵایەتییە، بەڵام ئەمە مانای ئەوە نییە، كە پێكهاتەی زمانو كۆمەڵ سەربەخۆییان نەبێت، پێكهاتەی وشەكان لە زمانێكی دیاریكراودا پێدەچێت وەكو خۆی بە بێ گۆڕان بمێنێتەوە سەرەڕای ئەو تەوژمە كۆمەڵایەتیانەی، كە لە پێكهاتەی كۆمەڵایەتیدا ڕوو دەدات.))[2] جیاوازیو گۆڕانی زمانی لە چوارچێوەی سنورێكی جوگرافی دیاریكراودا زیاتر جێی وردبوونەوەی زمانەوانییە كۆمەڵایەتییەكانە، لەم ڕوانگەیەوە بایەخ بە دوو جۆری جیاواز لە قسەكردن دەدرێت:[3]

أ. جیاوازیی گفتوگۆی تاكەكەسەكان.

ب. جیاوازیی گفتوگۆی كۆمەڵ.

ئەم جیاوازییانە كاریگەرییان لەسەر یەكتر هەیەو بە ئاسانی لەیەك جیاناكرێنەوە، بەو مانایەی هەندێكجار ئەو جیاوازیو گۆڕانانەی، كە هەیە پەیوەندی بە بارودۆخو شێوازی دەربڕینی تاكەكانەوە هەیە، هەموو قسەپێكەری زمانێكی دیاریكراو بەپێی بارودۆخو دەوروبەرو بۆنە كۆمەڵایەتییەكان شێوازی قسەكردنی دەگۆڕێت، هەروەها لە تەك شێوازدا، فەرهەنگی تاكەكانیش دەگۆڕێت، چونكە تاكەكانی كۆمەڵ هەموویان لەیەك ئاستو چیندا نینو بەپێی ئاستی

[1] زوبێر عەلی عارف، (٢٠١٢: ٨)

[2] هادی نهر، (١٩٨٨: ٢٢)

[3] Jean, (1999 :108)

کۆمەڵایەتیان دابەش بوون، بەجۆرێك کۆمەڵ لە چەند چین و توێژو تاخم و گرووپێك پێکدێت هەروەك کرێکار، جوتیار، بۆرژوازی نیشتیمانی، پزیشك، مامۆستا...تاد، ئەم دابەشبوونی کۆمەڵگایە بۆ چینو توێژە جیاوازەکان خۆی لە خۆیدا هۆکاری درووستبوونی جیاوازییە لە وشە(فەرهەنگ) و یاساکانی دەنگسازی و شێوازی ئاخاوتندا، هەروەکو ئەوەی گۆڕانکارییە ماددیو مەعنەویەکانی هەر کۆمەڵگایەك کۆمەڵێك وشەو مانای نوێ بە دوای خۆیدا دەهێنێت، کە لە لقەکانی دیکەی زماندا ڕەنگدەدەنەوە.[1] ئەوەی لێرەدا مەبەستە بوترێت، ئەوەیە کە هەر چینێکی کۆمەڵایەتی، زمانێکی تایبەت بە خۆی هەیەو ئاماژە بەو چینە دەکات، بەجۆرێك بەهۆیەوە دەتوانرێت جیاوازی لەنێوان زمانی منداڵ، زمانی پێگەیشتوو، زمانی خوێندەوارو نەخوێندەوار ...تاد بکرێت، هەروەها هەر گۆڕانێك، کە بەسەر پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکاندا دێت لەگەڵ خۆیاندا چەندەها بیرو چەمکی نوێ دەهێنێتەکایەوە، کە پێویستیان بە دەربڕینە، ئەم گۆڕانکارییەش لە زماندا ڕەنگدەداتەوە،[2] بەپێی بۆچوونی (سۆمیر فلت) فاکتەری گۆڕانکارییە واتاییەکانی زمان کۆمەڵایەتین، ئەم گۆڕانکارییەش بۆ سێ چەشن جیادەکاتەوە:

١. گۆڕانی واتایی، ٢. گۆڕان لە شتێکی مەبەستدار، ٣. گواستنەوەی وشەو زاراوە لە گرووپێکی کۆمەڵایەتییەوە بۆ گرووپێکی کۆمەڵایەتی تر.[3] واتە زمان ڕەگەزێکی گرنگە بۆ جیاکردنەوەی چینێك یان کۆمەڵێك لە چینێکی جیاوازتر دەرخستنی ڕادەی ئەو گۆڕانانەی، کە لە کۆمەڵدا ڕوودەدەن، جگەلەوەی کە زۆرجار زمان ناتوانێت پێوانەی ئەو گۆڕانکاریانە بە شێوەیەکی وردبکات، بەڵکو (( زمان خاوترو لەسەرخۆتر ڕووبەڕوی گۆڕان دەبێتەوە، جاری وا هەیە چەندین گۆڕاوی قوڵی سیاسیو کۆمەڵایەتی لە کۆمەڵدا ڕودەدەن، بەڵام لە زماندا چەند وشە و چەمکێك دەگۆڕێت، چەند چەمكو واتایەك زیاددەبن))[4]، ئەمەش دەرخەری ئەو ڕاستیەیە، کە خێرایی گۆڕان لە زماندا لەگەڵ گۆڕانی کۆمەڵایەتیدا وەکیەك نییە. لەگەڵئەوەشدا ئاخاوتن بە بەراورد بە نووسین خێراتر ڕووبەڕوی گۆڕان دەبێتەوە، بۆیە ئاساییە گۆڕانی کۆمەڵایەتیو کلتوری لە لایەنی ئاخاوتنی زماندا زیاتر لە لایەنی نووسین ڕەنگبداتەوە.[5]

---

[1] بە هزاد موحسین، (٢٠٠٨: ١١٦)

[2] فاروق عومەر سدیق، (٢٠١١: ٥٠)

[3] بە هزاد موحسین، (٢٠٠٨: ١١٦)

[4] یحیی مدریسی، (١٣٩١: ٢٤)

[5] یحیی مدریسی، (١٣٩١: ٢٤)

ئـەو گۆڕانــە خێراییانــەی لــە بــواری تەکنــەلۆژیای وڵاتــە پێشــکەوتووەکاندا هەیــە، هۆکــاری بەرهەمهێنانی وشەی نوێیە لە زمانەکەدا، هەرچـەندە دەشـێت ئـەو گۆڕانکارییـە تەکنەلۆژیایانـە کاریگەری کەم بکەنە سـەر گـۆڕانی بنـەماو وشەسـازیی‌و فۆنیمـەکان‌و کـەم تـا زۆر وەك خۆیـان بمێننەوە، چونکە ئەو بنەمایانـە لـە قۆناغـەکانی خوێنـدنی ئـە وڵاتانـەدا چەسـپاون‌و قوتابیـانی لەسەری ڕاهێنراون.[1]

لابۆڤ Labov لە ئەنجامی لێکۆڵینەوەکانیدا دەربارەی تاکەکانی کۆمـەڵگا پێیوایـە دەتوانرێـت بـــەپێی پێشـــینەی کۆمەڵایـــەتی‌و ئابورییەوەکەســـەکان بکـــرێن بـــە چـــەند توێـــژێکی لـــە سەریەکهەڵچنراو، بۆیە لە ژیـانی ئاسـایدا ناکرێـت تـەنیا هاورێیـەتی‌و هاوپیشـەو هاوئاسـتەکانی خۆی بێت، لە کاتێکدا بە بوونی تۆڕێکی کۆمەڵایەتی جۆرە زمـان‌و دەربڕینێـك دێتەکایـەوە، کـە تەنیا ئەندامانی تۆڕە بە ڕوونی لێی تێدەگەن.[2] ئەمەش بەو مانایە دێت، کە تەکنەلۆژیاو هۆکانی پەیوەندیکردن توانیان گۆڕانکاری زمانی بەدوای خۆیاندا بهێنن.

جگە لەم هۆکارانەش باری ئابووری‌و شارسـتانیەتی کۆمـەڵ‌و دابونـەریت‌و یاسـاو بیروبۆچـوون‌و لایەنی فیکری‌و ڕادەی ڕۆشنبیری‌و تێڕوانین بۆ ژیان‌و لایەنە کۆمەڵایەتییەکانی تر، هـەر گـۆڕان‌و پێشکەوتنێك لەم لایەنەدا ڕوودەدات، ڕەنگدانەوەی لە زمان‌و دەربڕینەکانی کۆمەڵدا دەبێت .[3]

بەکورتی پێکهاتە کۆمەڵایەتییەکان کار لـە زمـان دەکـەن، بـەجۆرێك ئەگـەری گۆڕانکـاری لـەنێو پێکهاتــە کۆمەڵایەتییەکانــدا ڕووبــدات ئــەوا دەبێتــەهۆی گــۆڕان لــە زمانیشــدا، ئــەم گۆڕانــەش بەشێوەیەکی بەرفراوان لەسەر ئاستی فەرهـەنگ ڕوودەدات‌و فەرهـەنگ وابەسـتەی بەکارهێنانـە کۆمەڵایەتییەکان دەکات.

---

[1] بەهزاد موحسین،(٢٠٠٨: ١١٧)

[2] Jean, (1999 :115)

[3] هیمن عبدالحمید  شمس ،(٢٠٠٦: ١٧)

## ٣/١ زانستی زمانی کۆمەڵایەتی

## 3/1-١ مێژووی سەرهەڵدانی زانستی زمانی کۆمەڵایەتی

لەدوای ساڵەکانی سی سەدەی بیستەوە، بایەخ بە زانستێك درا، کە لە ئەنجامی وردبوونەوە لە پەیوەندییەکانی زمانو کۆمەڵەوە پێشنیازکرا، ئەویش زانستی زمانی کۆمەڵایەتی بوو. ئەوەی بووە هۆی گەشەکردنی ئەم زانستە پێشخستنی ئەو باوەڕە بوو، کە لای هەندێك لە لێکۆڵەرەوان دەربارەی ناسینی زماندروستبوو هەروەك ( زمان بریتیە لە کۆمەڵە بەکارهێنانێکی جۆراوجۆر یان ئامرازی دەربڕینی کۆمەڵایەتیو زانستیو ئابوریی، کە ئەمە وادەکات لێکۆڵینەوەو تایبەتمەندی ئەم بەکارهێنانە جۆراوجۆرانەو زانینی چوارچێوەی زمان لەگەڵ باروودۆخە جیاوازەکان دا بەپێی پێویستی دابنرێت)[١].

سەرەتای ئەم جیابوونەوەیە لەکارەکانی (ماڵینۆفسکی)و (فێرس) لەساڵەکانی بیستو سییەکانەوە سەریهەڵدا .[٢] لەسیەکانی سەدەی بیست دا کاتێك ڕۆڵی دەوروبەر هاتەئاراوە گرنگی زیاتر بەکۆمەڵو پەیوەندی کۆمەڵایەتی درا، زانای ئەنثرۆپۆلۆجی (ماڵینۆفسکی) ڕۆڵێکی گرنگی لە گۆڕینی تێڕوانین بۆ زمان گێڕا، ئەم زانایە پێیوابوو ناکرێت لەکۆمەڵگە بکۆڵینەوە بەبێ زانینی ئەرکی زمان لەکۆمەڵدا، چونکە ئەرکی زمان بە تەنیا تێگەیشتنو گەیاندن نییە، بەڵکو زنجیرە چالاکیەکانی مرۆڤو بەشێك لە ڕەفتاری مرۆڤە.[٣*]

دواتر لە کۆتایی شەستەکانو سەرەتای حەفتاکان، پەرە بەم زانستە درا، بەڵام بەشێوەیەك کە ئەم ساڵانەش لە لێکۆڵینەوە لە زانستی زمانی کۆمەڵایەتی بە سەرەتاو نوێ دادەنرێت.

---

[١] هادی نهر (١٩٨٨: ٢٦)

[٢] محمد معرووف فتاح (٢٠١٠: ١٣٦)

[٣] هادی نهر (١٩٨٨: ٤٣-٤٤)

[*] کۆزمانەوانی لە ناوەڕاستی سییەکانی سەدەی بیستەوە وەك زانستێکی سەربەخۆ لەلایەن فێرسەوە بە کاریگەری ئەو کارانەی مالینۆفسکی دەربارەی دەوروبەری دۆخو کەلەپور ئەنجامی دا، ناسێنرا، لەم چوارچێوەیەشدا بایەخیان بە ڕەوشتە کۆمەڵایەتییەکانو بۆنەی قسەکردنی قسەکەر داوە، پاشان پایك لە سەرەتای پەنجاکانەوە بە بەستنەوەی وشەو ڕێزمان بە بارو بۆنەو پەیوەندی بە قسەکەرانەوە، بەهای ئەم زانستەی خستووەتەڕوو.

لە پەنجاکانی سەدەی ڕابردووەوە لە ئەمریکا پایك بە بەستنەوەی وشەو ڕێزمان بە حاڵەتو پەیوەندی کۆمەڵایەتی قسەکەرەوە، تاووتوێی ئەم زانستەی کردو پاشان چەندین زمانەوانی دیکە بە تایبەت لە شەستەکاندا گەشەیان بەم زانستە دا، بە چەشنێك بووە یەکێك لە داهێنانە زمانەوانییەکانی ئەو ساڵە، دواتر لە حەفتاکاندا کۆمەڵێك زمانەوانی دیکەی وەك پراید، فیشمان، ڕۆبینسۆن، تروگل، هودسن...تاد گرنگیان پێداو لێکۆڵینەوەکانیان لەو بوارەدا پێشکەشکرد. بڕوانە: محمد معروف فەتاح، (٢٠١٠: ١٣٥-١٣٨)

هەرچەندە هەندێك لێكۆڵینەوەی كۆنمان هەیە لەپێش ئەو ماوەیەدا بوون، كە وەك كەلەپورێك ماوەتەوە دەربارەی شێوازو پەیوەندی نێوان واتاو وشەكان، ئەوەی تازەبوو لە شەستەكاندا بوو، ئەو گرنگیە فروانە بوو كە بەم زانستە درا، ئەویش بەهۆی ئەم زانستە دەتوانێت هەموو ئەو بابەتانە ڕوونبكرێنەوە كە لە زانستی زمانەوانیدا بوون بەتایبەتی سروشتی زمانو كۆمەڵگا.[١]

## ٣/١– ٢ زانستی زمانی كۆمەڵایەتیو كۆمەڵناسی زمان

یەكێك لە لقە نوێكانی زانست، كە لە ئەمڕۆدا لەلایەن توێژەرانەوە گرنگی پێدەدرێت زانستی زمانی كۆمەڵایەتییە، هەندێكجار ئەم زانستە بەزمانو كۆمەڵ یان زمانەوانی كۆمەڵایەتی یان كۆزمانەوانی ناودەبرێت، مەبەستیش لێی لێكۆڵینەوەیە لە پەیوەندی نێوان زمانو كۆمەڵ لە سنوری زانستی زماندا.

مرۆڤ كە بە سروشت لە كۆمەڵدا دەژی ، بیری لەوە كردەوەتەوە كە لەزمانی ئاماژەو ڕەفتاری وێنەیی ڕزگاری ببێت، كۆمەڵگا یاخود ئامادەبوون لەكۆمەڵگا مرۆڤی ناچار كرد كەلەخودی خۆی بكۆڵێتەوەو بزانێ ئەو گیانلەبەرێكە، خودا سیستمی گۆكردنی تێدا ئەفراندووەو دەتوانێت لەخۆیو دەوروبەری بگات[٢]. هەربۆیە گرنگیدان بەكۆمەڵو پەیوەندی كۆمەڵایەتی لە سنوری زمانەوانیدا شتێكی زۆر ئاساییە، چونكە پەیوەندییەكی بەتین لەنێوان زمانو كۆمەڵدا هەیە[٣].

بابەتی زانستی زمانی كۆمەڵایەتی بابەتێكە لەنێوان كۆمەڵناسیو زمانەوانی ئەمەش وەها دەكات گریمانەی دوو زانستی لێبكرێت هەروەك (كۆمەڵناسی زمانو زمانەوانی كۆمەڵایەتی)[٤]، كە وەك دوو زانستی جیاواز دەناسێنرێت، هەروەك هەندێك پێیانوایە هەردوو زانستەكە لە پەیوەندی نێوان زمانو كۆمەڵ دەكۆڵێتەوە بەڵام بە كەرەستەو ڕێبازی جیاواز، هەندێكیش بە بریكاری یەكتر پێناسەیان دەكەن، كۆمەڵەی یەكەم وەك (هدسن)زانستی زمانی كۆمەڵایەتی بەو زانستە دەناسێنێت، كە پەیوەست بە هۆكارە كۆمەڵایەتییەكان لە زمان دەدوێت، یان لەسەر بنەمای زمان لە پەیوەندییە كۆمەڵایەتییەكان دەكۆڵێتەوە. بەمپێیە زانستی زمانی كۆمەڵایەتی بایەخ بە سروشتی زمان دەدات. لەكاتێكدا كۆمەڵناسی زمان بەپێی پەیوەندییە زمانییەكان لە كۆمەڵ دەكۆڵێتەوە. كۆمەڵەی دووەم وەك كریستاڵ بە دوو زاراوەی لە برییەكتر ناوی دەبات، بە جۆرێك

---

[١] هدسن، (١٩٨٧: ١٦)

[٢] سەلام ناوخۆش، نەریمان خۆشناو، (٢٠٠٩: ١٧)

[٣] محمد معروف فتاح، (٢٠١٠: ١٣٧)

[٤] بەهزاد موحسین، (٢٠٠٨: ١١٣)

لە زانستی زمانی کۆمەڵایەتیدا بابەتەکە لە زمانەوە ڕێچکەی گرتووەو لە کۆمەڵناسی زماندا لە کۆمەڵەوە ڕێچکەی گرتووە. تروگڵ لە باسکردنی زانستی زمانی کۆمەڵایەتیدا پێیوایە لێکۆڵینەوە لە زمان تەواو کۆمەڵایەتییە، لەبەرئەوە هەردوو زانستەکە لە ریگەی لێکۆڵینەوە هاوبەشەکانیانەوە پێکەوە گرێدەداتەوە، بۆ نموونە لێکۆڵینەوە لە دەقە ئاخاوتنەکان، کردە قسەییەکانو نیشانە زمانییەکانی ڕەگەز.[1]

کۆمەڵناسی زمان، (لەشوێنی پێگەیشتنی زمانەوانیو کۆمەڵناسی چەکەرەی کردووە، هەروەك چۆن دەروونناسی زمان لەسنوری هاوبەشی نێوان زمانەوانیو دەروونناسیدا گەشەیکردووە)[2] کۆمەڵناسی زمان بەلێکدانەوەی ئەرکە کۆمەڵایەتییەکان خەریکن، کە زمانەکانیان بەم جۆراوجۆرییە گەیاندووە.[3] بۆ نموونە لە کۆمەڵناسی مێژوویدا بەهۆی بەکارهێنانی هەندێك وشەی تایبەت بەسەردەمێکەوە کۆمەڵە زانیارییەکی گرنگ دەربارەی دۆخی سیاسی، کۆمەڵایەتیو کارو پیشەی ئەو سەردەمە لەلایەك، لەلایەکی ترەوە زانیاری دەربارەی هەندێ واقیعی زمانناسی بەدەستهێنراوە.[4] لەکاتێکدا زانستی زمانی کۆمەڵایەتی، بەمانا بەرتەسکەکەی گرنگی بەو هێڵە گشتیانە دەدات، کە گروپە کۆمەڵایەتییەکان لەیەکجیادەکاتەوە، ئەمەش بە هەڵوێستەکردن لەسەر یاساو دیاردە زمانەوانییەکان پەیوەست بە کۆمەڵەوە دەستەبەردەبێت، بەجۆرێك تا چ ڕادەیەك مۆرکی ژیانی قسپێکەران بە زمانەوە رەنگدەداتەوە.[5]

بە کورتی جیاوازیی نێوان کۆمەڵناسی زمانو زانستی زمانی کۆمەڵایەتی جیاوازی لەڕەگەزەکانیاندا نییە، بەڵکو جیاوازییەکە لەتەوەری گرنگی پێدانەکەیاندایە، ئەمەش پشت دەبەستێت بەڕادەی لێهاتوویی تواناى لێکۆڵەر لەشیکردنەوەی پێکهاتەی زمانەوانیدا.[6] هەروەك لەزانستی زمانی کۆمەڵایەتیدا زمان دەبێتە چەقی لێکۆڵینەوەکە، بەڵام بۆ کۆمەڵناسی زمان بەپێچەوانەوەیە.

وێڕای ئەوەش کۆمەڵێك زاناو زمانەوان زانستی زمانی کۆمەڵایەتیان بە شێوزای جیاواز پێناسەکردووە، کە لەم لێکۆڵینەوەیەدا ئاماژە بە هەندێکیان دەدرێت:

---

[1] Ronald, (1990:12) R.A.Hudson(1996:4)

[2] محمد ڕەزا باطنی، (١٣٨٥: ٤٩ )

[3] Jean, (1999 .107)

[4] میهری باقری، (١٣٩٢: ٢٦)

[5] هادی نهر، (١٩٨٨: ٢٥)

[6] هدسن، (١٩٨٧: ٢٢)

• هدسن (Hudson )پێیوایە زانستی زمانی کۆمەڵایەتی توێژنەوەی زمانە پەیوەست بەکۆمەڵەوە هەروەها توێژینەوەی کۆمەڵیش بەشێکە لە توێژینەوەی زمان.[1]

• هۆڵمس (Holms)لای هۆڵمس زانستی زمانی کۆمەڵایەتی برتییە لە بوارێك کە لە پەیوەندی نێوان بەکارهێنانی زمانو ئەو پێکهاتە کۆمەڵایەتییەی، کە بەکارهێنەر تیایدا دەژی دەکۆڵێتەوە.[2]

• رادفۆرد( Radford )ئەم زمانەوانە پێیوایە یەکێك لە لایەنە گرنگەکانی زانستی زمانی کۆمەڵایەتی پشت بەو ڕاستییە دەبەستێت، کە پێویستە پێکهاتەی کۆمەڵایەتی ڕەنگدانەوەی لەسەر زاراوە زمانییەکان هەبێت، لە هەموو کۆمەڵگایەکداو لە هەر چرکەساتێکدا حاڵەت یاخود ڕەفتارە کۆمەڵایەتییە پەسەندکراوەکان، جۆری گفتوگۆکان، بیرو یاساکان دەبێتە بنەما بۆ هەڵبژاردنی وشەکان، کە لەزاردێنە دەرەوە.[3]

• کریستاڵ (Crystal ) لەم بارەیەوە دەنوسێت (( زمانەوانی کۆمەڵایەتی، لقێکی زمانەوانییە ئەم جۆرە زمانەوانیە لەو ڕێگایانە دەکۆڵێتەوە، کە بەکاردێن بۆ توێژینەوە لە پەیوەندی نێوان زمانو کۆمەڵگادا.))[4]

بەمپێیە زانستی زمانی کۆمەڵایەتی لە جیاوازییەکانی ناوەوەی زمان دەکۆڵێتەوە بەتایبەتی لە گۆڕانکارییەکانی ناو زمانێکی دیاریکراو، بەجۆرێك لەو لایەنانە دەکۆڵێتەوە کە کاریگەری لەسەر شێوازو بەکارهێنانی زمانو هەڵبژاردنی وشەکان دەبێت، بە واتا لێکۆڵینەوەی زمانە لەو لایەنانەی، کە پەیوەندی بە هۆکارە کۆمەڵایەتییەکانەوە هەیە.

## 3/1–٣سنورو ئەرکی زانستی زمانی کۆمەڵایەتی

لەڕاستیدا زمانەوانەکان لەسەر کۆی بابەتەکانی سنوری ئەم زانستە کۆك نین و بۆچوونی جیاوازیان دەربارەی ئەو بابەتانەی نێو زانستی زمانی کۆمەڵایەتی هەیە، لێرەداو بەگشتی هەندێك لەو لایەنانە دەخرێنەڕوو، کە ئەم زانستە گرنگیان پێدەدات.

یەکێك لەو لایەنانەی کە کۆزمانەوانەکان کۆك نین لەسەری، پەیوەندی بە دەروونناسی زمانەوە هەیە، کە چۆن زمان کاریگەری لەسەر هەڵێنجان و ناسینی ئێمە بۆ جیهانی دەرەوە هەیە، ئەم

[1]Hudson, (1996:1)
[2] Holms, (2008: 1)
[3] Rad ford,( 2009: 16)
[4] سەلام ناوخۆش ، نەریمان خۆشناو، (٢٠٠٩: ٨)

حاڵەتەش تا چ ڕادەیەك كاریگەری لەسەر قسەكەرانی زمان هەیە، خاڵێك دەبێت زمانەوانی دەروونیو كۆمەڵایەتی ڕوونیبكەنەوە، بۆ نموونە ناسینەوەی ڕەنگی (سەوز)و (شین) چۆنەو ئەو كەسانەی تەنیا یەك وشەیان هەیە بۆ ئەو دوو ڕەنگە ئاڵۆزترە یان ئەو كەسانەی دوو وشەی جیاوازیان هەیە؟[1] لە هەمان كاتدا زانستی زمانی كۆمەڵایەتی خەریكی لێكدانەوەی ئەو پەیوەندیانەیە كە لەنێوان هەڵوێستی كۆمەڵایەتیو هەڵبژاردنی زمان یان زاردا هەیە، هەوڵی ئەوە دەدات تێمانبگەیەنێت، كە چۆن خەڵكی دەتوانن بەپێی ئەو دەوروبەرە كۆمەڵایەتییەی كەڵك لە كانگای زمانیان وەربگرنو قەنات بگۆڕن.[2] هەروەها پلاندانانی زمانو هەڵوێستی زمانیش بەهەمان شێوە دەچێتە ناو زانستی زمانی كۆمەڵایەتییەوە، زۆر جار ئەمە بە زمانەوانی فراوانكراو Macro Linguistics دەناسرێت.[3] یەكێك لەو پرسیارانەی وەڵامەكەی لە ئەستۆی زانستی زمانی كۆمەڵایەتیدایە بریتیە لە پێناسەی جوگرافیای زمانو سنورەكانی، چونكە وادەردەكەوێت تاكەكانی دەوڵەتێك خاوەنی زمانێكی تایبەت بە خۆیانن، هەر بۆیە دانیشتوانی بەرازیل بە بەرازیلی و دانیشتوانی مەكسیك بە مەكسیكی... هتد قسەدەكەن، ئەگەر لەسەر بنەمای جوگرافی یان نەتەوەیی دیاریبكەین، ئەوا توشی دژیەك دەبینەوە، چونكە زۆرجار لە ناو یەك دەوڵەتدا چەندین زمانی جیاواز بەكاردەهێنرێت وەك هندستان، بەڵام لەناو چەند دەوڵتێكی جیاوازی وەك ئوستورالیاو ئینگلتەراو ئەمریكا زمانی ئینگلیزی بەكاردێت[4]. هەر بۆیە پێناسەكردنی زمان لە ڕووی جوگرافی و نەتەوییەوە پێناسەیەكی گشتگیرو دروست نییە.

بوارێكی تر لەو بوارانەی كە ئەم زانستە كاری لەسەر دەكات جۆراوجۆری زمانەكانە لەیەك كۆمەڵگەدا، چەندین جۆری ئاخاوتن بەپێی تەمەنو ئاستی ڕۆشنبیریو پیشەو....هتد دەبینرێت، بەپێی زانستی زمانی كۆمەڵایەتی جیاوازیی كۆمەڵەكان لەیەكتری، هۆكارە بۆ جیاوازی زمانەكان، بۆیە لەو كێشە زمانییانە دەكۆڵێتەوە، كە دەبێتەهۆی پەیدابوونی چەند زمانێك لە سنوری وڵاتێكدا، هەروەها لە چۆنییەتی گەشتن بە زمانێكی هاوبەش لەنێوان گشت چینەكانی كۆمەڵێكی دیاریكراو دەكۆڵێتەوەو گرنگی بە تایبەتمەندی تاكو كۆمەڵیش دەدات.[5]

---

[1] میهری باقری ،(١٣٩٢: ٢٢٨)

[2] محمد معرووف فتاح،(٢٠١٠: ١٣٩)

[3] یوسف شەریف ،(٢٠١١: ٢٦)

[4] میهری باقری، (١٣٩٢: ٢٢٨)

[5] هیمن عبدالحمید شمس، (٢٠٠٦: ٢٤)

زانستی زمانی کۆمەلآیەتی گرنگی بە زمانی ناوەند (نێوەندگیری) دەدات ، لە زۆرێك لە دەوڵەتان لە لایەن دانیشتووانەوە چەندین زمانی جیاواز بەکاردەهێنرێت، وەك زمانی فارسی لە ئێران بووەتە ناوەند بۆ کورد و بلوجی و تورك و گیلکەکان، زمانی ناوەندی جیهانیش هەیە وەك زمانی ئینگلیزی.[1]

لەگەڵئەوەشدا هالیدای سەرجەم ئەو بوارانەی، کە زانستی زمانی کۆمەلآیەتی دەیگرێتەوە بۆ ١٣ بابەت پۆلێنکردووە:[2]

- جووت زمانی و فرە چەشنی زمان و زارەکان .
- نەخشەو گەشەکردنی زمان .
- دیاردە و دیاردەی جۆراوجۆری زمان .
- زانستی زارە کۆمەلآیەتییەکان .
- زمانەوانی کۆمەلآیەتی و پەروەردەیی .
- لێکۆڵینەوەی وەسفی بۆ بارودۆخی زمان .
- تۆماری ئاخاوتن و گواستنەوە لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی تر .
- کاریگەرییە کۆمەلآیەتییەکان لە گۆڕینی دەنگ و ڕستەدا .
- زمان و کۆمەڵ و پەیوەندی شارستانی .
- تیۆری ئەرکی و سیستەمی زمان .
- گەشە کردنی زمان لای منداڵ .
- زمانی نەتەوایەتی .
- لێکۆڵینەوەی دەقەکان .

---

[1] مهری باقری،(١٣٩٢: ٢٢٨)

[2] هادی نهر، (١٩٨٨: ٢٥)

## ٤/١ زمانو بیرو كلتور

### ٤/١-١ زمانو بیر

لێكۆڵەران لە دەستەبەركردنی چۆنێتی كاریگەری زمانو بیر چەند وەڵامێكیان تۆماركردووە، كە لەم باسەدا بەپشت بەستن بەو سەرچاوە زانستیانەی لەبەردەستتدان بە سێ ئاڕاستە دەستنیشانیان دەكەین:

**أ. كاریگەری بیر لەسەر زمان**

هەندێك پێیانوایی كە مرۆڤ بەهۆی بیرەوە دەتوانێت لە زمان بگاتو شارەزابێت، هەروەها بەهۆی بیرەوە شێوازو پێكهاتەی زمان دیاریدەكرێت. فەیلەسوفە یۆنانییەكان گەیشتبوونە ئەو بیروڕایەی كە زمان، بەڕێژەیەكی زۆر پشت بە بیر دەبەستێتو بیر بونیادو شێوە جیاوازەكانی زمان دیاریدەكات.[١] ((پیاجە پێیوایە لایەنی ئەبیستەنی پێشەنگەو زمانیش ملكەچی بیرە.))[٢] ئەحمەد عبدالمعنی حیجازی دەڵێت: (( ناتوانین شارەزاییەكی ڕاستەقینە لە زماندا پەیدا بكەین ئەگەر لەیەك حاڵەتدا نەبێت، كە هەستبكەین و بیربكەینەوە، ئەو سۆزەی كە هەستی پێدەكەین یان ئەو بیرۆكەیەی، كە لە مەغزماندایە نیازمەندی بە گەلێك وشە هەیە بۆئەوەی لە توێیدا بەرجەستە ببێتو دەربكەوێت.))[٣].

بیركردنەوە كاریگەری بەسەر ئاكارە زمانیەكانەوە هەیە، ئەویش لە دوو لایەنەوە كە بە گرنگترین ئاكارە زمانیەكان هەژمار دەكرێن، چونكە لایەنی تێگەیشتنی زمان و لایەنی پلانی ئەو شتانەیە كە قسەكەرەكە دەیدركێنێت.[٤] (كۆرزۆبسسكی ) پێیوایە شێوازی بیركردنەوە لای كۆمەڵە دیاریكراوەكان شێوازی پێكهاتە زمانییەكانی دیاریدەكات، نموونەش بۆ ئەمە لای عەرەبو فەرەنسییەكان بەڵگەهێنانەوە لە زمانەكەیاندا زاڵە، بۆیە دەرخەر دوای دەرخراو دەكەوێت لەكاتێكدا بیركردنەوەی ئینگلیز هەڵێنجراویان هەیە بۆیە دەرخەر پێش دەرخراو دەخەن.[٥]

---

[١] هێمن عبدالحمید شمس، (٢٠١٣ :٤٠)

[٢] هۆگر محمود فرج، (٢٠٠٠: ١٤٤ )

[٣] و. نەریمان خۆشناو، (٢٠٠٩: ٩٨)

[٤] سەلام ناوخۆش – نەریمان خۆشناو، (٢٠١٠: ٨٧-٨٨)

[٥] جمعە سعید یوسف، (١٩٩٠: ١٥١)

**ب. کاریگەری زمان لەسەر بیر**

زمــان ئــەو کۆدانەیــە کــە مــرۆڤ لــەکاتی بیرکردنــەوەدا ســودی لێــدەبینێتو کاریگــەری ڕاستەوخۆی لەسەر ڕەفتاری مرۆڤ هەیە، هــەر بــەهۆی زمانیشــەوە بــیر چــالاك دەبێــتو دەبێتــە بیرکردنەوە. (وۆرف )بەکاریگەری مامۆستاکەی کە (ساپیر) بووە دەڵێت: (( زمـان ئـە ڕێگایەیـە کە ئێمەبیری پێدەکینەوەو ئەوەشمان بۆ دیاریدەکات کە ئێمە بـیری لێدەکەینـەوە))[1]، پوختـەی بۆچوونەکانیشــی بــەم شــێوەیە کورتدەکرێتــەوە: زمــان کاریگــەری گــەورەی لەســەر شــێوەی بیرکردنەوەی تاکـەکانی کۆمـەڵ هەیـە، کـە بـەو زمانـە قسـەدەکەنو جیـاوازە لـە بیرکردنـەوەی تاکەکانی کۆمەڵگایەکی تـر کـە بـە زمـانێکی تـر قسـەدەکەن، بەمـەش زمـان بـیر دیاریـدەکات و دەتوانێــت بــە شــێوەیەکی تــەواو دەســتبگرێت بەســەریدا، ئــەم بۆچوونەشــی لەئــەنجامی ئــەو لێکۆڵینەوەیە بوو کە لەسەر زمانی هیندیە سورەکان لە ئەمریکا بە بەراورد بـە زمانـە ئەوروپییـە هاوچەرخەکان ئەنجامی دا.[2]

بەگشتی ئەم بیردۆزە گرنگی بە چۆنییەتی کاریگەری زمـان لەسـەر بـیر دەدات، کـە پێیوایـە بـیر پشت بە زمان دەبەستێتو دواتر بیر زمان دیاریدەکات، هەربۆیە لای (ساپیر و وۆرف) کاریگەری زمان لەسەر بیر کاریگەرییەکی کاملو تەواوەو هیچ بیرێك بوونی نییە بە بێ زمان.[3] بە واتا زمـان وا لـە کۆمـەڵ دەکـات چـۆن بـیر بکاتــەوە، چـۆن هەڵسوکەت بکـات، تێڕوانینـی بـۆ ژیـان چـۆن بێت.ئەمەش ڕێگە خۆشکەرە بۆ ئەوەی بوترێت زمان دوو لایەنەوە هاریکاری بیر دەکات:

١. ڕێژەیی زمان، واتە قسەکەرەکان بە زمانە جیاوازەکان درکپێکردنو تێڕوانینی جیاوازیان هەیە بۆ ژیان.

٢. ڕەهایی زمان، پێکهاتەی زمان کۆت وبەنددەکاتو مەرج دادەنێت لەسەر بیرکردنەوە.[4]

ئەمەش وا دەکات کە بڵێین زمان زۆر لەوە فراوانترە تەنها ئامرازێك بێت، بەڵکو زمان ئەو واتایەیە کـە زانیـاری دیاریـدەکاتو بەشـێکی جـێگیری پرۆسـەی بیرکردنەوەیـە.[5] لەمباریـەوە (دۆنـلاب) دەڵێت: (( کاتێك بونیادی زمانی نەتەوەیەك دەخوێنیتەوە دەتوانیـت شـێوەی بیرکردنەوەشـیان

[1] محمد محمد داود، (٢٠٠٩: ٢٣٩ )

[2] نایف خرما، (١٩٧٨: ٢١٦–٢١٧) هەروەها بڕوانە هدسن، (١٩٨٧: ١٦٧).. شاخەون جەلال:(٢٠١٣: ٨٩ )

[3] هدسن، (١٩٨٧: ١٧٨)

[4] جمعه سعید یوسف، (١٩٩٠: ١٥٣)

[5] www.Thomastsoi.com

بزانیـت، کـاتێکیش چـەمکەکانیان دەخوێنیتـەوە دەتوانیـت ئـەو شـتانە دیاریبکـەین، کـە پێـی جیادەکرێنەوە چونکە زمان لە بیرکردنەوەی کۆمەڵگاوە هەڵدەقوڵێت))[١].

زمان دەتوانێت ڕادەی توانایی مرۆڤ لەسەر قسەکردنو بیرکردنەوە دیارییکات، ساکاری و قوڵی بیرکردنەوە بە هەژاریو دەوڵمەندی زمانەوە بەندەو تا زمان هەژار بێت بیرەکان سـادەتر دەبنو دەوروبـەر گشـتر پـۆلێن دەکـات، وە بـە پێچەوانەشـەوە.[٢] لەگەڵئەوەشـدا زمـان تـەنیا مـەرجی بیرکردنەوە نییە هۆکاری تریش هەن بۆ بیرکردنەوەو، کە کاریگـەریان لـە سـەری هـەبێت. بـەڵام ناگەنە ئاست بە توانایی زمان لەو بوارەدا. بۆیەلە بیرکدنەوەدا پێویستە ڕەچاوی ئـەم دوو خاڵـە بکرێت.[٣]

١. ئەگەر بیرکردنەوە بەبێ زمان ڕوبدات یان ڕونەدات تەنیا لە ڕێگـەی زمانەوەیـە، کـە دەتـوانین ئەندێشەکانی خۆمان لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی تر بگوازینەوەو ئاگاداری ئەندێشەکانی کەسـانی تریش ببین.

٢. بـەپێی بەڵگـەکان دەتوانرێـت ئـەوە بسـەلمێنرێت ئەگـەر مـرۆڤ زمـانی نەبوایـە، ئـەوا بیرکردنەوەشی جۆرێکی تر دەبوو جیاواز دەبوو لەوەی ئیستای.

## پ. بیرو زمان کاریگەریان لەسەر یەکتر هەیە

ئـەم بۆچـوونە بۆچـوونێکی هاوسـەنگە، چارەسـەرێکی مامناوەنـدی بۆخسـتنە ڕووی پەیوەندی نێوان زمـانو بـیر دەخاتـەڕوو، وەك بـیر بـە بـێ زمـان دەرنابـات، زمـانیش بـەبێ بـیر دەرنابات، ئێمە بیردەکینەوەو قسەدەکەینو دەنووسـین هەوڵـدەدەین ڕێکـوپێکترو ڕوونـتر بـیری خۆمـان لـە زمانـدا دەربـبڕین.[٤] لایـەنگرانی ئـەم بۆچـوونە پێیانوایـە پەیوەنـدی زمـانو بـیر پەیوندییەکی دینامیکی و گۆڕاوەو دوولایەنەیـە، هەریەکـەیان کاردەکاتـە سـەر ئـەوەی تریـان و کاریگەری دەبێت لەسەری، ئێمە ناتوانین بدوێن لـە شـتێك کـە نـاتوانین بـیری لێبکەینـەوە و بـە پێچەوانەشەوە ناتوانین لە توانای زمانی خۆمان زیاتر بیربکەینەوە.[٥]

---

[١] بەهار زایر، (٢٠٠٩: ٢٠)

[٢] هێمن عبدالحمید شمس، (٢٠١٣ :٣٧)

[3] www.noor.mags.com

[٤] و. میدیا، (١٩٨٨: ٧٩)

[٥] جمعە سعید یوسف، (١٩٩٠: ١٥٠)

### ٤/١-٢ زمان و کلتور

ئەگەر لە خودی وشەکەوە دەستپێبکەین، ئەوا کلتور لە وشەی (calura)ی لاتینیەوە وەرگیراوە،* ((ڕەگ و ڕیشەی واژەی کلتور دەچێتە سەر زمانی کلاسیك و لەوانەیە لە زمانی پێش کلاسیکی لاتینیەوە هاتبێت لە بنەڕەتدا مانای کشتوکاڵ یان پەروەردەکردن دەگەیەنێت.))[١]

ئەم چەمکە لەبەر گشتگیریو فراوانییەکەی، گەلێك ماناو بابەتی جۆراوجۆر لەخۆدەگرێت، بەجۆرێك یەکێك لەم بوارو بەکارهێنانەی خوارەوە دەگرێتەوە:

١. چێژ وەرگرتن لە هونەرەجوانەکان و زانستە مرۆییەکان.

٢. شێوازی تەواو لە زانیاری مرۆییو بیرو باوەڕو ڕەفتار، کە پشت بە هێزی بیرکردنەوەی هێماییو فێرکردنی کۆمەڵایەتی دەبەستێت.

---

* هەموو مانا جۆراوجۆرەکانی کلتور لە وشەی لاتینی (cultivate) وەرگیراوە خودی ئەم وشەیەش مانای جۆراوجۆری هەیە، کە چاندن لەسەر زەویو پەروەردەی (هەنگ، ماسی، کرمی ئاوریشم،... هتد) دەگرێتەوە، بڕوانە (ئەحمەد گوڵمحەمەدی(٢٠٠٧: ٤٢ ٢)).

لێکۆڵەران لە بەرجەستەکردنی واتاکانی کلتوردا زیاتر بۆ زمانی فەرەنسی دەگەڕێنەوە، چونکە سەرەتا گەشەسەندنی واتای وشەی کلتور چ لە سەردەمی ڕۆشنگەریو چ پێش ئەویش بەرلە زمانی ئەڵمانیو ئنگلیزی، لە زمانی فەڕەنسیدا گەشەیکردوە بڕوانە (دنی کوش(١٣٨٩: ١٣)). کلتور وشەیەکە لە ڕابردوو و ئێستاشدا بەپێی مێژوو گەلێك مانای جۆراوجۆری لەخۆگرتووە، وەك لە سەدەی شانزەهەمدا ئەم وشەیە چیتر بە واتای پەروەردەکردنو چاودێریکردن بەکارنەدەهات، بەڵکو بە واتای یەکجۆر کار بەکاردەهات، کە کاری کشتوکاڵی بوو لەسەر ڕووی زەوی، لە ناوەڕستی ئەو سەدەیەشدا واتای خوازەیی وشەی کلتور خۆی گرت، بەجۆرێك ماناکەی لە دەربڕی پەروەردەکردنی بەهرەو توانای مرۆیی بینرایەوە بڕوانە (هەمان لاپەڕەی سەرچاوەی پێشوو).

بەدرێژایی سەدەی حەڤدەهەم وشەی کلتور بە مانایەکی ناڕاستەوخۆ بۆ ئاماژەکردن بە هەوڵدانو ڕاهێنانی تاکەکان یان کۆمەڵگەی مرۆیی بەکارهێنران بڕوانە (ئەحمەد گوڵمحەمەدی(٢٠٠٧: ٤٢ ٢))، لە سەدەی هەژدەهەمدا وشەی کلتور لە واتا خوازەییەکەی بووە جێی قبووڵو چووە نێو زمانی فەڕەنسیەوە بڕوانە (دنی کوش(١٣٨٩: ١٣))، وەك پێشتر باسکرا کاتێك ئەم چەمکە سەری هەڵدا ئاماژە بوو بۆ باشکردنی ئاستی کشتوکاڵو باخداریو ...هتد. بەڵام دواتر ئاماژە بوو بۆ باشکردنی توانای مرۆیی لە ڕێگەی پەروەردەو فێرکردنەوە.

بەکارهێنانی ئەم چەمکە لە زماندا بە مانای بارودۆخی کۆمەڵایەتی گشتی دێت، کە کۆمەڵێك بەهاو نەریتە کۆمەڵ پەیڕەوی دەکەن، ئاماژەدانە بە توانای مرۆیی کۆمەڵو تاکەکانی لەوانەش (هونەری میلی، خوونەریت، هەڵسوکەوتو شێوازی ڕەفتارو هاوسەریەتی ...هتد).

[١] شاخەون جەلال:(٢٠١٣: ٥٦ )

٣. کۆمەڵێك لە بۆچوونی هاوبەش بەهای کۆمەڵایەتیو ئەو کارانەی دامەزراوەیەکی کۆمەڵایەتی ئەنجامیدەدەن.[1]

کۆمەڵگا (پێکهاتەیکی گەورەی پێکەوە گرێدراوی سەرلەبەری کایەو پێکهاتەکانی دیکەی نێو بونیادێکی گەورەیەو پێکهاتەیەکی مەزنی پەیوەندییە ئۆرگانییەکانی هەمەلایەنەیە، جەستەیەکی هەمەڕەنگی خانەو شانەکانە لە پانتاییەکی بەرفراوانی ژیاندا، کە سەرلەبەری خێزانو دامودەزگاو تەواویی پەیوەندییە کۆمەڵایەتیو کلتوریو ئایینیەکانی تێدا کۆدەبێتەوە)[2]. ئەم پێناسەیە بۆ کۆمەڵگا ئەو ڕاستییەمان لا بەرجەستەدەکات، کە نە هیچ کۆمەڵگایەك لە جیهاندا هەیە، خاوەنی کلتورو شوناسو ئایینی خۆی نەبێت، نە هیچ کۆمەڵێکیش هەیە زمانێکی هاوبەشی کۆمەڵایەتی یان کلتورێکی هاوبەش کۆیاننەکاتەوەو بە یەکیانەوە گرێنەدات. هەموو کۆمەڵگایەك یاسایەکی کلتوری هەیە تا پێشکەشی نەوەکانی بکات، ئەگەرچی هەموو تاکەکان بە سەرجەم ڕەگەزەکانییەوە، بە بیرو بۆچوونێکی باش کلتور فێردەبن، وێڕای ئەوەش هەرگیز ناتوانرێتو ناکرێت هەموو وەك خۆی لەلایەن تاکەکانەوە وەربگیرێت.[3]
فێربوونی ئەم یاساو کلتورانە سەرەتا لە خێزانەوە دەستپێدەکات، پاشان چوونی منداڵ بۆ قوتابخانە لە ڕێگای ئەم ناوەندەوە فێری کلتوری کۆمەڵگادەبێت، جگەلەمەش چەندان دامەزراوەی دیکەی وەك ڕاگەیاندنەکانو شوێنە ئایینیەکان ڕۆڵی ئەم گواستنەوەیە دەبینن. پەیوەندی نێوان کلتورو کۆمەڵ لە ڕووی تیۆری واقعییەوە زۆر تۆکمەیە، ئەگەر بتوانرێت لەڕووی تیۆریشەوە جیاوازی لە نێوانیاندا بکرێت، بەڵام لەڕاستی و واقعیشدا ئەو دیاردانەی ئەم دوو چەمکە گوزارشتی لێدەکەن لە یەك جیانابنەوە، چونکە کلتور تەنها بە کۆمەڵەوە بوونی هەیەو کۆمەڵیش بە کلتورەوە.[4] بۆیە دەتوانرێت بوترێت هەموو کلتورەکان[5] * (بەرهەمگەلێکی

---

[1] www.paladf.net

[2] . ئاسۆ جەبار،(٢٠٠٥: ٨١)

[3] .ئیبراهیم ناصر،(٢٠١٣: ١١٥–١١٦)

[4] زەکی ئەلمیلاد،عەبدولحەسەن ئەلحوسەینی ،(٢٠١٢: ١٣)

* لە فەرهەنگی زاراوەکانی زانستە کۆمەڵایەتییەکاندا هاتووە، کلتور بریتییە لەو ژینگەیەی کە مرۆڤ لە بەرهەمی مادیو نامادی دروستی کردووە، لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکیتر دەگوازرێتەوە بڕوانە (ئیبراهیم ناصر(٢٠١٣: ١١٩))، زانای ئەنثرۆپۆلۆجی بەریتانی (ئیدوارد تایلر) (١٩٣٢–١٨٧١) یەکەم کەس بوو کە پێناسەی کلتوری کردووە، کتێبێکی بە ناوی (کلتوری سەرەتاییو مەنهەجی بەراوردکاریی) بڵاوکردەوەو پێناسەی کلتور بەم شێوەیە دەکات: ((کلتور گشتێکی (کل) ئاوێتەیە لە مەعریفە، بیرو باوەڕ، یاسا، ئاکار، بەها، داب و نەریتو ئەو وزەو توانایانەی تاکە، کە وەك ئەندامێکی کۆمەڵگەکەی وەریاندەگرێت)). بڕوانە (زەکی ئەلمیلاد،عەبدولحەسەن ئەلحوسەینی (٢٠١٢: ٩٣))،

کۆمەڵایەتین، بە شێوەیەکی کۆمەڵایەتی دروستدەبن بە هیچ شێوەیەك مێژوویی نین)[1]. هەر لەم بارەیەوە ئیلیۆد دەڵێت: ((بۆچوونی من بۆ کلتور ئەوەیە، کە دروستکراوی هەموو کۆمەڵگەیە، چونکە لە گۆشەنیگایەکی ترەوە کلتور کۆمەڵگا دەکاتە شتێك پێی دەوترێت کۆمەڵگا))[2].

بەو پێیەی چەمکی کلتور و کۆمەڵ پەیوەستن بە یەکەوە، هەر گۆڕانکارییەك لە هەریەکەیاندا ڕوویدات کاریگەری لەسەر لایەنەکەی تر دەبێت، هیچ کۆمەڵگەیەك نییە کاریگەری خۆی بەسەر ئەرکو پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکاندا نەبێت، ئاڵوگۆڕی ئابووری، سیاسی، کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی تێدا ڕوونەدات.[3] بەمەش هەموو لایەنەکانی ژیانی ڕۆژانەی تاك و گروپ و کۆمەڵەکان لە ڕووی پێکهاتە و سیستەمو کات و شوێنەوە گۆڕانکاری گەورەیان بەسەردا دێتو ئەم گۆڕانکاریانەش لە کلتوردا ڕەنگدەداتەوە، بەمپێیە هەرکات کلتور بگۆڕێت تەواوی کۆمەڵگاش دەگۆڕێت، هەر گۆڕانکاریەکیش لە کلتوردا ڕوویدات بە شێوەیەکی ئەرێنی یان نەرێنی کاریگەری لە سەر کۆمەڵگا دەبێت،[4] دواتریش کاردانەوەی ئەم گۆڕانکاریانە لە زماندا دەردەکەوێت.

---

زانای کۆمەڵناسی فەڕەنسی (ئیمێل دۆرکـاهیم) (١٨٥٨–١٩١٣) کـە بـە یـەکێك لـە دامەزرێنـەرانی کۆمەڵناسـی نـوێ دادەنرێت لە بارەی کلتـورەوە دەڵێـت: ((دیاردەیـەکی کۆمەڵایەتییـە، کـە بـە هـیچ لایـەنێکی کۆمەڵایـەتی تایبەتـەوە نەبەستراوەتەوە، ئەو دیاردەیە درێژدەبێتەوە لە هەموو بوارەکانداو هـەر زەویو نیشـتیمانێکو قۆناغـە یـەك لـە دوای یەکەکان دەبڕێتو کۆمەڵگایەك تێدەپەڕێنێت)) (www.v.b.astabtop.com)، لای (کلبارتیك) کلتـور هـەموو ئەو شتانەن، کە دەستت و هزری مرۆڤ ماندوو بووە لە داهێنانیاندا لە سـەرجەم ڕووکارەکـانی ژینگـەی کۆمەڵایەتیـدا، واتە سەرجەم ئەو شتانەی مرۆڤ دایهێناو ڕۆڵیشیان دەبێت لە پرۆسەی کۆمەڵایەتیدا بڕوانـە (ئیـبراهیم ناصـر(٢٠١٣: ١٢٠))، (ڕالفلنتۆن) کلتـور بـە ڕەفتـار پێناسـە دەکـات و دەڵێـت (( کلتـور شـێوەیەکی ڕەفتـارە وەرگیراوەکانـە، کـە ئەنجامەکانی لە توخمەکانیـدا بەشـدارنو تاکـەکانو کۆمـەڵ دەیانگوێزنـەوە)) (هـێمن عبدالحمیـد شمـس(٢٠١٣: ٤٠)، پێناسـەکان زۆر و جۆراوجـۆرن، دەکرێـت لـە چوارچـێوەیەکی گشـتیدا بێئـەوەی هـیچ لایـەنێکی فەرامۆشـبکرێت کۆبکرێنەوە، هەروەك دەوترێت: ( کلتور بریتیە لە کۆی بیرو هزرەکان، بەهاو بیرو باوەڕەکان، دابونەریتەکان، ئاکارە سستەکان، لێهاتوویی ڕێگاکانی بیرکردنەوە، شـێوازی ژیـانو عورفـەکان، هۆنـەر، هـەڵکۆڵین، وێناکـاری، هەڵپـەڕکێو شایی میلی، ئەدەب، ئەفسانە، فەلسەفە، چیرۆکو مێژوو، بە گشتی ئەو شتانەی، کە مرۆڤ لـە لایـەنی مـادیو نامـادی بەرهەمی هێناوە، یان ئەوانە لە نەوەکانی پێشوو بۆمان جێماوە، یـان ئێمەلـە ئـەنجامی ژیانمـان لـەناو کۆمەڵگایـەکی دیاریکراودا بۆ کلتورمان زیادکردووە). (ئیبراهیم ناصر(٢٠١٣: ١٢٠)).

[1]. ئەحمەد گوڵمحەمەدی،(٢٠٠٧: ٤٢ ٢)

[2]. زەکی ئەلمیلاد،عەبدولحەسەن ئەلحوسەینی، (٢٠١٢: ١٣–١٤)

[3] ئاسۆ جەبار،(٢٠٠٥: ٨٧)

[4] زەکی ئەلمیلاد،عەبدولحەسەن ئەلحوسەینی ،(٢٠١٢: ٢٩)

به تێڕوانین لە کۆمەڵگە جیاوازەکان دەبینرێت، کە هەریەکەو تایبەتمەندێتی کلتوری خۆی هەیە، زمانیش کە تایبەتمەندییەکی جیهانی مرۆڤایەتییە، گرنگترین فاکتەرە، کە میراتی کلتوری لە نەتەوەیەکەوە بۆ نەتەوەیەکی تری دەگوازێتەوە.

بەمپێیە یەکێك لەو بابەتە گرنگانەی کە جێی بایەخە، زمانو کلتورە، بە بۆچوونی هەندێك لە لێکۆڵەران، ئەو تاکانەی لە کۆمەڵگادا بە هەمان زمان دەدوێن لە نێوانیاندا خاڵی هاوبەشی زۆریش هەیە، وەك لە ئاڕاستەی سیاسی و ئەخلاقیدا هاوبەشن، لە هەمان دیدگاوە دەڕواننە جیهانو هاوشێوەی یەکتر پۆلێنی شتە بینراوو بەرجەستەکان لە دەوروبەری خۆیاندا دەکەن.[١] واتە تاکەکانی کۆمەڵگایەك، کە خاوەنی زمانێکی هاوبەشن، یەك مێژوویان هەیەو لە زۆربەی بوارەکانی ژیاندا هەماهەنگن، بۆ نموونە (نان خواردن، ئاهەنگ، جلوبەرگ، زۆربەی بۆنەو بوارە جیاوازەکانی تر)، بەمەش کلتورێکی هاوبەش کۆیاندەکاتەوە.

لەڕاستیدا زیاتر لە پەیوەندییەك لەنێوان زمانو کلتوردا هەیە، لەم بارەیەوە بێڵ bell دەڵێت: ((دەتوانرێت زمان وەك کۆمەڵە نموونەیەکی ڕەفتاری کلتوری گوازراوە پیشان بدرێت، کە هاوبەشە لە نێوان تاکەکانی کۆمەڵێکدا، بەو واتایەی زمان کۆدێکە بەشێکە لە کلتور))[٢].

بە هەمان شێوە لە کلتورە جیاوازەکانیشدا پلەوپایەی کۆمەڵایەتی جیاوازی کارو پیشەو لایەنەکانی تر لە زماندا ڕەنگدەدەنەوە.

هۆڵمس (holms )لە بارەی فێربوونی زمانو کلتورەوە جەخت لەوە دەکاتەوە، کە فێربوونی زمان، ئاشنابوونە بە بەها کۆمەڵایەتیو کلتورییەکان.[٣] هەروەها فیڵدیش (field )پێیوایە کە (زانیاری لەسەر کلتورو ناساندنی، مەرجی کاریگەرییەکانی توێژینەوەو خوێندنەوەی هەر زمانێکە، بەجۆرێك ڕەنگە هەندێك فرەیی لە پێکهاتەکانیدا سەرهەڵبدات وەك ڕەگەز، ئاین، نەتەوە، چین، خێزانی شارو لادێ ...هتد)[٤]، ئەمەش ئەو هۆکارەیە کە وادەکات لە پەیوەندی و گرنگی نێوان زمان و کلتور بدوێین.

زمانو کلتور پەیوەندیەکی هۆیی لە نێوانیاندا هەیەو کاریگەریان لەسەر یەکتر هەیە، بەچەشنێك دوو فاکتەری پێکەوەلکاو و بەردەوامن.[٥] ئەوەی زیاتر جێی بایەخە لە زمانەکاندا وشەکانن، چونکە وشەکان واتاکانیان لە خۆیاندا هەڵگرتووە، ئەگەر کلتورێکی جیاواز بیەوێت کاریگەری

---

١ جمعە سعید یوسف، (١٩٩٠: ١٥٥)

2.Bell,(1978:14)
3. Holms,(2008:28)
4.Field,(2000:158 )

٥ پۆل هێنلە، و. ڕەحیم سورخی، (٢٠٠٦: ١١٤)

خۆی لەسەر کلتورێکی تر دابنێت، ئەوا سەرەتا هەوڵدەدات کۆمەڵێك وشەی زمانەکەی لەنێو کلتوری ئەو زمانەدا جێبکاتەوە، بەڵام ئایا تا چ ڕادەیەك ئەو وشانە دەتوانن بچنە نێو زمانێکی ترەوە، یان جێی خۆیان لە زمانێکی تردا بکەنەوە، لەکاتێکدا بەربەستی سەخت دێتە ڕێگەیان. لەم روانگەیەوە (ئستابس) پێیوایە وشە هەرچەندە بنەڕەتیتر بێت، کەمتر سنوردار دەکرێتو دەتوانێت لە کلتورێکی دیاریکراوەوە بۆ کلتورەکانی تر بپەڕێتەوە، هەرچەندە هەندێك وشەی بنەڕەتی هەن دەتوانرێت سنورداربکرێن، چونکە تایبەتە بە ناوچەیەکی دیاریکراوەوە.[1] بەڵام هەندێك وشەی تر هەن بە هیچ جۆرێك ناتوانن بچنەناو کلتورەکانی ترەوە، لەبەرئەوەی لە تەواوی میللەتەکاندا بەکاردێن.

توێژەران دوو ئاڕاستەو بۆچوونی جیاواز سەبارەت بە پەیوەندی نێوان زمان و کلتور دەخەنەڕوو:

**یەکەم/** هەندێك لە توێژەران پێیانوایە زمان، کلتور بنیاتدەنێت، دەوترێت کە پێکهاتەی زمان، شێوازی بینینی قسەکەر بۆ جیهان دەردەخات.[2] زمان هەموو ڕووەکانی کلتور، ئابوری، ڕۆشنبیری، ژیانی خێزانداری و بگرە تاکو دابونەریت، ئەندێشە، سیاسەتو بیروباوەڕی هەر کۆمەڵگایەك دەخاتەژێر کاریگەری خۆیەوە،جگەلەوەش زمان کەرەستەو فاکتەرێکە بۆ گواستنەوەی میراتی کلتوری لە نەتەوەیەکەوە بۆ نەتەوەیەکی تر، منداڵ لە ڕێگەی زمانەوە فێری کلتوری کۆمەڵگای خۆی دەبێت، بە وتەی (ساپیر) مرۆڤەکان لە هەندێك ڕووەوە دیل و زیندانی زمانەکەیانن،[3] لە هەمانکاتدا زمان هۆکارێکە دەتوانێت هەلومەرجی کۆمەڵایەتیی کلتوری نەتەوە جیاوازەکان داگیربکات، بەتایبەت لەلایەن دەوڵەتە زلهێزەکانەوە، کە لەڕێگەی سیاسەتی کلتوری خۆیانەوە هەوڵدەدەن کلتورەکەیان لەنێو کلتوری نەتەوەکانی تردا جێبکەنەوە، بەتایبەت لە نێو دەوڵەتانی جیهانی سێیەمدا، کە ئەمەش بە دوو ئاڕاستە ئەنجامدەدرێت:[4]

أ. گرنگیدان بە زمانەکەیان، کە هێزی زمانەکەیان دەچەسپێنن و کلتورەکەیان بەهۆی وشەکانی زمانەکەوە بۆ ناو کلتوری نەتەوەکانی تر دەگوێزنەوە، ئەمەش دەبێتەهۆی لاوازی فکریی و ئەزموونی شیکردنەوەی تاکەکانی ئەو نەتەوەیە.

---

[1] محمد حسن تحریریان، مجموعة مقالات ،(١٣٧٣: ٥٤)

٢.Ronald, (1990:12)

[3] امانةالله قرائی مقدم، (١٣٧٨: ٧)

[4] مهرگان نظامی زاده، مجموعة مقالات (١٣٧٣: ٥٠٧)

ب. دامەزراندنی ئەکادیمیای زمانی و داماڵینی بنەما کلتورییەکانیان لە داگیرکردنی زمانەکەیان وەکئەوەی لە تورکیاو ئێران بەرامبەر بە نەتەوەکانی تر دەکرێت، بەتایبەت بەرامبەر بە کورد.

**دووەم/** زمان ڕەنگدانەوەی کلتوری کۆمەڵگایە، بەپێی ئەم بۆچوونە ئەوە کلتورە، کە کاریگەری لەسەر زمانو شێوازی ئاخاوتن دادەنێتو ڕێڕەو پێشهاتی زمان دیاریدەکات. زۆرێك لە بیرمەندان باوەڕیانوایە، کە سروشتو پێکهاتەی ڕستەو شێوازی ئاخاوتن لەهەر زمانێکدا پەیوەستە بە شێوازی کلتور و بیرکردنەوەی ئەو کۆمەڵگایەی، کە بەو زمانە دەدوێن. هەروەها جەختیش لەوە دەکەنەوە، کە پێکهاتەی ڕستە لەهەر زمانێکدا پەیوەندی بەو فەلسەفەو بیرکردنەوەوە هەیە، کە ئەو کۆمەڵگایە بەرهەمیدێنێت، لەم بارەیەوە فنك دەڵێت: (( پێویستە زمان وەك دەرهاویشتەی عەقڵی گەلان وێنابکەین، بۆ دەستەبەرکردنی توێژینەوەیەکی دووربینانەش، وەها پێویست دەکات لە عەقڵەوە نەك لە زمانەوە کەبەرئەنجامی عەقڵە دەستپێبکەین))[1].

نموونەگەلێکی زۆر هەن، کە کاریگەری کلتور لەسەر زمان دەردەخەن، هەروەك زۆرجار لەبەرامبەر کەرەستەیەکدا یان ڕوداوێکدا کە ڕەنگدانەوەی کلتوری ئەو کۆمەڵگایەیە، گواستراوەتەوە بۆ نێو زمان یاخود ئەو ڕوداوە لە زماندا ڕەنگیداوەتەوە، بوونی چەندین ناو و نازناو و ناونیشانەی وەك (عالیجناب، چاکر، جناب اغایی...) لە زمانی فارسیدا یان (ئاغا، دەرەبەگ، بنەماڵە...) نموونەی ئەو کاردانەوەیەیە، کە بەرەوڕووی کۆمەڵگای نەرێنی باڵادەست و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان دەبێتەوە، هەروەها بوونی چەندین وشەو چەمکی خێزانی لە زمانی فارسیو کوردی لەچاو هەندێك زمانی تری وەك ئینگلیزی جیاوازیی کلتوری زمانەکان لە ڕووی لاوازی پەیوەندی کۆمەڵایەتییەوە دەردەخات بۆ نموونە لە زمانی ئینگلیزیدا بۆ برای دایك و باوك تەنیا وشەی (uncle)و بۆ کچی خوشكو برا تەنیا وشەی (niece) هەیە،[2] بەڵام لە هەندێك لە زمانەکانی تردا بەهۆی گرنگیو پایەی خێزانی و کاریگەری کلتورەکەیان بۆ هەریەك لەو ناوانە وشەی تایبەت بەخۆیان هەیە هەروەك لە زمانی کوردیدا بۆ برای دایك (خاڵ)و بۆ برای (باوك) (مام) بەکارهاتووە، بۆیە دەوترێت (زمانی هەر میللەتێك بە تەنیا بگرین ئاوێنەو دەربڕی عەقڵ و هۆشو تێڕوانینی ئەو میللەتە خۆیەتی بەرامبەر بە سروشتو دەوروبەر جیاوازە لە زمانی میللەتانی تر، هەر ئەو تێگەشتنە جیاوازەشە دەبێتە بناغەی سەرهەڵدانی ئەو نیشانە تایبەتە گرنگ و بەرچاوانەی، کە مرۆڤ لە شتدا هەستیان پێدەکات دواتر لە ناوناندا بەکاریان

[1] جمعه سعید یوسف، (١٩٩٠: ١٥٧ )

[2] امانةالله قرائی مقدم،(١٣٧٨: ٥)

دەهێنێت )[1] . بەپێی ئەم بۆچوونە پێداویستییەکانی ژیانی کۆمەڵگاش دزەدەکاتە ناو کونوکەلەبەری زمانەکەو بەهۆی داڕشتنی وشەی جۆراوجۆرەوە ئاماژە بە واقع دەدرێت، بۆنموونە (لە ڕابردوودا گوندنشینە عەرەبەکان پێویستییەکی زۆریان بە حوشتر هەبوو، بۆیە چەندین ناو دانراوە بۆ دەنگو شێوازی ڕۆشتنی، بە هەمان شێوە بۆ شمشێریش، لە زمانی ئەسکیمۆدا دەیان وشە بۆ بەفر هەیە، کەچی لە زمانی ئینگلیزیدا تەنها یەك وشە هەیە)[2]، ئەمەش ئەوە دەسەلمێنێت کە پێداویستییەکانی کۆمەڵگا هەم بەهۆی زمانەوە بەرجەستەدەکرێت هەم چەشنی کلتورەکەش دەردەخات.

هەندێکجار کلتور ڕێگە لە هاتنەناوەوەی کۆمەڵێك وشەو چەمکی جیاواز دەگرێت، بەتایبەت وشە قەدەغەکراوەکان (تابۆ) کە زیاتر پەیوەندیان بە لایەنی دینی، سێکسی و پێکهاتەی بایۆلۆژی مرۆڤەوەو هەندێکجاریش سیستمی سیاسی و فەرمانڕەواییەوە هەیە. لە فەرهەنگی زمانی کوردیدا نموونەی زۆر وشەی تابۆ هەن کە چ بە هۆکاری دینی یان هەر هۆکارێکی دیکە بە ئاشکرا بەکارناهێنرێن، ئەمەش بەو مانایە دێت کە کلتور سانسۆر لەسەر بەکارهێنانی ئەو وشانە دادەنێت یاخود مەودای بەکارهێنانیان کۆتوبەند دەکات، لەگەڵئەوەشدا هیچکام لەو هۆکارانە وەك کاریگەری کلتور نەیانتوانیوە لەبەردەم فراوانی هەمەجۆری زماندا ڕێگربن.

کۆمەڵگای کوردی لەبواری پەیوەندی کۆمەڵایەتی و خێزانداریدا پەیوەندیەکی کۆمەڵایەتی بەهێزی هەبووە، بەڵگەی ئەمەش لە زماندا ڕەنگیداوەتەوە هەروەك پێشتر ئاماژەی بۆ کرا، بۆ نموونە هەریەك لە وشەکانی (مام، خاڵ، پور، دش، خەسو، هێوەر...هتد) سەلمێنەری ئەو ڕاستییەن. هەروەها لە پۆشینی جلوبەرگ و پێداویستییەکانی تریشدا لە میللەتانی تر جیاوازبووەو ئەم جیاوازییەش لە زماندا بەدیکراوە، هەروەك (مرادخانی، کوڵەباڵ، ستارخانی، فەقیانە، کڵاشو...) جگەلەمانەش لە زۆربەی بوارەکانی ترو بۆنە کۆمەڵایەتییەکانی تردا وشەی تایبەت بەو بۆنانە هەڵهێنجراوە، کە هەموو ئەمانە گەواهیدەری ئەو ڕاستییەن کە کلتور لە زماندا هەڵگیراوە.

---

[1] فاروق عومەر سدیق، (٢٠١١: ٣٩)

[2] جمعە سعید یوسف، (١٩٩٠: ١٥٦)

## ٥/١ کاریگەری ڕەهەندە کۆمەڵایەتییەکان لەسەر زمان

### ٥/١–١ کاریگەری ڕەگەز لەسەر زمان

زمان وەك هەر چالاکییەکی تری کۆمەڵایەتی لەگەڵ پلەو پێگەو ڕەگەز و ئاستی رۆشنبیری قسەکەرانیدا دەگۆڕێت، بەجۆرێك هەر پێکهاتەیەکی کۆمەڵایەتی بەشداری لە بەرهەمهێنانی بوارێکی دیاریکراودا دەکات هەروەك فەرهەنگی نێرو مێ. لە زۆربەی کۆمەڵگاکاندا ئاخاوتنی ژن و پیاو لەیەکتر جیاوازن، تەنانەت لە زۆرێك لە کۆمەڵگاکاندا ئەو فەرهەنگەی ڕەگەزێکیان بەکاریدێنێت، ڕەگەزی بەرامبەر ناتوانێت قسەی پێبکات.

جیاوازی نێوان قسەکردنی ژن و پیاو هەندێکی بایۆلۆژین وەك بەرزی چینەکانی دەنگ لای ئافرەت و ناسکی دەنگیان بەراورد بە پیاوان.[١] هەندێکی تریش لەو جیاوازییانە پەیوەندیان بە ئاستی دەنگسازیو ڕێزمانەوە هەیە، وەکئەوەی لە هەندێك لە زمانەکاندا جێناوی جیاواز بۆ ڕەگەزەکان بەکاردێت.[٢] لایەنێکی تری جیاوازییەکان جیاوازی ڕەگەزی کۆمەڵایەتییە، چونکە شێوە زمانییە ڕەگەزییەکان لە ئەنجامی تێڕوانینی کۆمەڵایەتی جیاواز بەرامبەر بە ڕەفتاری ژنانو پیاوان دروستدەبێت.[٣]

بەمپێیە دەکرێت ڕەگەز وەك چەمکێك بە سێ واتا بەکاربهێنرێت:[٤]

١. جیاوازی بایۆلۆژی کە بە ڕەگەزی سروشتی ناسراوە.

٢. جیاوازی لەنێوان جێناوەکان وەك (نێر)و (مێ) کە بە ڕەگەزی ڕێزمانی ناسراوە.

٣. جیاوازی لەنێوان ڕۆڵی کۆمەڵایەتی ژنو پیاو، کە بە ڕەگەزی کۆمەڵایەتی ناسراوە، مەبەستیش لێی جیاوازیی نێوان کەسەکانە لەسەر بنەمای ڕۆڵی کۆمەڵایەتیان.

دەربارەی دروستبوونی ئەم جیاوازییە ڕەگەزیانە ڕاوبۆچوونی جیاواز هەیە، (جێسپرسن) پێیوایە لە هەندێك حاڵەتدا جیاوازی ڕەگەزی پەیوەندی بە تابۆوە هەیە، ئاماژە بۆ ئەوە دەکات،

---

[١] نایف خرما، (١٩٧٨: ٢٤٠)

[٢] بە هزاد موحسین، (٢٠٠٨: ١١٧)

[٣] پیتر تراگیل، (١٣٧٦: ١٠٣)

[٤] جرج ویل، (١٣٨٥: ٣١٩)

که پیاوانی کارابی دەڕۆن بۆ جەنگ ئەو وشانەی بەکاریدەهێنن ڕێگەپێدراوە، بەڵام بۆ ژنان شومەو قەدەغەکراوە.[1]

بەشێوەیەکی گشتی دەکرێت تابۆ کاریگەری لەسەر گەشەکردنی وشەی جیاواز بەپێی ڕەگەز هەبێت، لەگەڵئەوەشدا تابۆ بۆ دروستبوونی دیالێکتی ڕەگەزی بنەمایەکی سەرەکی نییە، چونکە دوور نییە ئەو جیاوازیانە بۆ هەموو تاکەکانی تر بەبێ جیاوازیی ڕەگەزیی بگوازرێتەوە. دەستەیەکی تر ئەم جیاوازیانە بە ئەنجامی پێکدادانو تێکەڵابوونی زمانە جیاوازەکان دادەنێت، کە بەهۆی پێکدادانی کلتوریو کۆمەڵایەتیو ....هتد دێنەئاراوە.[2] لە لایەکی ترەوە نایەکسانی هێز وا لە تاکەکان دەکات، کە زمانێکی تایبەتیان هەبێت، هەندێکجار ئەم کاریگەرییە لەسەر قسەکردنی پیاوانیش دەبێت،[3] هەروەك (جیمەندانۆڤ) دەڵێت: ((هەندێکجار لە ئەنجامی قەدەغەکردنی وشەی پیاوانەو جیاکردنەوەی وشەکانی زمان بەپێی ڕەگەز، زمانێکی تایبەت بە ژن هاتووەتەئاراوە، وەك لە یەکێك لە نەتەوەکانی سیبریا (لوئرافیکدن/چوکچەکی) کە تا ئەمڕۆ دوو زمانیان هەیە زمانی ژنانو پیاوان))[4]. یەکێکی تریش لەو هۆکارانە، هۆکاری کۆمەڵایەتین.

ڕەگەز هەم بەرهەمی مامەڵکردنی کۆمەڵایەتییە، هەم بنەمایەکە بۆ ڕێکخستنی کۆمەڵایەتیو خەسڵەتی کەسێتی نییە.[5] لەمبارەیەوە دەوترێت (شێوە زمانییەکانی جوگرافیایی، نەتەوەیی و چینایەتی تاڕادەیەك بەهۆی دابڕانی کۆمەڵایەتییەوەیە، بەڵام شێوە زمانییە ڕەگەزییەکان بەهۆی جیاوازیی کۆمەڵایەتییەوەیە، کۆمەڵگا چاوەڕوانی ڕەفتاری جیاواز لە ژنانو پیاوان دەکات، بۆ نموونە شێوە زمانییە ڕەگەزییەکان دەرخەری ئەم ڕاستییەن)[6].

ژن لە پەیوەندی کۆمەڵایەتیدا توانایەکی بەهێزیان وەك پەیوەندی هاوڕییەتی نەك هێز و دەسەڵات هەیە، ئەم توانایەش لە بەکارهێنانی زماندا ڕەنگدەداتەوە.[7] بەجۆرێك توانای دەربڕینی خانمان بۆ هەستەکانیان جوانترەو لە قسەکردندا ڕوونتر دەستەواژەکانیان دەردەبڕن، هەمیشە جەخت لە دروستی ڕستەکانیان دەکەنەوەو بەهۆی زمانەوە زیاتر پارێزگاری لە

---

[1] پیتر تراگیل، (١٣٧٦: ١٠٦-١٠٧)

[2] زوبێر علی عارف، (٢٠١٢: ٩١)

[3] عباس محمدی اصل، (١٣٨٩: ٨١)

[4] شیلان ڕەحیم ئیبراهیم، (٢٠٠٤: ٢٣)

[5] کریستن نۆردستام، (٢٠٠٩: ٣٩)

[6] پیتر تراگیل، (١٣٧٦: ١١٥)

[7] نەوزاد ئەنوەر عومەر، (٢٠١٤: ١٠٥)

مانەوەی خۆیان دەکەن.[1] هەروەها لەپێناو بریندارنەکردنی بەرامبەرەکانیان پەیامەکانیان پتر بە شێوەی ناڕاستەوخۆ دەردەبڕن. بە بڕوای لاکۆف ژن زیاتر لە پیاو دوودڵترو ڕێزدارترن ئەم خەسڵەتەش لە زمان بەکارهێناندا دەردەکەوێت. هەروەها پێوایە شێوازی قسەکردنی ژنان لە شێوەی هەڵواسراودایە، لە جۆری شێوازی (ئایا وانییە، پێتوانییە وابێ)، کە شێوازێکە تایبەتە بە زمانی بەکارهێنراوی ژن، بە چەشنێکە دوودڵیو وریابوون دەگەیەنێت.[2] هەر سەبارەت بەم جیاوازیانە محمد مەعروف فەتاح دەڵێت: ((ئاساییە کە ئافرەت بە شێوازی تایبەتی خۆی قسەبکات، بە واتای ئەوەی چەند تەکنیکێکی تایبەت بەخۆی هەبێت لە ئاخاوتندا، کە ڕەنگدانەوەی باری کۆمەڵایەتی خۆی بێت و پەیوەندی بە کەسییەتی خۆیەوە هەبێت))[3]. ئەمە جگەلەوەی ژن لە کۆمەڵگەدا وشەی ناسکو دەنگی سەرسوڕهێنەری وەك (ئەی خۆشکی، داماو، ئازیز، توخوا، ئای خودایە ...هتد) بەکاردەهێنن، وە بەراود بە پیاو لە دەستەواژەی جۆراوجۆریتر بۆ ڕەنگەکان سوود وەردەگرن (پیازی، پرتەقاڵی، خەردەلی، شەرابی، کاهی ...هتد).[4] سەرەڕای ئەم جیاوازیانەش زمانی ژنان لێوانلێوە لە وشەی سۆزداری و نەرمونیانی.

پیاو فەرهەنگی لە هەندێك بابەت وەك ئابووری، وەرزش و ئەو لایەنانەی کە پەیوەندیان بە کارو پیشەی دەرەوەی ماڵەوە هەیە دەوڵەمەندترە، لە بارەی قسەکردنیشەوە دەوترێت، پیاو کەمتر لە ژن قسەدەکاتو بەپێچەوانەوە ژن قسەکانی درێژدەکاتەوە.[5] بۆ نموونە گفتوگۆی نێوان دوو پیاو بەمشێوەیە دەبیسترێت:

- چونیت
- باشم ئێوە چۆنن
- سوپاست دەکەم باشین

وەك دەبینرێت گفتوگۆکان زۆر کورتن و درێژەی پێنادرێت، بەڵام ئەگەر دوو ئافرەت بە یەك بگەن زیاتر درێژە بە گفتووگۆکانیان دەدەن:

- چۆنن باشن دەنگوباستان، شکور باشن
- ئێوە چۆنن وەڵا باشین، ئەوە بۆ دیار نین سەرێکتان لێ نەداین ...

[1] نایف خرما، (١٩٧٨: ٢٤٠)

[2] کریستن نۆردستام، (٢٠٠٩: ٣٩)

[3] محمد معروف فەتاح، (٢٠١٠: ٨٨)

[4] افسانە سعیدی، (١٣٨٩: ٢١٢)

[5] کریستن نۆردستام، (٢٠٠٩: ٢٣ )

بەم شێوەیە گفتووگۆکان درێژە دەکێشێت، ئەمەش لەکاتێکدایە کە ژن لەنێوان خۆیاندا بن، بەڵام کاتێك تێکەڵی پیاوان بوون و بابەتەکان لە سیاقێکی فەرمیدا باسکران، ئەوا پیاوان زیاتر قسەدەکەن.

بە شێوەیەکی گشتی ئەم جیاوازیانە بە دابڕانی ژن لە پیاو قوڵتر دەبنەوە، بەپێچەوانەشەوە جیاوازییەکان بەتێکەڵبوونی ژن و پیاو لە چوارچێوەی کۆمەڵگایەکی کراوەدا تەواو کەمدەبنەوە.[1] لە زۆربەی زمانەکاندا ئەو بۆچوونە دەخرێتە بەرباس، کە زمان لایەنگری پیاوەو دژی ژن. بۆ نموونە ئەگەر لە فەرهەنگدا سەیری هاوواتاکانی وشەی پیاو بکرێت (مێرد، زەلام، ئاغا) بە بەراورد بە هاوواتاکانی وشەی ژن (زەعیفە، خێزان،ماڵەوە)، ئەو ڕاستییە دەردەخات کە لە زۆربەی زمانەکاندا بەدیدەکرێت.[2] لە زمانی عەرەبیشدا کاتێك باس لە ژن و پیاو دەکرێت بە (مذکر) گوزارشتیان لێدەکرێت بەمەش ژنان ون دەبن. لە زمانی ئینگلیزیشدا چەند وشەو دەستەواژەیەك دەهێنرێتەوە، کە پاڵپشتی لە پیاوان دەکات. کاتێك دەوترێت (He is a profissnal) واتە خاوەن پیشەیەکی بەرز بۆ پیاوان، بەڵام هەمان ڕستە بۆ ژنان واتە ئەو ژنە زۆرزانە، یان بەکارهێنانی وشەی (Mester) بۆ پیاوان واتە بەڕێز، بەڵام بۆ ژنان واتە کاتەی هەست بە سۆزداری دەکەن.[3] بەرجەستەترین جیاوازی نێوان ژن و پیاو بریتیەلە ویستی ژنان بۆ قسەکردن بە شێوەیەکی نزیك لە زمانی ستانداردەوە، بە واتایەکی تر ژنان لەچاو پیاواندا باشتر قسەدەکەن، ئەگەرچی کەس ناتوانێت بە تەواوی وەڵامی ئەو پرسیارە بداتەوە، کە بۆچی ژنباشتر لە پیاو قسەدەکەن، بەڵام چەند خاڵێکیش وەك هۆکاری ئەو جیاوازییە خراوەتەڕوو:[4]

١. ژنان وەك ئەرکی سەرەکیان بە پەروەردەکردنی منداڵان ناسراون، بۆیە خۆنەویستانە قسەکردنیان لە گەشەی کۆمەڵایەتیانەی منداڵدا ڕەنگدەداتەوە.

٢. ژنان لەلایەن کۆمەڵگاوە فشاریان لەسەر دەبێت، کە وەك خانمێك جوان قسەبکەن و هەڵسوکەوت بکەن.

٣. ژنان زیاتر ئەو کارانە دەکەن، کە زیاتر گفتوگۆکردن، جێی هێزو ماسولکە دەگرێتەوە، هەرچەندە لەم چەند ساڵەی دواییدا جیاوازیە سروشتیەکان بەرەو نەمان چوون.

---

[1] نایف خرما، (١٩٧٨: ٢٤١)

[2] کریستن نۆردستام، (٢٠٠٩: ١٧ )

[3] نایف خرما، (١٩٧٨: ٢٤٢)

3- Jean, (1999 :108)

بەم پێیەی زمانجیاوازیی ڕەگەز بۆ هەردوو هۆکاری بایۆلۆژیو کۆمەڵایەتی دەگەڕێتەوە، بەجۆرێك بایۆلۆژییەکی هۆکارێکی جیهانی و گشتگیرە، هەرچی هۆکاری کۆمەڵایەتییە لەلایەکەوە کاردانەوەی لەسەر جۆری فەرهەنگی ژن و پیاو دەبێت، لەلایەکی تریشەوە کاردەکاتە سەر چەندێتیو چۆنێتی قسەکردن و شێوازی قسەکردنی ژن بەرامبەر بە پیاو، لەم ڕوانگەیەشەوە دەکرێت لە چەشنی کۆمەڵگاکان بکۆڵرێتەوە.

## ٢-٥/١ کاریگەری تەمەن لەسەر زمان

زمان بەپێی قۆناغە جیاوازەکانی تەمەن، کە لە منداڵیو مێردمنداڵی و هەرزەکاری و گەنجی و کامڵبوون و تا پیری دەگرێتەوە گۆڕانی زۆر، بەخۆیەوە دەبینێت، بەجۆرێك، کە فەرهەنگ و شێوازی قسەکردنی هەریەك لەو قۆناغانە بە ئاشکرا هەستی پێدەکرێتو بەئاسانی دەتوانرێت لەلایەن گوێگرانەوە سنوری تەمەنی قسەکەران دیاریبکرێت.[١] بەمەش توانای هەڵگرتنو دەربڕینی دەستەواژەکان لە کەسێکی بەتەمەنەوە بۆ کەسێکی گەنج جیاوازە، ڕەنگە کەسێکی بەتەمەن بەهۆی نەشارەزایی بە وشە قورس و نوێکان بە هەڵە بەکاریانبهێنێت، یان لەکاتی بەکارهێناندا واتاکانیان بگۆڕێت، بەپێچەوانەشەوە بەکارهێنانی کۆمەڵێك دەستەواژە و وشەی کۆن، کە بۆ نەوەی نوێ نەبیستراون، دەشێ لەلایەن نەوەی نوێوە بەکارهێنانێکی دروستیان نەبێت. ئەم هۆکارانە دەبنەهۆی ئەوەی بۆشاییەکی زمانی لەنێوان مەودای تەمەنەکاندا بەدیبکرێت، بەتایبەت لە هەندێ کۆمەڵگادا شێوازی قسەکردن لە گەورەوە بۆ بچوك و بەپێچەوانەشەوە چ لەنێوان باوکو منداڵدا یان هەر پەیوەندییەکی تردا بێت جیاوازە، بەمەش تەمەن دەتوانێت کاربکاتە سەر تەواوی هەڵسوکەوتەکانی مرۆڤ لە کۆمەڵگادا.

تەمەنی مرۆڤ بە چەند قۆناغێك دیاریدەکرێت، هەریەك لەو قۆناغانە سیماو خەسڵەت و ڕەفتاری جیاوازیان هەیە، کە گرنگترینیان جیاوازی زمانییە.

یەکەم قۆناغ، کە مرۆڤ پیایدا تێپەڕدەبێت قۆناغی منداڵییە. سەرەتا منداڵ کە لە دایکدەبێت توانایەکی فراوانی بۆ فێربوونی زمان هەیە، بەڵام توانای دەربڕینی نییە تەنها هەندێك کاردانەوەی بەرامبەر بە پاڵنەرە سروشتییەکانی وەك برسیەتی و ئازار هەیە، دواتر بەهۆی چەند هێمایەکی نازمانی کە دەربڕینی سەرەتایین پەیوەندی لەگەڵ دەوروبەر دروستدەکات، پاشان بە زمانو ناسینی هێماکان و بەکارهێنانیان ئاشنادەبێت.[٢] منداڵ لە دوای ئەم قۆناغە بەرەو قۆناغی

[١] کامبیز محمود زادە، (١٣٨٨: ٢٣)

[٢] محمد ڕەزا باطنی، (١٣٨٨: ١٤٣-١٤٤)

گڕوگاڵی و پاشان بەرەو قۆناغی فێربوونی دەنگ پاشان تاکە وشەو دوای ئەوە بەرەو دروستکردنی ڕستەی دوو وشەیی‌و بەرەوە زیاتر دەچێت. لەم قۆناغەدا (دایکوباوك یارمەتی منداڵەکانیان لەسەر ئاخاوتن بە زمانێکی تایبەت کە ناو دەبرێت بە زمانی منداڵ دەدەن)[١]، (کخ) بە شتی پیس و (چز) بەگۆشت‌و (بڤە) بە شتی خراپ نموونەی زمانی منداڵە. لە دوای ئەوە منداڵ دەتوانێت ڕستەی کورت و کۆمەڵێك وشەو دەستەواژە دەربڕێت، کە ڕاستەوخۆ دەتوانرێت هەستی پێبکرێت، هەندێك جار تەنیا بەشێکی ڕستەیەك دەردەبڕێت، بەڵام گوێگر تێدەگات مەبەستی چییە، بە تایبەت کەسە نزیکەکانیان کە دایك و باوکیانە هەروەك لەو ڕستانەی خوارەوە خراوەتەڕوو:

١. کاکە چوو لال بکات .

٢. نانو ئوف بوو.

٣. چێیشتەکە برژا.

هەریەك لە وشەکانی (لالا بکات، ئوف بوو، برژا)، ڕاستەوخۆ سەرنجت بۆ تەمەنێکی (١-٢) ساڵان ڕادەکێشێت. لەتەك ئەمەشدا پێویستە ئاماژە بەوە بدرێت کە منداڵ لەم قۆناغەدا ناتوانێت جێناوە کەسییەکان لە شوێنی خۆیاندا بەکاربهێنێت، (منداڵ لە کۆمەڵگایەکدا کە بە زمانی ئینگلیزی قسەبکەن سود لە ڕستەی (it broung I) وەردەگرێت بەڵام کەسانی پێگەیشتوو سود لە ڕستەی (I broumg it) وەردەگرن، هەرچەندە منداڵ ئەگەر ڕستەکەش بە ڕاستی بڵێت، ئەوا دەربڕینەکەی جیاوازدەبێت لە دەربڕینی کەسانی پێگەیشتوو، بێئەوەی پەرچەکردار بەرامبەر بەو شێوە دەربڕینە دروست ببێت).[٢] لەدوای ئەوەی منداڵ دەگاتە تەمەنی (٥-٦) ساڵی پێشئەوەی پێ بنێتە قۆناغەکانی خوێندن، ژمارەیەکی زۆر وشەی لە یادگەدا هەڵگرتووە، کاتێك دەچێتە خوێندنگا گۆڕانکاری بەسەردا دێت، چونکە لە قوتابخانە شێوەیەکی دیکە وەردەگرێت، کەواتەمنداڵ سود لە فێربوون وەردەگرێت‌و فێربوونی زمان و دەربڕینەکان بەشێوەیەکی دروست دەبێت، واتە ڕستەی ڕاست‌و دروست دەربڕێت.[٣] بەمەش منداڵ لەم قۆناغەدا فێری زمانی ستاندارد دەبێت، ئەو زمانەی لەخوێندندا پەیڕەو دەکرێت پەسەندە لای هەموو کۆمەڵگا، بە تایبەت لای چینی ڕۆشنبیران و میدیاکاران.[٤] دواتر بە هەڵکشانی تەمەن و

---

[١] نایف خرما، (١٩٧٨: ٢٣٨)

[٢] گای کوك، (١٣٨٩: ١٢)

[٣] سەرچاوەی پێشوو (١٣)،هەروەها بڕوانە نایف خرما، (١٩٧٨: ٢٣٩)

[٤] نایف خرما، (١٩٧٨: ٢٣٩)

پێنانە قۆناغی هەرزەکارییەوە وشەو دەستەواژەو دەربڕاوەکان بە بەراورد بە کەسانی پێگەیشتوو گۆڕانکاری بەسەر زمانەکەیدا دێت.[1] لێرەدا دەربڕینەکان وردەوردە گەشەدەکەن و لە گەشەکردنیش بەردەوامدەبن، تا ئەو کاتەی قۆناغەکانی خوێندن تەواودەکات لەوێدا دەگاتە ئاستێکی کامڵو خاون زمانو دەربڕینێکی جێگیر کە جێگای خۆی لە کۆمەڵگادا دەکاتەوە.[2] لە سیما دیارەکانی ئەم قۆناغە گۆڕانی تۆنی دەنگ و بەکارهێنانی زمانی ناوچەیی و سەرقاڵبوون بە بنیاتنانی ناسنامەی کەسی خۆیان بەرامبەر بە کەسانی تر.[3] دواتر مرۆڤ بەرەو قۆناغی کامڵبوون دەڕواتو گۆڕانکاری گەورە لە زمانەکەیدا ڕوودەدات، بەجۆرێك ئیدی بەهۆی ئەو فەرهەنگەی لەیادگەدا خەزنی کردووە، زانیاریی تەواو لەسەر دروستەو یاساو ڕێسا زمانییەکان، دەتوانێت گەمە بە زمانەکەی بکات و چۆنیی بوێت بە مەبەست و ناوەڕۆکی جیاواز بەکاریهێنێت.

دوا قۆناغ، قۆناغی پیرییە، بە هەمان شێوە زمان لەم قۆناغەدا بە بەراورد بە قۆناغەکانی تری تەمەن شێوازی جیاواز بەخۆیەوە دەبینێت، چونکە لە تەمەنی پیریدا مرۆڤ مێشك و گشت ئەندامەکانی تری جەستەی لاوازدەبێت و چالاکییەکانی کەمدەبێتەوە، زمانیش هاوشێوەی ئەندامەکانی تر بەهۆی پەیوەست بوونیان بە یەکترەوە چ لە ڕووی گۆکردنی دەنگەکان هەروەك خوێندنەوەی (مەتکەب لەبری مەکتەب و جوعمە لەبری جومعە) یاخود لە ڕووی فێربوونی وشەو زاراوەی تازە بەتایبەتی ئەو وشانەی بەهۆی تەکنەلۆژیاوە بەرهەمهاتوون، کەمتر توانای خەزکردن و بەکارهێنانیان هەیەو وردەوردە یادگەی بەرەو سستی دەچێت، لە هەمانکات هەندێ وشەو دەستەواژە تایبەتن بە بەتەمەنەکان هەروەك (عەمەلە، توفل، کۆستت نەکەوێت، ڕووسوور بیت، برات نەمرێت، خوا دەست بە باڵتەوە بگرێ، چرا، فتیلە، عمر درێژ بی، جغەرە، ...تاد).

تەمەن تەنها کاریگەری لە سەر ئاخاوتن جێناهێڵێت بەڵکو لە فێر بوونی زمانیشدا هەمان گرنگی دەبێت بە جۆرێك (منداڵ بۆ فێر بوونی زمان ئەستەمیەکی کەمتر دەبینێت بە بەراورد بە بەتەمەنەکانیتر، بە گشتی لە تەمەنی هەرزەکاریەوە دەبێت هەوڵێکی زیاتر بدرێت بۆ فێر بوونی زمان)،[4] جگەلەمەش تەمەن کاریگەری بەرچاوی هەیە لە فێربوونی زمان لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر.

---

[1] کامبیز محمود زادە، (١٣٨٨: ٢٣)

[2] نایف خرما، (١٩٧٨: ٢٣٩)

[3] هیمن عبدالحمید شمس، (٢٠١٣: ٢٢)

[4] کامبیز محمود زادە، (١٣٨٨: ٣١)

بەگشتی منداڵان بە بەراورد بە تەمەنێکی سەروتری خۆیان، زۆر بەخێرایی فێری زمانی دەوروبەرەکەیان دەبن بۆ نموونە (منداڵانی کەنەدی کاتێك کە دەچنە بەریتانیا، تەمەن نۆساڵ زۆر بە باشی توانای جیاکاری دەنگە بزوێنەکانی ناو پیتە ئینگلیزییەکان دەکەن، بەڵام ئەگەر تەمەنی بوو بە سیانزە ساڵو بەرەوژوور ئەوا ئەو توانایەی نامێنێت، کە وەك بەریتانییەکان ئەو دەنگانە دەربکەن)[1]. ئەمەش ئەوە دەخاتەڕوو، کە تا تەمەن بەرەو هەڵکشان بڕوات فێربوونی زمان لاوازترو هێواشتر دەبێت.

## ١/٥-٣ کاریگەری کات و شوێن لەسەر زمان

کات و شوێن دوو چەمکی بە یەکەوەگرێدراون، ئامادەنەبوونی هەریەکێکیان کاریگەری لەسەر ئەویتر دەبێت، پەیوەندیشیان بە زمانەوە زۆر گرنگە، چونکە (هەرگۆڕانێك لە کات و شوێندا ڕوودەدات کاریگەری خۆی لە سەر ڕەوتی زمان دادەنێت، لێکۆڵەرانیش هەر لە زووەوە کاریگەری ئەم دوو چەمکەیان لە سەر زمان بە هەند وەرگرتوەو بە بایەخەوە لێیان ڕوانیون)[2].

سەبارەت بە کات (مرۆڤ بە هەستکردنی بەوەی، کە لەناو مێژوودا گوزەردەکات بۆی دەردەکەوێت دیاردەیەك هەیە (کات)ە، بەڵام چیەو لە چییەوە هەڵقوڵاوە؟ ئەوەیان ئاسان نییە بزانرێت، شتێك نییە ببینرێت تاکە ڕێگایەك کە پێی باس بکرێت زمانە).[3] (سۆرکنو مێرتن) پێیانوایە (( کات لە دیاردە کۆمەڵایەتییەکانی تر دەچێت، دەکرێت بەهۆی چۆنییەتی کارکردنی لە تێکڕای کۆمەڵگادا ڕاڤەبکرێت، پێیانوایە کات لەنێوان ئەو چالاکییە جۆراوجۆریانەی، لە کۆمەڵگادا ڕودەدەن، ئەرکی ڕێکخەریی هەیە، چونکە هەر کۆمەڵێك کاتی خۆی وا دادەنێت، کە لەگەڵ ڕەفتاریدا ڕێکبکەوێت))[4].

زمان بە شێوەیەکی سروشتی (لە چەرخە جیاوازەکاندا گۆڕانکاری گەورەی بەسەردا هاتووە، بە جۆرێك ئەگەر لەم ڕوانگەیەوە سەیری هەر زمانێك بکەین، ئەوا لەڕووی وشەو پێکهاتەوە لەگەڵ هەمان زمانی سەدەیەك پێش ئێستای زۆر جیاوازە)،[5] بەمپێیە زمان بەپێی کات گۆڕانکاری بەسەر ئاستەکانیدا دێت، کە هەریەك لە ئاستی فۆنۆلۆجی، مۆرفۆلۆجی، سیمانتیك/فەرهەنگ و

---

[1] Llamas,Mullany, & Stockwell, (2005.70)

[2] هادی نهر، (١٩٨٨: ٩٢)

[3] فوئاد عبدولڕەحمان، (٢٠٠٩: ٥٥)

[4] بەهار زایر، (٢٠٠٩: ٢٧)

[5] کامبیز محمود زادە، (١٣٨٨: ٢٥)

سینتاکس دەگرێتەوە. ئەگەر زمانی کوردی بە نموونە وەربگرین و بگەڕێینەوە بۆ چەند ساڵێك، نیو سەدە یان سەدەیەك پێش ئێستا تاکو ئەمڕۆ، دەبینرێت گۆڕانی زۆری بەخۆوە بینیووە، بە تایبەت لە ئاستی فەرهەنگ و وشەسازیدا. لە ڕابردوودا کۆمەڵێك وشەو چەمك هەبوون، کە لە ئێستادا زۆر بە کەمی بەکاردەهێنرێن، یاخود تەنیا کۆمەڵێك کەسی دیاریکراو بەکاریاندەهێنێت بەتایبەتی کەسە بەتەمەنەکان، بۆ نموونە وشەکانی (بەردی ئاش، کوندە، خورج، مەن، قزناخ، تەغار ...هتد). لە ئێستاشدا کۆمەڵێك وشەو دەستەواژە بەکاردەهێنرێن، کە بەرهەمی تەکنۆلۆژیاو بیری نوێن، وەك وشەکانی (مۆبایل، ئینترنێت، کۆمێنت، لایك، هاککردن ...هتد)، کەواتە ((وشەکانی زمان، زایەو ئاوێتەی هۆش‌و بیری سەردەمی جوداجودان‌و هەموشیان پێکەوە فەرهەنگی زمان پێکدەهێنن، بۆیە لە شیکردنەوەی چەمك و واتای وشەدا ناکرێت خۆت ببەستیتەوە بە بیروباوەڕو سەردەمێکی دیاریکراوەوە، چونکە سەردەمی جیاواز هۆش‌و بیری جیاواز لەگەڵ خۆیاندا دەهێنن و وشەی جیاوازیشی لێدەکەوێتەوە))[١].

تەنانەت کاریگەری کات ڕەنگدانەوەی لەسەر شعری شاعیران‌و نوسەرانی کورد بە جێهێشتووە، بۆ نموونە ئەگەر هەریەك لە شاعیرەکانی (نالی، سالم، کوردی، مەحوی ...هتد) وەربگرین، یان ئەگەر سەیری نووسینەکانی (توفیق وەهبی، سەعید سدقی کابان‌و نوری علی ئەمین ...هتد) بکەین، دەبینین شعرو نوسینەکانیان تیکەڵەیەکە لە وشەی عەرەبی و فارسی‌و تورکی، بەڵام بە تێپەڕینی زەمەن و نزیکبوونەوە لەم سەردەمە لەبری زمانێکی تێکەڵ، بەگشتی زمانێکی کوردی ڕەوان، بەهۆی بەرهەمهێنانی فەرهەنگێکی کوردییەوە رەچاودەکرێت.

ڕەنگە ئاڵۆزی پێکهاتەی وشەکان و بەکارهێنانی وشەی بێگانە لەو سەردەمانەدا بۆ شاعیران دەستکەوتێك بووبێت، بەڵام بەدرێژایی کات زمان بەرەو سادە بوون هەنگاوی ناوە، بەتایبەت لە ئاستی وشەو فەرهەنگدا. خاڵێکی گرنگ کە ناکرێت فەرامۆش بکرێت، گۆڕانی فۆنتیکی دەنگە لە وشەکاندا، چونکە (وشە بەدرێژایی تەمەنی نەك هەر واتای تریان لێباردەکرێت، بەڵکو دەکەونە بەر بەرداشتی ئیکۆنۆمی لە فۆنۆتیکدا، بەمەش ژمارەی فۆنێمە پێکهێنەرەکانی تا ئەو کاتەی واتاکەی لای قسەکەرانی سەردەمێك تێك نەچێت کەمتر نابێتەوە)[٢].

شوێنیش بەهەمانشێوەی کات کاریگەری لەسەر زمان هەیە، کە لە هەردوو ڕەهەندی سنوری جوگرافیایی‌و ڕەهەندی کۆمەڵایەتییەوە ئاماژە بە کاریگەرییەکەی دەکرێت؛ کاریگەری شوێن وەك سنوری جوگرافیا لە چێوەی زانستی زمانی کۆمەڵایەتیدا، شکۆمەندی لە بوون بە زمانی

---

[١] فاروق عومەر سدیق، (٢٠١١: ٦١)

[٢] سەرچاوەی پێشوو، (٦٢)

ستاندارد هەیە، بەجۆرێك هەندێك شوێن لە هەڵبژاردنی زارێکی ناوچەیی بۆ بوون بە زمانی ستاندارد ڕۆڵدەبینێت، بۆنموونە شاری (مەککە) وەك ناوەندێکی کلتوری و سیاسی لە نیمچە دوورگەی عەرەب بەهۆی بوونی کەعبەو پاشخانە فراوانە مێژوویەکەی قورەیشی پێشخست و زمانەکەشی بوو بە زمانی ستاندارد یان زمانێکی ئەدەبی نموونەیی.[١]

زمانی لاتینیش بەهۆی ناوداریو هەیبەتی ڕۆماوە، بوو بە زمانی فەرمی و فەلسەفی و شارستانی، کاری کردە سەر زمانەکانی دیکەش وەك زمانی ئینگلیزی و فەڕەنسی، بەتایبەت ئەم کاریگەرییە لە دوای شۆڕشی ڕێنسانسەوە لە شاری لەندەنو پاریس دەرکەوت.[٢] بۆ زمانی کوردیش جیۆپۆڵتیکی شوێن و کۆمەڵێك فاکتەری تر هۆکاربوون، بۆئەوەی شێوەزاری سلێمانی ببێتە زمانی دەسەڵاتی سیاسی میرنشینی بابانو بزافی ڕووناکبیری کوردی.

گۆڕانی زمان بە کاریگەری شوێن، دیاردەیەکی سروشتییە، بەڵگەش بۆ ئەمە بوونی دیالێکتە ناوچەییە جیاوازەکانە لە چوارچێوەی یەك زماندا.

دەکرێت لە دوو ڕوانگەوە گۆڕانی جوگرافیایی زمان دیاریبکرێن، کە بریتیین لە هێزو ئاوازەو فەرهەنگ، ئەمەش بەو مانایە دێت کە زمان بەپێی سنوری جوگرافیایی هەم بەکارهێنانی وشەی جیاواز بۆ یەك کەرەستەی دیاریکراو، هەم جیاوازییە لە ئاوازی دەربڕیندا. بۆنموونە لە زمانی فەڕەنسیدا بەپێی ناوچە جیاوازەکان تەنیا بۆ کارێکی وەك (تێکدانی زەڵاتە)، چەندین کرداری جیاوازیان هەیە، هەروەك لە پاریس کاری (Remues)، (Restosen) لە باشوری ڕۆژهەڵات کاری (Tonrnet) لە باکور کاری (Lange) بەکاردەهێنرێت.[٣] لە زمانی فارسیشدا بۆ (پەتاتە) (سیب زمینی) بەکاردەهێنرێت، بەڵام لە شیرازیدا پێی دەوترێت(ئالو)، بەهەمان شێوە بۆ وشەی ( زاوا) بە ئەسفەهانی دەوترێت (خارسو) بەتارانی (خواهر شور)ی پێدەوترێت.[٤]

لە زمانی کوردیشدا هەم بەهۆی ئەو سنورە دەستکردانەی لە لایەن دەوڵەتە زلهێزەکانە کێشراوە، هەم سنورە سروشتییەکان، ئەم جیاوازییە زمانیانە زیاتر ڕووندەبنەوە، چ جیاوازی ئەکسێنت لەسەر ئاستی سنورە جوگرافییەکان چ جیاوازیی فەرهەنگی و سینتاکسی، بۆ نموونە وشەی (پور) لە شێوەزاری سلێمانی و (پلك) لە شێوەزاری هەولێری و لە هەڵەبجە (دییە)و

---

[١] سەلام ناوخۆش، (٢٠١٠: ٩٨)، هادی نهر، (١٩٨٨: ٩٢)

[٢] سەلام ناوخۆش، (٢٠١٠: ٩٩)

[٣] عباسعلی رضایی، مجموعه مقالات (١٣٧٣: ١٣١-١٣٢)

[٤] کامبیز محمود زادە، (١٣٨٨: ٢٦)

هەروەها لە سنەو مەریوان (میمك)و لە سەقز (پور)  بۆ خوشكی باوك یان بە هاوبەشی بۆ خوشكی باوكو دایك بەكارئەهێنرێت.

ڕەنگە بەكارهێنانی وشەی جیاواز بەرامبەر بە زمانی فەرمی، یان بۆ پیشاندان و پاراستنی زمانی ناوچەیی بێت، یان پەیوەندیان بەلایەنی مێژووییەوە هەبێت، كەواتە ئەگەر لە كاریگەری شوێن لەسەر زمان بكۆڵرێتەوە، ئەوا گریمانەی ئەوەی لێدەكرێت لە زۆربەی شوێنە جیاوازەكانی دونیادا هەمان ئەنجام دەستبكەوێت، بەجۆرێك ئەنجامەكە بەپێی گۆڕینی جوڵەی ئاڕاستەی شوێنەكان بریتییەلە كەڵەكەبوونی جیاوازیی زمانی گەورەو بچوك،[1] بۆ نموونە ئەگەر كۆمەڵێك گوندو لادێ لەسەر هێڵێكی جوگرافی جیاواز ڕیزببكرێنو ئاستی تێگەیشتنی ئاخێوەرانی ئەو گوندانە لەیەكتر بەپێی ژمارەی ڕیزبەندی گوندەكان دیارییبكرێن، ئەوا ئەو ئەگەرەی لێدەكەوێتەوە، كە گوندی ژمارە یەك زۆر بە باشی لە ژمارە دوو دەگات، بە باشیش لە ژمارە شەش دەگات، لە گوندی ژمارە سیانزە تاڕادەیەك تێنەگەشتن ڕوودەدات، بەڵام لە گوندی ژمارە بیستو پێنج گرفتی تێنەگەیشتن دێتەئاراوە، بەو واتایەی ئەو گوندانەی كە لەسەر هێڵێكی جوگرافی ڕیزبوون، ڕاستە هەموویان هەمان تێگەیشتن و زیرەكیان بۆ زمانەكە نییە، بەڵام ئەوەی بووەتەهۆی ئەو جیاوازییە گەورەیەی زمانی مەودای دووری جوگرافییە.

ئەگەر ئەم هاوكێشەیە بەراوردبكەین بە زمانی كوردیو هەریەك لە ناوچە جیاوازەكانی (سلێمانی، هەولێر، دهۆك و هەكاری) بە نموونە وەربگرین، دەبینین سلێمانی زۆر بەباشی لە هەولێر دەگات بە ڕادەیەكی باشیش لە دهۆك دەگات، هەرچەندە هەندێكجار لێكنەگەیشتنێكی كەم ڕوودەدات، بەڵام لەگەڵ هەكاریدا جیاوازییەكان زۆرتر دەبن و مەودای لێكنەگەیشتن فراوان دەبێت.




كاریگەری شوێن، وەك بۆنەی كۆمەڵایەتی كاریگەری لەسەر جۆری هەڵبژاردنی فەرهەنگ هەیە، بەجۆرێك ئەو فەرهەنگی لە شوێنێكی وەك زانكۆ، خوێندنگاكان بەكاردەهێنرێت، جیاوازە لەو

[1] chambaer, (2004: 5)

فەرهەنگەی لە شوێنێکی نافەرمی وەك ماڵ یان بازاڕدا بەکاردەهێنرێت. زۆرکات شوێنێکی وەك بازاڕ، ناوەندێکی بازرگانی، زانستی، ئەکادیمی، گەشتوگوزار... تاد کاریگەری لەسەر بەرهەمهێنانی وشە و دەستەواژە و زاراوەی نوێ تایبەت بەو شوێنە دەبێت، بۆ نموونە دیاریکردنی فەرهەنگ بەپێی کەتیگۆرییە کۆمەڵایەتییەکان کاریگەری شوێن لەسەر زمان دەخاتەڕوو.

أ. پیرۆزتان بێت پیرو خەڕۆ بن.
ب. خوا عەفوی بکات.
پ. بە هەزار دڵی خەسوەکەت خۆشکە.
لێرەدا هەریەك لەم دەستەواژانە دیاریکەری شوێنەکەشن یان بە ڕوونتر بڵێین شوێنەکە هۆکاری سەرەکی دەرکردنی ئەو دەستەواژانەیە، بۆ نموونە (أ) شوێنێکی ئاهەنگ ئاسایە، (ب) شوێنێکی پرسەئاسایە، (ج) بازاڕە.*
بە لێکدانی کاریگەری کات و شوێن گۆڕانی گەورە بەدیدەکرێت لە دەربڕینی زمانیدا بە چەمك و واتای نوێوە چ فەرهەنگی بێت چ بارکراو

## ٤-٥/١ کاریگەریی ئایین لەسەر زمان

ئایین بە ئاسمانیو زەمینییەکانەوە، گوتارێکی رۆحی و دەروونییە، بەشێکی گرنگی ژیانی مرۆڤەو بەهۆی بەهاو نەریت و یاساکانییەوە بناغەیەکی گرنگی زمان و شارستانییەت پێکدەهێنێت، گۆڕانی بەرفراوان لە کۆمەڵگادا دروستدەکات و ئەم گۆڕانانەش کار لە مەودای زمان دەکەن، بەجۆرێك لە هەر زمانێکدا و بەپێی پێڕەوی ئەو ئایینە دیاریکراوە کۆمەڵێك وشە و دەربڕاو هەن کە گوزارشت لەو ئاینە دەکەن، بۆ نموونە هەریەك لە وشەکانی (حەج، تەواف، زەکات، سەدەقە، قوربانی، حەدیس، بەرات...تاد) لەتەك دەربڕاوەکانی (بە شێخی سێ موسێ، بە ئەسحابە، قەزاوقەدەر بوو،...تاد ) ئاماژە بە ئاینی ئیسلام دەدەن.
ئایینەکان لەسەر بنەمای پیرۆزی و ناپیرۆزی، حەڵاڵو حەرام، چاکەو خراپە، بۆ ڕەفتارو ڕەوشتو ژیانی مرۆڤ کردووە، (دۆرکایم )پێیوایە (خەسڵەتی هەرە جیاکەرەوەی ئایین بریتییە لە

* لێرەدا مەبەست لە (ئاهەنگئاساو پرسەئاسا)، دەشێ ماڵ یان یانەیەك یان شوێنێکی گشتی وەك سەیرانگایەك بێت بۆ ئاهەنگو بۆ پرسەئاساش مەبەست لە ماڵ یان مزگەوت یان خێمەی پرسەگێڕان بێت، گرنگ ئەوەیە دەستەواژەکە بەرهەمهاتووی یەکێك لەو شوێنانەیە.

دابەشکردنی جیهان بەسەر دوو مەملەکەتدا، کە ناکۆکن لە گەوهەردا، یەکەمیان پێکهاتوون لەوانەی، کە پیرۆزن و ئەوی دیکەش پێکهاتووە لەسەر ئەوانەی کە ناپیرۆزن "ناپاك یان قێزەون")[1]. لەسەر ئەم بنەمایە هەموو ئایینێك کۆمەڵێك کۆتوبەند لە سەر زمان دادەنێت، بە تایبەت ئەو بابەتانەی دەچنە چوارچێوەیەکی حەرامەوە وەك وەسفی ئافرەت و وشەی بریندارکەر بە دینەکە یان کفرکردن بوختان و درۆکردن، ئایین هاندەرێکە بۆ دوورکەوتنەوە لەو وشانە. بەشێکی زۆری پەیڕەوکەران، ڕەچاوی ئەم یاساو کۆتوبەندانە دەکەن، کە ئایین بۆی دیاریکردون، چونکە (بواری دینی، لای مرۆڤ هەمیشە بوارێکی پیرۆزو پڕ بەهاو مقەدەسە، بۆیە بەردەوام لە هەوڵ و تەلاشدایە بۆئەوەی وشەکانی زمانەکەیان، بە ڕێك و پێکی و بە واتای خۆیان بێ لادان لەکاتی پێویستدا بەکاربهێنن)[2]. بەمپێیە ئایین لە هەڵبژاردنی وشەو چەمکەکان کاریگەری ڕاستەوخۆی هەیە، هەروەها کاردەکاتە سەر بەکارهێنەرانی زمان لە هەموو بوار و بۆنەو بارودۆخێکدا.

ستیف کۆتۆن ١٩٨٦ لەبارەی چۆنییەتی سلاوکردن لەنێوان دوو گروپی ئاینی جیاوازدا، بەراوردکردنێکی ئەنجامداوە، کە یەکەمیان پیاوە ئایینیەکان (سادات) بووە کە لەناو گوندەکاندا نیشتەجێبوون، دووەمیان پیاوە خێڵەکییەکان بووە، کە لە دەوروبەری دێکاندا ژیانیان بەسەربردووە، وەك تێبینیکرا کاتێك لەنێوان خۆیاندا (هاوئاست) سلاودەکەن، شێوازی سلاو کردنیان جیاوازە.

نمونەی سلاوکردن، کە سەرەتا سلاوکردنی پیاوە ئایینیەکانە لە خوارەوە دەیخەینەڕوو:[3]

أ. سلاو

ب. سلاو لە تۆ، خوا تەمەنت درێژ بکات.

أ. تەمەنی توش درێژبکات.

بەلام لە ناو ئەندامانی خێڵەکییەکاندا جیاوازەو هاوشێوەییەك لەنێوان قسەکانیاندا هەیە:

أ. خوا قوەتت بدات

ب. خوا ڕزگارت بکات

---

[1] ئاسۆ جەبار، (٢٠٠٥: ٢٠٥ )

[2] فاروق عومەر سدیق، (٢٠١١: ٥٣)

[3] Agha,(2007: 262)

أ. تەمەندرێژی بۆ تۆ

ب. تەمەن درێژی بۆ تۆش

لێرەدا دەبینرێت لەنێوان پیاوە ئایینیەکاندا پرسیارو وەڵامەکان کەمتر هاوشێوەن، بۆ نموونە کاتێك کەسی یەکەم سڵاو دەکات، کەسی دووەم بە کورتی وەڵامی دەداتەوە چاوەڕێی کەسی یەکەمە ڕستەیەکی تر بڵێت، بەڵام خۆی دەستپێشخەری دەکات هەواڵپرسینەکە دەستپێدەکات. بەڵام لە خێڵەکییەکاندا لە پرسیارو وەڵامدا وەك ئاوێنەی یەکترن. کەواتە (بەشێکی زۆری ئەم جیاوازیانە دەگەڕێتەوە بۆ ڕەوشتە ئایینیەکان کە سەرچاوەیان لە تێکستە پیرۆزەکان بە تایبەتی لە (قورئان)ەوە وەرگیراوە. بە واتایەکی تر وەڵامدانەوەی سڵاوی بەرامبەر وەك خۆیو جوانتر لە خۆی، ئاماژەیە بۆ پابەندیو بڕواداری خۆشەویستی قسەکەر بۆ خواو ئایینەکەی)[1] .

وەك چۆن ئایینەکان بۆ بەکارهێنانی وشەی جوان هانی پەیڕەوکەرانیان دەدەن، بە هەمان شێوەش ڕێگری لە بەکارهێنانی وشەی نەشیاوو قێزەون دەکەن.

لەڕاستیدا بەکارهێنانی دەربڕینی نەشیاو بەشێکی زۆری دەگەڕێتەوە بۆ پابەندنەبوون بە ئایینەوە، (پەروەردەکردنی منداڵ لە خێزانێکی ئایینیدا، بەجۆرێکە کە چەندین هەستی ئەرێنی دەربارەی ئایینو خودا دراوە بە گوێیدا و بەگشتی بووەتەهۆی گۆشەکردنێکی ئەرێنیانە بۆ ئایینو خوداو پیرۆزییەکان، بە پێچەوانەوە گەورەکردنی منداڵ دوور لە ئایینو پیرۆزییەکان، زۆرجار مایەی سوکایەتیکردن بووە بە ئایین و لە جنێوەکانیاندا بەهاکان تێوەدەگلێنرێن، هیچ ڕێزێك لە ناخی منداڵدا بەجێناهێڵێت بۆ ئەو پیرۆزیانە)[2]

کاریگەری ئایین تەنها لە هەڵبژاردنی وشەو دەربڕاوەکاندا نییە، بەڵکو ئایینەکان هۆکارێکی گرنگن بۆ بەهێزکردن و پاراستنی زمان و ڕزگارکردنی وشەکان لە فەوتان، بۆ نموونە ئایینی زەردەشتی ئەگەرچی لە ئێستادا لە ناو بەشێکی کەمی کوردەکاندا پەیڕەودەکرێت، بەڵام هۆکارێك بووە بۆ پاراستنی وشەکانی زمانی کوردی لە نەمان، ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ فیلۆلۆژی وشەکانی زمانی کوردی دەبینین ئاڤێستا چەندین وشەی کوردی لە فەوتان پاراستووە:[3]

لە لایەکی ترەوە ئایینی ئیسلامیش کاریگەری لەسەر زمانی کوردی هەبووە، وەك چۆن کلتوری عەرەبی بەسەر کلتوری کوردیدا زاڵ بووەو ئاوێتەی بووە، بەهەمان شێوەش لە ڕێی ئیسلامەوە زۆر وشەی عەرەبی هاتووەتە نێو زمانی کوردییەوە، چونکە ناکرێت کلتورو ئایینی نەتەوەیەك

[1] Agha,(2007: 262)

[2] jule (2005: 6)

[3] سەلام ناوخۆش - نەریمان خۆشناو،(٢٠٠٩: ٢٣٥)

هاتبێتە ناو نەتەوەیەکەوەو کاریگەری لەسەر زمانەکەی جێنەهێشتبێت، بۆیە نەك تەنها وشەی عەرەبی بەڵکو سنوری ناوی تایبەتیشی بەزاندووە، وەك (حەج، تەڵاق، زەکات، محمد، عمر، تالب، عسمان، سابیر ...هتد)، جگەلەمەش ئەم کاریگەرییەی ئایینی ئیسلام پەلی بۆ بوارەکانی تریش بە تایبەتی بواری ئەدەبیو هونەری هاویشتووە، (لە سەردەمی دەسەڵاتی میرنشینی بابان و بۆتاندا دوو قوتابخانەی ئەدەبی سەریانهەڵدا کە کاریگەری قورئان و وشەکانی قورئان لە زۆربەی شعرەکانی نالی و سالم و جزیری و خانیدا دیارن)[1]. لە لایەکی ترەوە قورئانی پیرۆز گرنگترین هۆکاربووە بۆ بەهێز بوونو پاراستنی زمانی عەرەبی، بەجۆرێك (هێزی زمانی عەرەبی لەوەدا بوو، کە قورئانی پێنوسراوەتەوە و ئایینی ئیسلامی پێ بووە بەو شارستانیەتە کە عەرەب مەزنترین ڕۆڵی تێدابووە)[2]. بەمەش عەرەبی قورئانی (کلاسیك) جیاوازی هەیە لەنێوان دیالێکتەکانی تری زمانی عەرەبیو وەك زمانێکی باڵا سەیر دەکرێت.

## ٥/١–٥ کاریگەری سیاسەت لەسەر زمان

لەڕاستیدا تێگەیشتن لە چەمکی سیاسەت بەبێ تێگەیشتن لە چەمکەکانی کلتور، ئاین، زمان، دەسەڵات ئاسان نییە، بۆیە پێناسەکردنی وردی ئەم چەمکە ئەستەمەو، دەکرێت وەك چەمکێکی ئاڵۆز و پەیوەست بە چەندین چەمکی ترەوە پێناسەبکرێت. جەوهەری سیاسەت چ وەك بەڕێوەبردنی خودی تاکو چ وەك توخمێکی حزب و دەسەڵات و کلتور لەلایەکەوە بەهۆی ڕەفتار، زمانەوە بەرجەستەدەکرێت، لەلایەکی تر خۆی دەبێتە ناوەندی بەرهەمهێنانی وشەی نوێ، بەجۆرێك چەشنی سیستمی سیاسی حوکمڕانییەکە چەشنی بەرهەمهێنانی فەرهەنگەکەش دیاریدەکات، بۆنموونە لەو وڵاتانەی سیستمە سیاسییەکە ڕێگە بە ڕاوبۆچوون و فرە حزبی دەدات، ئەوا بەرهەمهێنانی وشەی نوێ مۆرکی حزبەکان وەردەگرێت، بە پێچەوانەوە ئەو سیستمە سیاسیەی ڕێگە لە بیرکردنەوەو بیروبۆچوونی جیاواز دەگرێت، فەرهەنگێکی توتالیتاریانە دێنێتەبەرهەم.

کلتورەکان، سیستەمە سیاسییەکان دروستدەکەن و کاردانەوەی لەسەر بوارە کۆمەڵایەتییەکانی تر دەبێت کە گرنگترینیان زمانە، وەك ئاماژەشی پێدرا زمان ئاوێتەی سیستەمی حوکمڕانییە، گەر سیستەمەکە سیستەمێکی کراوە بێت، جیاوازییەکان لەخۆبگرێت، زمانیش لەناو ئەم

---

[1] سەلام ناوخۆش، (٢٠١٠: ٢١)

[2] فوئاد عبدولڕەحمان، (٢٠٠٩: ٧٨)

سیستەمەدا گەشەدەکات. بەپێچەوانەوە گەر سیستەمەکە سیستەمێکی داخراوو تۆلیتاری بێت بیرکردنەوەکانیش داگیردەکات. (جۆرج ئۆرۆیل) باوەڕی وایە (سیاسەت سەرقاڵە بە دەسەڵاتەوە، ئەو دەسەڵاتەی، کە بڕیارەکان دەردەکات سەرچاوە سروشتییەکان کۆنترۆڵدەکات، دەست بەسەر هەڵسوکەوتی خەڵکیدا دەگرێت بە بەها و پیرۆزیەکانیشیانەوە، هیچ ڕێیەك نییە بۆ دەربازبوون لە سیاسەت بە زمانیشەوە)[1]. لە بەکارهێنانی هێزی سیاسەتدا زمان بە شێوەیەکی بەردەوام بەکاردەهێنرێت، چونکە زمان بەشێوەیەکی بەردەوام لە خزمەت هێزی سیاسی کۆمەڵگادا بووە و بە هێزو ئابلۆقەی زمانی، گروپی کەمینەیی و ڕەفتاری ئەو گروپانە کۆنترۆڵدەکرێت، هەروەك قەدەغەکردنی زاراوەی زمانی کوردی لە تورکیا نموونەیەکی زۆر زیندووە.[2]

کاریگەری ئەم چەمکە لەسەر زمان بەرفراوانە، زۆرجار بە کاریگەری تەوژمی سیاسی کۆمەڵێك چەمك و وشەی نوێ دەخزێتە ناو زمانەوە، فەرهەنگی زمانی پێ دەوڵەمەند دەبێت وەك (سۆسیالیزم، ئیمپریالیزم، تولیتارێت، فیدراڵی، بیرۆکراسیەت، مۆنۆپۆڵ.... هتد) سیاسەت کاردەکاتە سەر جۆری هەڵبژاردنی وشە و دەربڕاوەکان، هەندێکجار وادەکات کۆمەڵە وشەو چەمکێك بەرهەمبهێنرێت، کە تایبەت بێت بە کۆمەڵێك یان گروپێکی سیاسیی دیاریکراو بەڵام بەکارهێنانی لەلایەن گروپێکی سیاسی ترەوە ڕێپێنەدراو بێت، دیارە ئەمەش بەپێی سەردەمەکان دەگۆڕێت بۆ نموونە بڕوانە وشەکانی (براکوژی، چەتە، جەلالی، مەلایی، ڕەفیق حزبی...تاد) بەپێی کات و سەردەمی سیاسی. یاخود جیاوازیی گروپە سیاسییەکان جیاوازیی بەکارهێنانیشی لێدەکەوێتەوە هەروەك وشەکانی (خوێندکار، فێرخواز، قوتابی) بەرامبەر بە وشەی (**طالب**)ی عەرەبی، کە بێگومان زۆرجار ئەمەش دەبێتە هۆی بارگرانی بۆ قسەپێکەرانی زمانەکە.

بەمپێیە سیاسەت بەپێی جۆری حوکمکردنی، کاریگەری لەسەر کرانەوەی زمان و چونێتی فەرهەنگی زمان دادەنێت، ئەمیش جارێکی دیکە بەهۆی پێکداچوونی لەگەڵ کۆمەڵدا پراگماتیکیانە بەکاردەهێنرێت.

---

[1] .Thomas, and wreing, (1999: 29)

[2] برنارد اسپالسکی، (١٣٨٧: ٨٧)، Bernard Spolsky (2008: 59)

## ١/٢ واتا و واتاسازی)

### ناساندنی واتا

دیاردەی واتا لای زمانەوان، فەیلەسووفان، لۆجیستەکان، جێگەی سەرنج و گفتوگۆیە و سنوورێکی دیاریکراویان بۆ دانەنراوە، چونکە لەهەندێکجار تاکە وشەیەك لە زماندا زیاتر لە واتایەك دەگەیەنێت. زۆرجار لەپێناسەکردنی زماندا دەوترێت؛ زمان واتایەو خراوەتە ناو دەنگەوە. لێرەوە دەکرێت بپرسین، ئەو واتایەی بەهۆی قالبێکی فۆنەتیکییەوە دەگەیەنرێت چییە؟ یان بە جۆرێکی دی، مانای واتا چییە؟[١]

زاراوەی واتا، کە هەڵگری واتایەکی لێڵە و لە زۆربەی زمانەکاندا واتای جیاواز دەگەیەنێت، بۆ نموونە ئەگەر ئەمە پەیوەست بکەینەوە بە زمانی کوردییەوە، ئەوا بە هاوواتای وشەی (مانا) دێت، لەگەڵ ئەوەی، ئەم وشەیە لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی دیکە واتاکەی جیاواز دەبێت و دەگۆڕێت، هەروەك لەم نموونانەی خوارەوەدا ئاماژەیان پێدەدرێت:

لە کوریدا وەك پەند دەوترێت، (هەموو شتێك بە خوێ و خوێش بە مەعنا)، لێرەدا مەعنا واتای پێوان، ئەندازە، بە گوێرەی پێویست دێت، یان دەوترێت (ئەم شەرە بێ مەعنا بوو.) واتە بێ بنەما بوو، بێ لۆژیك بوو، هەروەها دەشوترێت (خۆ ئامادە کردنەکەت مەعنای شەڕە.) واتە مەبەست نیشانە لێگرتنەوەیە، کاتێکیش دەوترێت (ئەم شتە یەعنی چی؟) بە واتە ئەم شتە واتای چییە؟[٢]

(ئۆگدنو ریچاردس) لەکتێبە ناودارەکەیاندا، کە ناوی (واتای واتا)یە، نزیکەی شانزە بەکارهێنانی وشەی واتایان خستووەتەڕوو، کەکۆتا بەکارهێنانیان وشەی (mean) بە زمانی (واتا)یە، ئەمەش ئەو بوارەیە، کە واتاسازی زمانەوانی جەختی لەسەر دەکاتەوە.[٣]

واتا تەنها پەیوەندی بە دیاردە زمانییەکانەوە نییە، بەڵکو پەیوەندی بە هەندێك دیاردەی تریشەوە هەیە، کە لە دەرەوەی زمانداﻥ، وەك: (ڕەهەندی کۆمەڵایەتی، ژینگەی سروشتی،

---

[١] تاڵیب حوسێن (٢٠١١: ٢٧) هەروەها بڕوانە پەروین عوسمان (٢٠٠٩: ٥٩)

[٢] فەرهاد تۆفیق (٢٠١٠: ٣) هەروەها بڕوانە نەریمان خۆشناو(٢٠١٤: ٦٥)

[٣] سەلام ناوخۆش، نەریمان خۆشناو (٢٠٠٩: ٢٥٤)

کەلتوری، ئاینی، سیاسی و پیشەو چینە کۆمەڵایەتییەکان و جۆریی بیرکردنەوەی تاکەکانی کۆمەڵگا ...)، بۆیە دانانی پێناسەیەکی گشتگیر سەبارەت بە واتا بە شێوەیەك، کە هەموو زمانەوانەکان یان قوتابخانە زمانەوانییەکان لە سەری کۆکبن، کارێکی ئەستەمە. لەم بارەیەوە ئۆڵمان دەڵێت: (( لەم ساڵانەی دواییدا پێناسەیەکی زۆری واتای وشە خراوەتەڕوو، لەگەڵ ئەوەشدا نزیك بوونەتەوە لە لایەنێکی دیاریکراوی مەبەستەکە، بۆئەوەی بتوانن وەڵامێك بۆ ئەو پرسیارە دابنێن، مەبەست لە واتا چییە؟ یان چەمکی واتا چییە؟)).[1]

لەگەڵ ئەم کۆك نەبوونەش دەربارەی ناساندنی واتا، هێشتا کۆمەڵێك لە فەیلەسوف و زمانەوانەکان پێناسەیان بۆ واتا دیاریکردووە:

(ئەفلاتۆن) دەڵێت: (( واتا بریتییە لە پەیوەندییەکی دوو لایەنە لەلایەن دوو شتدا، کەرەستەیەك یان وشەیەك لە ناو زمانداو تەنێك لە دەرەوەی زمان))[2].

(ئەرستۆ) دەڵێت: (( واتا وێناکردنە لە مێشکی مرۆڤدا))[3]، ئەرستۆ لە لێکۆڵینەوەکانیدا جیاوازی لە نێوان دەنگ و واتادا کردووە و دەڵێت واتا لەگەڵ ئەو بیرەی لە مێشکی مرۆڤدا هەیە چوونییەکە، لەم پێناسەیەشدا سێ شت جیاکردەکاتەوە (شتێك لە دنیای دەرەوەدا، وێناکردن "التصورات"، دەنگەکان)[4]. ئەگەر وردبینەوە لەو پێناسانە بدرێت، دەبینرێت بەرامبەر بە وشەیەك، تەنێك دانراوە، بەڵام ئەم پێناسەیە پێناسەیەکی گشتگیر نییە، چونکە کۆمەڵێك فۆرم هەن لە ناوەوەی زمان، کەچی لە دەرەوەی زمان، تەنێك یان کەرەستەیەك بەرامبەری نییە، هەروەك ناوە واتاییەکان، ئاوەڵناوەکان...هتد.

بلۆمفیلد واتا بەوە دادەنێت، کە (ئەو هەڵوێستەیە، کە ڕووداوێکی دیاریکراوی زمانو کاردانەوەی ئەو ڕووداوەیە لای گوێگر)[5]. ئەم پێناسەیەی بلۆمفیلد لە ڕوانگەی ڕەفتارییەوە دەڕوانێتە واتا، بە واتایەکی تر لە سەر بنەمای کار و کاردانەوە لە واتای ڕوانیوە.

---

[1] تالیب حوسێن(٢٠١١: ٢٧) هەروەها بڕوانە: پەروین عوسمان (٢٠٠٩: ٥٩)

[2] شێرزاد سەبری(٢٠٠٨: ٥)

[3] فەرهاد تۆفیق(٢٠١٠: ٤)

[4] سەرچاوەی پێشوو (٤)

[5] سازان ڕضامعین (٢٠٠٥٥: ٥)

ئۆلمانیش بەم شێوەیە پێناسەی واتای کردووە: (بریتییە لە پەیوەندی نێوان هێماو هێمابۆکراو)[١].

فێرس دەڵێت واتا ((بریتییە لە کۆمەڵە پەیوەندییەکی سیاقی ئاڵۆز)). فێرس لە تێڕوانینێکی زمانەوانییەوە دەڕوانێتە واتا بەوپێیەی پەیوەندییەکی بەهێز لە نێوان کەرەستەکانی زماندا هەیە.[٢]

## واتاسازی(سیمانتیك)

سیمانتیك Semantic واژەیەکی هونەریی‌و تەکنیکییە، بۆ ئاماژەدان بە لێکۆڵینەوە لە واتا بەکاردێت، لەکاتێکدا واتا بەشێکە لە زمان، واتاسازیش بەشێکە لە زمانەوانی.[٣*]

لە تەك لێڵی واتادا، نەتوانراوە پێناسەیەکی تەواو گشتگیریش بۆ سیمانتیك بکرێت، بەجۆرێك گشت مەبەستەکان لەخۆبگرێت، هۆکاری ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆئەوەی، کە واتا شتێکی بەرجەستە نییە، چەندین جۆری هەیەو بە چەندین بۆچوون لێکدراوەتەوە. لەگەڵئەوەشدا هەندێك لە زمانەوانەکان( سیمانتیك بە لقێکی زانستی پەسندەکەن، بەجۆرێك کە خۆی بە ڕەهەندەکانی واتامەندی پەیڕەوبەندانەی (Systematic meaning fullness )دەربڕراوە زمانییەکانەوە خەریکدەکات. سیمانتیك زانست و تیۆری ڕێکخستن و یاسابەندێتی Regularity هەندێك لایەنی دیوی واتا signifier هێما زمانییەکانە.[٤])

بە شێوەیەکی گشتی، زانستی واتا ئەو زانستەیە، کە بە توێژینەوە لە واتا دەکات، یان ئەو لقەیە لە زانستی زمان، کە گرنگی دەدات بە تیۆرەکانی واتا، یان توێژینەوە لەو مەرجانەی واتا بە فۆڕمێك دەبەخشن.

---

[١] احمدمختار (١٩٨٢: ٢٣٥)

[٢] نەریمان خۆشناو (٢٠١٤: ٦٧)

[3] Palmer,(1981:2)

[*] زاراوەی سیمانتیك لە وشەی (sema)ەوە هاتووەو بۆ یەکەمجار لە 1883 لەلایەن (میشێل بریل)ەوە بەکارهات. ئەم زانستە لە ناوەڕاستی سەدەی هەژدەیەمداو لە سەرجەم کۆمەڵگای مرۆڤایەتیدا بوو بە یەکێك لە زانستە جولێنەرەکان. محەمەد مەعروف فەتاح (٢٠١١: ١٥٩)

[٤] محەمەدی مەحوی (٢٠٠٩: ٢١)

هەموو پێناسەکان لە خاڵێکدا یەکدەگرنەوە، کە لێکۆڵینەوەیە لە واتا. بەهۆی زۆریی پێناسەکان و ڕێکنەکەوتنی لەسەر پێناسەیەکی گشتگیر، چەندین تیۆر بۆ لێکدانەوەو شیکردنەوەی واتا سەریانهەڵدا، کە هەریەکەیان بە کەرەستەو ڕێبازی نویێ لە واتایان کۆڵیوەتەوە.

## گرنگیی واتاسازی

واتاسازی بەهۆی ئەو پەیوەندییەی، کە لەگەڵ جیهانی دەرەوەدا هەیەتی، ئاستێك لە ئاستەکانی زانستی زمان پێکدێنێت، بۆیە گرنگیی واتاسازی لەوەدایە، پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆی لەگەڵ تێگەیشتندا هەیە، چونکە هەریەك لە ئاستەکانی دەنگ و وشەو ڕستە، خەریکی لێکدانەوەی ڕوویەکی هێمای زمانیین، بەتایبەت لە لایەنی فۆرم، بەڵام واتاسازی خۆی بۆ لێکدانەوەی دیوی ناوەوەی هێماکان تەرخاندەکات و ناتوانرێت فەرامۆشبکرێت، چونکە ڕاستەوخۆ کاردەکاتە سەر ئەو جیهانە کۆمەڵایەتی و فیزیکییەی، کە تێیدا دەژین، لە هەمانکاتدا کاردەکاتە سەر ئاستەکانی دیکەی زمان، بە تایبەتی ئاستی ڕستەسازی. جگە لەم لایەنە، مەبەستی سەرەکیی واتاسازی، ناسینی توانای قسەکەرانی زمانێکە، کە لە تێگەیشتنی گفتوگۆکان و پەیبردن بە مەبەستی یەکتر بەکاردێت و لە دوتوێی واتاسازیدا لێیدەکۆڵرێتەوە.[1]

[1] مهری باقری(١٣٩٢: ١٩٧) هەروەها بڕوانە: هێمن عمر خۆشناو (٢٠٠٧: ١٢٩)

## ٢/٢ جۆرەکانی واتا

زمانەوانەکان چەند جۆرێك لە واتایان دەستنیشانکردووە، هەندێکیان دوو جۆرو هەندێکیان سێ جۆر، تاکو دە جۆر واتایان جیاکردووەتەوە.* لەم توێژینەوەیەدا پشتبەستراوە بە گرنگترین دابەشکردن بۆ جۆرەکانی واتا، کە ئەویش دابەشکردنەکەی لیچ (Leech)ە. (لیچ) لە کتێبی (Language and communication linguistics an introduction) باس لە حەوت جۆر واتا دەکاتو وەك بەشێك لە ڕێزمان باسی واتای سیمانتیکی کردووە، هەروەها دوو جۆری سەرەکی لە واتای قسەکەرو واتای زمانی ئاماژەپێداوە، کە ئەوانیش واتای (هۆشەکی و بارکراو)ە. واتای بارکراویش دابەشدەبێت بۆ واتای (ڕاگەیاندن، شێوازی، دەروونی، ڕەنگدانەوە، هاوڕێیەتی، بابەتی).[١]

## ٢/٢-١ واتای بنەڕەتی/ هۆشەکی

ئەم جۆرە واتایە بە بەراورد بە جۆرەکانی تری واتا بە گرنگترین جۆر دادەنرێت و لە پەیوەندییە زمانییەکاندا بە فاکتەری ناوەکی دادەنرێت، هەروەها دەشتوانرێت بە بنەمای کارکردنی زمان دابنرێت. لەپاڵ ئەمانەش هۆکاری سەرەکییە بۆ گواستنەوەی بیروبۆچوونەکان، لە کاتێکدا

---

* د.احمد موختار لە کتێبی (علم الدلاله)و د. نور الهدی لە کتێبی (علم الدلالة دراسة وتطبيق) پێنج جۆر واتایان دەستنیشان کردووە: (واتای سەرەکی، واتای دووەم، واتای شێوازیی، واتای دەرونیی، واتای ڕەنگدانەوە). د. ابراهیم انیس لە کتێبی (دلالة الالفاض) چوار جۆر واتای دەستنیشانکردووە: ( واتای دەنگی، واتای مۆڕفۆلۆژی، واتای ڕێزمانی، واتای فەرهەنگیو کۆمەڵایەتی). توفیق عزیز لە کتێبی (علم الدلالة المعاصر) چوار جۆر واتای دەستنیشانکردووە: (واتای سەرەکی، واتای دووەم، واتای دەرونیی، واتای ڕەنگدانەوە). شاهر الحسن لە کتێبی (السيمانتيكية والبراجماتيكية) چوار جۆر واتای دەستنیشانکردووە: (واتای دەنگی، واتای مۆڕفۆلۆژی و ڕێزمانی، واتای فەرهەنگی، واتای سیمانتیکی). محمد معروف فتاح سێ جۆر واتای دەستنیشان کردووە (واتای هۆشەکی، واتای بابەتی، واتای کێشەکی کە دەبێتە سێ جۆر: (لاوەکی، شێوازیی و ویژدانیی، بیرەکی و تیکەڵ) عەبدوڵلاعەزیز محمد لە نامەی ماستەرەکەیدا پێنج جۆر واتای دەستنیشانکردووە: (واتای بنەڕەتی، بارکراو، شێوازی، دەروونی، ڕەنگدانەوە). بێخال عبدلله سعید لە نامەی ماستەرەکەیدا سێ جۆر واتای دەستنیشانکردووە: (واتای هۆشەکی، واتای بارکراو، ئەمیش دەبێت بە (ڕاگەیاندن- شێوازی-ڕەنگدانەوە- کاریگەری- تێکەڵ یان هاوڕێیەتی، واتای بابەتی) جگە لەمانەش چەندان دابەشکاری تر بۆ واتا کراوە.

[١] تریفە عومەر ئەحمەد (٢٠٠٨: ٣٨)

قسەپێکەران بە زمانێکی دیاریکراو گوزارشت لە بۆچوونەکانیان بکەن‌و لە واتای سەرەکیدا هاوبەش بن.[1]

ئەمجۆرە واتایە پەیوەستە بە یەکەی فەرهەنگیی و ئەگەر واتا لێڵ بێت، بۆ ڕوونکردنەوەی واتاکەی، تەنها پێویستی بە دەوروبەری زمانی دەبێت، لە ڕووی ڕۆنانەوە دەتوانرێت بەراودبکرێت بە ڕۆنانی ئاستەکانی تری زمان، هەروەك ئاستی فۆنۆلۆژی‌و سینتاکس، ئەمیش بریتییە لە سیما جیاکەرەوەکان.[2]

بۆ نموونە لە ئاستی فۆنۆلۆجیدا سیمای جیاکەرەوە لە نێوان /د/و /پ/ بەم شێوەیە دیاریدەکرێت:

١.أ. /د/ + نەبزوێن + ددانی +گڕ

ب. /پ/+ نەبزوێن + لێوی + کپ

سەبارەت بە واتای بنەڕەتی یان هۆشەکیی (٢) بەم شێوەیە دیاریدەکرێت‌و دەناسرێنەوە:

٢.أ. کوڕ/+ مرۆڤ + نێر – هەراش

ب. ژن/+ مرۆڤ + مێ + هەراش

ئەم سیمایانە واتای هۆشەکی پێکدێنن و لە هەموو شوێنێکدا وەکیەکن و گۆڕانکارییان بەسەردا نایەت.

ئەمجۆرە واتایە تەنها لە ئاستێکدا گرنگیی خۆی نییە، بەڵکو تواناى هەیە کەرەستەی گەورە بۆ پێکهێنەرە زمانییەکان شیبکاتەوە، واتە لە بچووکەوە بۆ دانە ڕێزمانییە گەورەکان، یان کەرتکردنی دانەی ڕێزمانیی گەورە بۆ دانەی ڕێزمانیی بچووك.[3] هەر لە ڕێگای واتای هۆشەکییەوە، دەتوانرێت پەیوەندییە واتاییەکانی نێوان وشەکان دەستنیشانبکرێت، وەك: هاوواتایی، فرەواتایی...هتد.

---

[1] احمد مختار(١٩٨٢: ٣٦) هەروەها بڕوانە: Leech,(1985: 10)

[2] سالم سليمان الخماش (١٤٢٨: ٥٧)

[3] عبدالواحد مشیر دزەیی (٢٠١١: ١٠٨) هەروەها بڕوانە: تالیب حوسێن (٢٠١١: ٢٢)

## ٢/٢-٢ واتای بارکراو

یەکێکە لە گرنگترین جۆرەکانی واتا، کە باردەکرێت لە واتای هۆشەکی، بەهۆی بەکارهێنانیان، بەڵام نابنە بەشێك لە واتای هۆشەکیی وشەکە. لیچ ئەم جۆرە واتایەی بە چەند جۆرێك دابەشکردووە:

### أ. واتای لاوەکی

ئەو واتا لاوەکییانەن، کە دەچنە سەر واتای هۆشەکی، سیفەتێکی بەردەوام و جێگیریان نییە و بەردەوام لە گۆڕاندان و بەهۆی ئاستی ڕۆشنبیری، شارەزایی، کات و شوێنەوە گۆڕانی بەسەردا دێت.[1]

واتای لاوەکی پەیوەستە بە بەهای بەکارهێنانی وشەیەك لە ڕووی ئەو واتایانەی، کە لە لایەنی کۆمەڵایەتییەوە پێویستن، ئەمەش وادەکات کەمتر جێگیربن بە بەراورد بە واتای هۆشەکی. بۆ نموونە وشەی (پیاو) لە پاڵ واتا هۆشەکییەکەیدا، کە (+ مرۆڤ + نێر + هەراش)ە، کۆمەڵێك واتای لاوەکی هەیە وەك (بەهێزە، کەم دەگری، خۆگرە)[٢]. ئەمجۆرە واتایە خاوەن سنوورێکی دیاریکراو و داخراو نییە، بەڵکو بە پێچەوانەی واتای هۆشەکییەوە، کراوەیە، هەروەك چۆن زانیاری و بیرو باوەڕ بەرامبەر بە دنیا کراوەیە و هەمیشە لە گۆڕاندایە. واتای لاوەکی بە جۆراوجۆریی کلتورەکانەوە بەندە، واتە لە کلتورێکەوە بۆ کلتورێکی تر جیاوازە، بەڵام لە زۆر لایەنەوە زیاتر پێویستی بە بارودۆخە کۆمەڵایەتییەکان هەیە.[3] بۆ نموونە (کوندەپەپوو) لە ڕووی واتای هۆشەکییەوە، باڵندەیەکە تایبەتیو پێکهاتنی فسیۆلۆجی خۆی هەیە، کە بە هۆیانەوە ناسراوە، بەڵام ئەم باڵندەیە لای ئینگلیزەکان (owl)ی پێدەڵێن، کە لەپاڵ واتا لاوەکییەکەی، کە خۆی واتای لاوەکیی گەشبین دەگەیەنێت، لەئەنجامی دووبارەبوونەوەی بارێکی خۆش بۆ چەند جارێك لەگەڵ ئەم باڵندەیەدا، کەچی هەر هەمان باڵندە لە کۆمەڵگا ڕۆژهەڵاتییەکاندا لەپاڵ واتا هۆشەکییەکەیدا واتایەکی لاوەکیی بە ئاماژەی خراپ هەیە، لەبەر هەمان هۆ، بەڵام لەگەڵ

---

[1] Finch, (2005: 145)

[٢] محەمەد مەعروف فەتاح (٢٠١١: ١٦١– ١٦٢)

[3] Finch, (2005: 145)

ڕووداوێکی ناخۆشدا.[1] بەپێی بۆچوونە تەقلیدییەکان لەبەر ئەم هۆکارانە واتای لاوەکی ناچێتە ناو فەرهەنگەوە و تۆمارناکرێت، چونکە وشە فەرهەنگییەکان کەمتر گۆڕانیان بەسەردا دێت.

ب. واتای شێوازی

ئەمجۆرە واتایە زانیاریمان لەبارەی پلەو پایەی کۆمەڵایەتی و ناوچەی جوگرافی و ئاستی ڕۆشنبیریی قسەکەر و گوێگر لەگەڵ جۆرو ڕادەی پێشکەوتنی ئەو زارەی بەکاریدێنن، پێدەدات وەك: (زاری فەرمییە، بازاڕییە، ئەدەبییە)، هەروەها جۆری زمانەکە (زمانی شعرە، یان یاسایە، یان ڕاگەیاندنە ...هتد)،[2] بۆ نموونە: وشەکانی (دایکی منالان، هاوسەر، خێزان، ماڵەوە)، کە لە بنەڕەتدا خاوەن یەك واتای هۆشەکین، بەڵام بەپێی پلەوپایەی کۆمەڵایەتیو ئاستی ڕۆشنبیریی کەسەکان دەگۆڕێت، واتە بەپێی واتای شێوازیان جیاوازە.

ئەمجۆرە واتایە، پەیوەندییەکی بەتینی بە واتای دەروونییەوە هەیە، زۆرجار تێکەڵی یەکدەبن، چونکە زۆرجار لە شێوازی قسەکانماندا بەپێی پلەی ڕێزگرتن، هەستدەردەبڕن، هەروەك لە نمونەی (٣)دا خراوەتەڕوو:[3]

٣.أ. تکایە بێدەنگ بە. (ڕێزدارە)

ب. ئەوەندە مەڵێ. (بێ ڕێزە)

پ. دەمت داخە. (زۆر بێڕێزە)

پ. واتای ڕەنگدانەوە

دەرئەنجامی سروشتی هەمەلایەنەی ژمارەیەك وشەیە، کە لە توانایاندا هەیە زیاتر لە واتایەك بگەیەنن، بەجۆرێك کاتێك وشەیەك بەکاردەهێنرێت بۆ واتایەکی دیاریکراو، واتایەکی تر، یان زیاتر تێیدا ڕەنگدەداتەوە، بۆ نموونە: وشەی (nuclear family – ناوکی خێزان)، کە ئەندامانی خێزان دەگرێتەوە، بەڵام زەحمەتە واتای (ناوك) بە دوور بگیرێت لە وزەی ناوەکی.[4] ئەمجۆرە واتایە بەتایبەت لە هەڵبەستدا کاری خۆی دەکات، بە زۆری کاتێك هەستی پێدەکرێت، کە یەکێك

---

[1] بێخاڵ عبداللە سەعید (١٩٨٩: ١٥-١٦)

[2] احمد مختار عمر (١٩٨٢: ٣٨)

[3] عبدالواحد مشیر دزەیی (٢٠١١: ١١٤)

[4] Finch, (2005: 145)

له واتاکانی به زۆری فۆڕمەکەی قەدەغە بێت، بەهۆی پەیوەستبوونی به فەسلەجی جنسییەوە.[1]
له بارەی واتای ڕەنگدانەوەوە، (ئۆڵمان) سێ جۆر کارتێکردنی دیاریکردووە:

١. کارتێکردنی دەنگی: ئەمیش دەبێت به دوو جۆرەوە: کارتێکردنی ڕاستەوخۆ، وەك لەو وشانەی له دەنگه سروشتییەکانەوە وەرگیراون، کارتێکردنی ناڕاستەوخۆ، که پەیوەندی به بیروهۆشی خەڵکییەوە هەیە.

٢. کارتێکردنی مۆرفۆلۆژی: پەیوەندی به داڕشتنی وشەکانەوە هەیە، واته ئەو وشانەی، که به ڕێگای لێکدان و داڕشتنەوە، وشەی نوێ دروستدەکەن:

٤.. باخ+ ەوان= باخەوان

٣. کارتێکردنی واتایی: زیاتر پەیوەندی بەو وشانەوە هەیە، که واتای میتافۆڕیی لەخۆدەگرن.[2]

### ت. واتای هاوڕێیەتی

ئەوجۆرە واتایەیە، که وشەیەك له دەوروبەرێکدا بەهۆی وشەیەکی ترەوە بەدەستیدەهێنێت،[3] واته ئاماژەدانێکه به کۆمەڵێك وشە، که پێکەوە دەردەکەون، بۆ نموونە: وشەی (ڕوون) لەگەڵ کۆمەڵێك وشەی تردا دێت، وەك (ئاسمانێکی ڕوون، بیرۆکەیەکی ڕوون)، له هەر یەکه لەم دەربڕاوانەدا، وشەی ڕوون به ڕادەیەکی کەم جیاوازی له نێوانیاندا هەیە.[4]

### ج. واتای دەروونی

به واتایەکی سادە، واتای دەروونی، هێزی قسەکردن، یان دەربڕینێك ( Illocutionary force) له وشەیەك، یان دەستەواژەیەکدا، که تێیدا مەبەستەکە ڕووندەکرێتەوە، لەخۆدەگرێت، که ئایا داواکارییە، یان جەختکردنەوەیە، یان ترسانە؟[5] ئەم واتایە ڕەنگدانەوەی بۆچوون و هەستو سۆزی قسەکەرە بەرامبەر به گوێگر، یان هەر شتێك، که دەربارەی دەدوێت.[6] هەروەها

---

[1] محمد مەعروف فەتاح (٢٠١١: ١٦٤)

[2] احمد مختار عمر (١٩٨٢: ٣٩–٤٠)

[3] سالم سليمان الغماش (١٤٢٨: ٥٩)

[4] Finch,(2005: 145)

[5] Leech,(1985: 12)

[6] مشهيد الوندی، جواد طاهری (١٣٩١:٢٢)

بەستراوەتەوە بە باری دەروونیی قسەکەرانەوە، ئەو بارە دەروونییەش لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی تر جیاوازە و بە زۆری کەسایەتیی قسەکەر لە گفتوکۆی ئاسایی رۆژانەو گفتوگۆی کەسەکاندا دەردەخات، هەروەها بەگوێرەی بیرکردنەوەیان لە نووسینی نووسەران‌و شاعیرانیشدا بەدیدەکرێت، چونکە هەریەك لەوانە شێوازی داڕشتن‌و دەربڕینی تایبەت بە خۆی هەیە.[١]

**چ. واتای بابەتی**

بریتییە لە شێوازی رێکخستنی ئەو پەیامەی، کە قسەکەر، یان نووسەر، لە ڕوانگەی ڕیزبەندی و جەختکردنەوە لەسەر وشەکان دەریدەبڕێت، واتە پەیوەندی بە مەبەستی قسەکەرەوە هەیە، کاتێك کە قسەکەر دەربڕینەکەی بە شێوەیەك بە مەبەستی ئەوەی جەخت لەسەر ئەو بەشە بکات، کە دەیەوێت لە دەربڕینەکەیدا، زیاتر بایەخ بەو بەشە بدات و دووپاتیدەکاتەوە.[٢]

٥. أ. بەڵێندەرەکە پڕۆژەکەی جێبەجێکرد.

ب. پڕۆژەکە لەلایەن بەڵێندەرەکەوە جێبەجێکرا.

ئەگەرچی ڕستەی (٥أ،ب)، خاوەنی یەك چەمکن، بەڵام لە ڕووی ڕۆنانی ڕێزمانییەوە، بەپێی مەبەستی قسەکەر جیاوازن، بە جۆرێك لە ڕستەی یەکەمدا جەخت لەسەر بەڵێندەرەکە دەکاتەوە، کە پڕۆژەکەی جێبەجێکردووە، لە ڕستەی دووەمدا جەخت لەسەر پڕۆژەکە دەکاتەوە، کە جێبەجێکراوە، نەك شتێکی تر.

جگە لەو جۆرانەی واتا، چەند جۆرێکی تری واتا بەپێی ئاستەکانی زمان باسیان لێوەدەکرێت، کە هەریەك لە واتای فۆنۆلۆجی، مۆرفۆلۆجی و سینتاکس دەگرێتەوە.

---

[١] احمد مختار عمر (١٩٨٢: ٣٩)

[٢] تالیب حوسێن (٢٠١١: ٢٢)

## ٣/٢ دەورووبەر

### ٣/٢-١ واتاو دەوربەر

بۆ تێگەیشتن لە واتای هەندێك لە وشەو ڕستە، پێویستە بگەڕێینەوە بۆ ئەو دەورووبەرەی، کە وشە و ڕستەکانی تێدا بەکاردەهێنرێت، چونکە ڕۆڵێکی گرنگی لە دەرخستن و ڕونکردنەوەی زماندا هەیە ، بە جۆرێك، فرەواتایی هەر وشەو ڕستەیەك دەگەڕێتەوە بۆ فرەچەشنیی ئەو دەورووبەرەی، کە تێیدا بەکاردەهێنرێت.

ئەم بیرۆکەی لە سالانی سییەکانی سەدەی ڕابردووەوە سەریهەڵداو بەتایبەت لە سەردەمی (مالینۆفسکیوفێرس)دا بەهۆی گرنگیدان بە کۆمەڵ و پەیوەندییە کۆمەلایەتییەکانەوە پەرەیسەند، جگەلەوانیش چەند زمانەوانێکی تری وەك (هالیدەی، ڕینس، بازل، کاتسفۆدەر) باسیان لە بایەخی دەورووبەر لە ڕوونکردنەوەی زمانو گەیاندنی واتای زماندا کردووە،[1] هەروەك لەمبارەیەوە پالمەر دەڵێت: "کێشەی زانستی واتا ئەوەیە، کە ماناکان جێگیرنین، بەڵکو پشت بە قسەکەران و گوێگرانو چوارچێوەی دەورووبەر دەبەستن"[2]. لەبەر ئەم هۆیانەیە، لایەنگرانی ئەم بابەتە، باوەڕیان وایە، واتای وشە و ڕستەکان تەنها لە چوارچێوەی دەورووبەر و بەکارهێناندا دەردەکەون، چونکە هێڵێکی گشتییە، تێیدا ڕەگەزەکانی دەق‌و یەکە زمانییەکان ڕێکدەخرێن، پێوەرێکە بەهۆیەوە وشەو ڕستەکان پەیوەندییان بە یەکەوە دەبێت‌و بە یەکەوە گرێدەدرێن‌و جوڵەو گواستنەوەی وشەکان ڕێکدەخات. لەم بارەیەوە مالینۆفسکی دەڵێت: ((باوەڕبوون بەوەی، کە واتا تەنها لە چوارچێوەی ئاخاوتندا بێت، تێگەیشتنێکی هەڵەیە، لەبەرئەوەی ئاخاوتن و دەورووبەر دوو ڕەگەزی هاوتەریبن و هیچ دابڕانێك و جیاکارییەك لە نێوانیاندا نییە))[3]. هەر لەم بارەیەوە (ولیام ئوهیندریك) دەڵێت: (( ناتوانرێت ڕستەیەك تەنیا خۆی ڕاڤەبکرێت، بە ڕاڤەکردنێکی واتادار، ئەگەر لە چوارچێوەی بونیاتی هەموویدا نەبێت))[4]، چونکە وشە و ڕستەکان واتایەکی شاراوەیان هەیە و لە کاتی بەکارهێنانیاندا دەردەکەون.

---

[1] ساجیدە عەبدوڵلا فەرهادی(٢٠٠٨: ٢٧)

[2] هۆگر مەحمود فەرەج (٢٠٠٥: ١١٢)

[3] سالم سليمان الغماش (١٤٢٨: ٥٠)

[4] هۆگر مەحمود فەرەج (٢٠٠٥: ١٢٧)

(فێرس) پێیوایە، واتا دەرناکەوێت، جگەلە خستنەناوەوەی دانەیەکی زمانی لە چەند دەوروبەرێکی جیاوازدا.[1] هەروەها ئەو بۆچوونە دەخاتەڕوو کە ((چەمکی واتا شتێك نییە لە مێشکدا هەبێت، ببێتە هۆی گۆڕینی پەیوەندیی نێوان وتنەکان، وێنەیەکی هۆشەکی نییە، بەڵکو بریتییە لە کۆمەڵێك پەیوەندی، کە هەڵسوکەوتە زمانییەکان پێکدێنێت و لە ڕێگەی دەوروبەرەوە دیاریدەکرێن))[2]. (هالیدەی) پێیوایە دەوروبەر بەشێکە لە پلاندانانی گشتگیر. بەمپێیە هیچ جیاوازییەك لەنێوان چی دەڵێت و چۆن دەڵێتدا نییە؟ زمان لە ڕێگەی بەکارهێنانەوە دروستدەبێت، هەرچییەکی تێدایە بە دەوروبەرەوە بەستراوەتەوە.[3] جگەلەمەش، ڕۆڵی کارا لە یەکلاییکردنەوەی واتا فەرهەنگییەکاندا بەتایبەت ئەو وشە فەرهەنگیانەی زیاتر لە واتایەکیان هەیە دەبینێت، لەمبارەیەوە (ئۆڵمان) دەڵێت:((دانەری فەرهەنگ دەبێت تێبینیی واتای وشەکان لە کاتی قسەکردن، یان نووسیندا بکات، بەگوێرەی ئەو دەوروبەرەی تێیدا بەکاردەهێنرێت. پاشان دەتوانێت لە فەرهەنگدا تۆماریان بکات، بەگوێرەی ئەو واتایانەی، کە لە ژیانی ڕۆژانەیاندا بەکارهاتوون.))[4]. (طاهر حمودە) لە خستنەڕووی بۆچوونی دەوروبەردا لایەنگیریی بۆچوونەکەی فێرس دەکات و پێیوایە گرنگیدان بە هەردوو ڕەگەزی کۆمەڵایەتی و زمانەوانی، لە باشترین ڕێبازەکانە بۆ لێکۆڵینەوەی واتا ،[5] بەمپێیە دەوروبەر ڕەگەزێکی گرنگە لە شیکردنەوەو یەکلاییکردنەوەی واتا چ لەنێو ڕستە یان دەق یان زمان و دەرەوەی زماندا بێت.

## ٢-٣/٢ جۆرەکانی دەوروبەر

(بەکارهێنانی زمان بەهۆی دوو میکانیزمەوە جێبەجێدەبێت، یەکەمیان دەوروبەرە زمانییەکە خۆیەتی، کە بەهۆیەوە ڕستە زمانییەکان تێیدا ماناکانیان وەردەگرن، کە ئەمەش بە ( verbal context) باسدەکرێت، لەسەر و ئەمەشەوە، دووەمیان دێت، کە بریتییە لەو هەڵوێستەی، یان ئەو بۆنەیەی، کە قسەی تێدا دەکرێت. ئەمەش کاریگەری لەسەر سەرلەبەری ڕستەکە هەیە، بەدەرلە زمانییەکە، یان ڕستەییەکە دەبێت و بەشێکن لە دەوروبەرە گشتییەکە.)[6] لەسەر ئەم

---

[1] علی احمد محمد العبیدی (٢٠١٣: ١٨٥)

[2] پەروین عوسمان (٢٠٠٩: ٧٩)

[3] ئاوات ئەحمەد حەمەصالح (٢٠٠٩: ٢٥)

[4] عوسمان کەریم عەبدالرحیم (٢٠١٤: ٣٢)

[5] مراد حاج محند (٢٠١٢: ٤٨)

[6] هۆگر مەحمود فەرەج (٢٠٠٠: ١٤٠)

بنەمایە، دەوروبەر بە دوو جۆر دیاریدەکرێت: ١. زمانی، کە ناوەوەی زمان دەگرێتەوەو ٢.نازمانی، کە پەیوەستە بەو بۆنەو بارودۆخەی گوتنەکەی تێدا ئەنجامدراوە، کە هەریەك لەم دوو دەوروبەرەش، دابەشدەبن بۆ چەند دەوروبەرێکی تر لە چوارچێوەی دەوروبەرە گشتییەکەیاندا.

## ٢/٣-٢-١ دەوروبەری زمانی

پشت بە یەکە زمانییەکان لە چوارچێوەی ڕستەکاندا دەبەستێت، بە شێوەیەك، ئەگەر نەڕوانرێتە دەوروبەرەکەی لە ڕستەدا، واتا دیاریناکرێت، چونکە کاتێك وشەکان دەچنەناو ڕستەکانەوە، چنینێکی زمانی دروست دەکەن، کە هەریەکەیان پشت بەوی تریان دەبەستێت. لەم ڕوانگەیەوە، دەوروبەری زمانی، کۆکراوەی بەکارهێنانی ڕەگەزە جیاوازەکانی زمانە، کە دەقی لێ پێکدەهێنرێت، لە ڕێگەی وشەکانەوە پەیوەندییان لەگەڵ یەکتردا دەبێت و ئەو واتایەی، کە فەرهەنگ دەیخاتەڕوو، واتایەکی گشتییە، لەکاتێکدا ئەو واتایەی کە دەوروبەری زمانی دەیخاتەڕوو بۆ وشەیەك، تایبەتمەندیی خۆی هەیە و شایەنی هەمەجۆری و گشتگیری نییە،[١] بۆیە قسەکەر بۆ لێکدانەوەی مەبەستی دەربڕاوەکان، پەنادەباتە بەر دەوروبەری زمانەوانیو لە ڕێگەی پرۆسە زمانییەکانی (فۆنۆلۆژیو مۆرفۆلۆژیو سینتاکسو سیمانتیك)ەوە جفرە هاوبەشەکانی نێوان قسەکەر و گوێگر لێکدەدرێنەوە.[٢] لەم پرۆسەیەشدا پێویستە ڕەچاوی ڕێوشوێنی زمانو بنەماکانی ڕیزکردنە جۆراوجۆرەکان ببین، واتە پابەندی زمان و وشەو ڕیزبەندە جیاوازەکان بکرێت، چونکە گونجان و نەگونجانی نێوان کەرەستەکان، خۆیان لە ئاکامی لەباری، یاخود نالەباریی ڕیزبەندییەکە، یان هاوڕێیەتیی کەرەستەکان دەردەخەن. دواجار ئەرێنیی دروستیی گوتراوەکە، یان پێچەوانەکەی، دەگەیەننە گوێگر،[٣] کەواتە دەوروبەری زمانی، دوورە لە دەوروبەری گوتنەکە، تەنها ئاماژە بە ناوەوەی زمان دەکات، بەپێچەوانەی دەوروبەری نازمانیی، کە پەیوەندی بە دەرەوەی گوتنەکەوە هەیە.[٤]

---

[١] علی احمد محمد العبیدی (٢٠١٣: ١٨٥)

[٢] ئاڤێستا کەمال مەحمود (٢٠٠٩: ١٤)

[٣] هۆگر مەحمود فەرەج (٢٠٠٧: ١٢٤)

[٤] ئاوات ئەحمەد حەمەصالح (٢٠٠٩: ٢٩)

**دەوروبەری زمانی بۆ چەند دەوروبەرێك جیادەبێتەوە:**

**یەکەم/ دەوروبەری فۆنۆلۆژی**

گرنگی دەدات بە لێکدانی دەنگەکان لە چوارچێوەی دەوروبەرەکەیداو فۆنێم لە نرخی واتا بەپێی پێکهاتە ئەرکییەکەی، بە ماددەیەکی گرنگ دادەنرێت.[1] پێکهێنەری وشەکانە، هەر وشەیەك لە زماندا، دەوروبەرێکی فۆنۆلۆژی هەیە، بەجۆرێك بەشدارە لە دیاریکردنی واتاکەیدا.[2] لە ڕاستیدا فۆنێمەکان بەهایەکی ئەوتۆیان لە ناوخۆیاندا نییە، ئەرك و کاریگەریی واتاییان لە چوارچێوەی دەوروبەردا دەردەکەوێت، فۆنێمەکان لە چوارچێوەی وشەو مۆرفێمەکاندا بۆ دەوروبەری گونجاو دابەشدەکرێن.

بەشێوەیەکی گشتی، لە دەوروبەری فۆنۆلۆژیدا لێکۆڵینەوە لە فۆنێمەکان بەپێی دەوروبەرەکەی دەکرێت. لەم ڕوانگەیەوە دەکرێت دوو جۆر دەنگی جیاواز، یان زیاتر بۆ یەك فۆنێم بە کاریگەریی ئەو فۆنێمانەی، کە لە پاش‌و پێشیدا هاتوون، دەربڕێت.

**دووەم/ دەوروبەری مۆرفۆلۆژی**

مۆرفێمەکان بە بەندو سەربەخۆوە بەهایەکی ئەوتۆیان نییە، ئەگەر لە چوارچێوەی دەوروبەرێکی گونجاودا دانەنرێن‌و ڕێکنەخرێن.[3] پێکهاتەی داڕشتنی وشەکان دیاریدەکرێت، گرنگی دەدات بە هاتن و دابەشبوونی مۆرفێمەکان لە چوارچێوەی وشەکاندا. هەر مۆرفێمێکیش لە چوارچێوەی دەوروبەرێکی دیاریکراودا، دابەشبوونێکی تایبەتیی خۆی هەیە.[4]

٦. أ. بەختەوەر (ب) *دارەوەر

٧. أ. هۆشمەند (ب) *پیاومەند

لەم نموونانەدا ئەوە دەردەکەوێت، کە مۆرفێمەکان لە چوارچێوەی وشەو دەربڕراوەکاندا دەوروبەرێکی مۆرفۆلۆژیی زمانیی تایبەت بە خۆیان هەیە، بەجۆرێك لە نموونەکانی (٦: أ)، (٧: أ)دا، پێکهاتەیەکی دروستیان هەیە، چونکە هەریەك لە مۆرفێمەکانی (ەوەر، مەند) دەچنە سەر

---

[1] فطومە لحمادی(٢٠٠٨: ٢٥٥)

[2] سالم سلیمان الغماش (١٤٢٨: ٤٩)

[3] فطومة لحمادی (٢٠٠٨: ٢٥٥)

[4] بروانە: شاخەوان جەلال (٢٠١٣: ٢٤٦)، سالم سلیمان الغماش (١٤٢٨: ٤٩)

(ناوی واتایی) و( ئاوەڵناو) بۆ سیفەتی خستنەپاڵ مرۆڤ دروستدەکەن، هەربۆیە لە نموونەکانی (٦: ب)، (٧: ب)دا، پێکهاتەیەکی مۆرفۆلۆژیی نادروستیان هەیە، چونکە هەریەك لە ناوەکانی (دارو پیاو) ناوی بەرجەستەن.

## سێیەم/ دەوروبەری سینتاکسی

تۆڕێك لە پەیوەندیی ڕێزمانییە، کە حوکمکەری پێکهاتە زمانییەکانە. لەچوارچێوەی ڕستەدا هەموو ئەو پەیوەندییانە ڕێکدەخرێنو ڕۆڵی تێدا دەبینن، کە یارمەتیدەرن لە ڕوونکردنەوەی واتادا.[1]

لێکۆڵینەوە لە دروستەی ڕستە دەکات، کە وشەیەکی تێدا بەکارهاتووە. وشەو فرێزەکان بەپێی ڕیزبەندییەك دەخرێنەتەکیەك و لەژێر کۆنترۆڵی ڕێساو دروستە سینتاکسییەکاندا کۆمەڵێك پەیوەندیی فۆڕمی و ناوەکی بە یەکیانەوە دەبەستێتەوە، هەر گۆڕانێك لەو دروستە ڕستەییەی پەیوەندیی نێوان دەربڕاوەکانو شوێن و ئەرکیاندا بکرێت، دەبێتەهۆی گۆڕانیان لە واتادا.[2]

٨.أ. کوڕەکە باڵندەکەی کوشت.

ب. *کوڕەکە بەردەکەی کوشت.

لە ڕستەی (٨.أ)دا، دەوروبەرێکی سینتاکسی و واتایی گونجاوی هەیە، چونکە پەیوەندیی واتایی سینتاکسی (باڵندە)و (کوشتن) بەپێی هەڵاوێردکردنی سیمانتیکی گونجاوە، بەڵام لە ڕستەی (٨.ب)دا دەوروبەرێکی سینتاکسیو واتایی نەگونجاوی هەیە، چونکە پەیوەندیی سینتاکسی و واتایی لەنێوان (وانە)و (کوشتن)دا نییە.

## ٢-٢-٣/٢ دەوروبەری نازمانی

بێگومان دەوروبەری زمانی، ڕۆڵێکی دیاری هەیە لە ڕوونکردنەوەی واتاکاندا، بەڵام تەنها بە پشتبەستن بەم دەوروبەرە، ناتوانرێت تێگەیشتنێکی گشتگیر بۆ تەواوی هەموو دەربڕاوە زمانییەکان بەدەستبێت. لەم ڕووەوە بۆ تێگەیشتن لە تەواوی واتا دەربڕاوەکان لە تەك

---

[1] فطومة لحمادی (٢٠٠٨: ٢٥٥)

[2] شاخەوان جەلال فەرەج (٢٠١٣: ٢٤٦)

دەوروبەری زمانییدا، پێویستە ڕەچاوی ئەو دەوروبەرە نازمانییە هەمەجۆرانەش بکرێت، کە گوتنەکەی تێدا ئەنجامدراوە، چونکە ((مەودای دەوروبەر پتر لە ژینگەی کۆمەڵایەتی‌و فیزیکییدا دەردەکەوێت، بە گشتیش زانیاری knowledge دەگرێتەوە. هەموو ئەمانەش ڕۆڵی سەرەکی لە لێکدانەوەی دەق، یان دەربڕراودا دەبێت))[1]، هەروەك (هایمز) دەڵێت: ((قسەکردن لەبارەی توانای مرۆڤەوە بۆ زمان، پێویستە پشت بە بەکارهێنانی لە ژینگەیەکی ڕۆشنبیری و شارستانیی دیاریکراودا ببەسترێت)).

لە گرنگترین دەوروبەرە نازمانییەکان بریتین لە:

### ٢/٣-٢-١/٢ دەوروبەری سۆزداری

ئەرکی دەرخستنی واتای ئەو وشانەی لە ئەستۆدایە، کە ڕەنگگراون بە لایەنی سۆزداری. ئەم لایەنەش لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی تر، تەنانەت لە چوارچێوەی تاکە کەسێکدا لە کاتێکەوە بۆ کاتێکی ترو بەپێی بارودۆخە جیاوازەکان دەگۆڕێت. ئەم دەوروبەرە سروشتی بەکارهێنانی وشەکان لە نێوان واتا بابەتییەکەی (واتای گشتی)و واتا سۆزدارییەکەی (واتای تایبەتی) دیاریدەکات، هەروەك چۆن پلە و ڕێژەی هەڵچوون و کاردانەوەکان لە ڕێگەی پێویست بوون بە جەختکردنەوە، یان زیادەڕۆیی، یان نێوەندگیریی دیاریدەکات،[2] هەروەك ئۆڵمان دەڵێت:((تەنها دەوروبەرە بۆمان ڕوون دەکاتەوە، کە بەکارهێنانی وشەیەك مەبەست لێی واتایەکی بابەتی ڕووتە، یاخود دەربڕینێکی سۆزدارییە))[3].

بەشێوەیەکی گشتی، ئەم دەوروبەرە بە سروشت و لایەنی دەروونیی قسەکەرەوە لەکاتی ئاخاوتندا بەندە، چونکە ئاخاوتن ڕێگایەکی ڕوونە بۆ دەرخستنی هەست‌و سۆزی قسەکەر. ئەم هەست‌و سۆزەش لە چوارچێوەی گفتوگۆکاندا ڕەنگدەداتەوە.[4]

---

[1] تریفە عومەر ئەحمەد (٢٠٠٨: ٤٧)

[2] فطومة لحمادی (٢٠٠٨: ٢٥٣)

[3] مراد حاج محند (٢٠١٢: ٣٦)

[4] علی احمد محمد العبیدی (٢٠١٣: ٤٢)

بەمپێیە وشەکان لەپاڵ واتا گشتییەکەیاندا واتایەکی بابەتی و زۆرجار واتای سۆزداریشیان لەگەڵدایە، بۆئەوەی ئەم واتایانە تێکەڵ نەبن، پێویستە لە ڕێگەی دەورووبەرەکەیانەوە پەی بە نهێنیی بەکارهێنانی وشەکان ببرێت، لەمبارەیەوە (مایيە) دەڵێت:((وشەکان تەنها واتایەکی هۆشەکی هەڵناگرن، بەڵکو جۆرێك لە واتای سۆزداریشیان تێدایە، بۆنموونە وشەی (باخچە) تەنها هەڵگری واتا هۆشەکییەکەی نییە، کە مەبەست لێی باخێکی بچووکە، بەڵکو واتای خۆشی و جوانیو هەستکردن بە ئارامی دەبەخشێت. هەروەها وشەی (کۆشك) تەنها هەڵگری واتای باڵەخانەیەکی فراوان نییە، بەڵکو هەستکردنە بە سەرسووڕمانو شوێنی کەسانی چینی باڵاو دەسەڵاتدارەکان.))[١]. هەروەها ئەم دەورووبەرە ئەو کاردانەوەو هەڵچوونانەش دیاریدەکات، کە گرێدراوو هاودەمی ئاخاوتنە، کە ئەمەش ڕاستەوخۆ ڕەنگدانەوەی دەبێت لەسەر زەقکردنەوەی واتا سۆزدارییەکەی.

٨. أ. کە ڕقم لێتە.

ب. چاوم ناتبینێت.

پ.خەریکە کوێر دەبم، کە ئەتبینم.

بە (٩أ.ب.پ) لە چوارچێوەی دەورووبەرە سۆزدارییەکەیدا، ڕووندەبێتەوە کە هەرسێ ڕستەکە چەمکی ڕقلێبوون نیشاندەدەن، بەڵام بە ڕێژەی جیاواز، بەجۆرێك لە ڕستەی (٩ب)دا زیاترە لە ڕستەی (٩أ)، لە ڕستەی (٩پ)شدا زیاترە لە ڕستەی (٩ب).هەریەك لەو ڕستانەش بەپێی ڕێژەی هەڵچوونەکان، کاردانەوەی جیاواز لە لای گوێگر دروستدەکەن.

## ٢/٢-٢-٣/٢ دەورووبەری کلتوری

مرۆڤ تا کردەی پەیوەندیکردنێکی سەرکەوتوانە ئەنجامبداتو بگاتە ئامانج، پێویستە ڕەچاوی ئەو پەیوەندییە کۆمەڵایەتی و کلتورییانە بکات، کە لە چوارچێوەی زمانەکەیدا ڕەنگدەداتەوە. ( گودنۆ Goodenough) سەبارەت بە کلتوری کۆمەڵایەتی پێیوایە، هەموو

[١]علی حمید خضر (٢٠١٤: ٤٢)

ئەو زانین‌و بیروباوەڕانەیە، کە بە شێوازێکی پەسەندکراو، لەلایەن ئەندامانی کۆمەڵگایەکەوە بەکاردەهێنرێت،[1] بێگومان زمانیش وەك کردەیەکی کۆمەڵایەتی، لەو کاریگەرییە کلتوری و کۆمەڵایەتییانە بەدەرنییە. ((زمان زادەی بیرو کلتوری ژینگەی خاوەن زمانە. هەموو ئەمانەش ڕۆڵیان لە بەرهەمهێنانی واتاکەیدا دەبێت، کە بە چەندین سەرچاوەوە دەبەسترێتەوە))[2]. بۆ نموونە وشەی (ئازادی، دادپەروەری، ستەم) واتایەکی گشتی و بنەڕەتییان هەیە، کە هەموو تاکەکانی ژینگەیەکی زمانی تێیدا بەشدارن، بەڵام هەریەك لەم وشانە، بەپێی ئاستی ڕۆشنبیریی هەر تاکێك، واتایەکی تایبەتیشیان هەیە، چونکە هەر تاکێك لە تاکەکانی ژینگەیەکی زمانی، لە درکپێکردنی ئەو واتایانەدا جیاوازن. یان لە زمانی عەرەبیدا بەکارهێنانی وشەی (عقیلە– خاتوون) دەلالەت لە چینێکی کۆمەڵایەتیی بەرز دەکات هەمبەر بە وشەی (زوجە– ژن)، کە لەلایەن چینی مامناوەند و هەژارەکانەوە بەکاردەهێنرێت، هەردوو وشەکەش نیشانە کۆمەڵایەتییەکانی زمان دەخاتەڕوو.[3]

هەروەها ئەگەر بڕوانینە وشەی (چاندن) بەپێی دەوروبەرە کلتورییەکەی، واتاو مەبەستەکەی دەگۆڕێت، بۆ نموونە (چاندنی ڕووەك، یان درەخت) لەو شوێنانەدا بەکاردێت، کە باس لە کشتوکاڵ و باخداری دەکرێت، لەکاتێکدا (چاندنی ئەندامەکانی لەش) لەو شوێنانەدا بەکاردێت، کە پەیوەستە بە بواری تەندروستییەوە، لەلایەکی ترەوە لە بواری جەنگدا، دەگوترێت چاندنی مین. هەروەها دەوروبەری کلتوری ڕۆڵێکی گرنگی لە پرۆسەی وەرگێڕاندا هەیە، چونکە دەق وەك دیاردەیەکی کلتوری لێیدەڕوانرێت، کە بەهۆیەوە دەتوانرێت بۆچوونەکان بەدەستبخرێت، کە پەیوەستن بە بونیادی کۆمەڵایەتی‌و کۆمەڵە کلتورییەکانەوە.[4] لەم ڕوانگەیەوە پێویستە کەسی وەرگێڕ، بە گرنگییەوە لە دەوروبەری کلتوری و دەقی وەرگێڕراو بڕوانێت، بۆئەوەی لە ڕاستی نزیکببێتەوە، چونکە وەرگێڕان پرۆسەیەکی ئاڵۆزە، بەتایبەت ئەگەر دەقەکە دەقێکی پیرۆزو باڵا، یان فەلسەفی، یان ئەدەبی بێت، بۆیە ئەگەر وەرگێڕ تەنها پشت بە واتای فەرهەنگی ببەستێت،

[1] تریفە عومەر ئەحمەد (٢٠٠٨: ٤٩)

[2] هۆگر مەحمود فەرەج (٢٠٠٥: ١٢٨–١٢٩)

[3] فطومة لحمادی (٢٠٠٨: ٢٥٣)

[4] سەرچاوەی پێشوو(٢٥٤)

ناتوانێت بگاتە واتای مەبەست،[1] بۆ نموونە لە زمانی ئینگلیزیدا ئەگەر بگوترێت ( He is a green man)، ئەگەر لە ڕووی فەرهەنگییەوە لەم دەقە بڕوانین، بەبێ گەڕانەوە بۆ ئەو کلتورەی ئەم ڕستەیەی تێدا بەکارهێنراوە، ئەوا بەواتای (ئەو کەسێکی سەوزە) دێت، لەبەرئەوەی وەرگێڕ شارەزایی لەلایەنی واتایی خوازەی وشەی سەوزدا نییە، کە لە زمانی ئینگلیزیدا بە واتای (بێ ئەزموونی و سادەیی) دێت، بۆیە ڕستەکە بەو شێوەیەی سەرەوە وەردەگێڕێت.[2]

## ٣/٢-٢-٣/٢ دەوروبەری زانیاری

ئەم دەوروبەرە ئاماژە بەو زانیارییانە دەکات، کە قسەکەر لەبارەی دنیاوە دەیزانێت.[3] زانیارییە دنیاییەکانیش لەلایەن قسەکەرەوە هەڵدەگوێزرێت و بە جفرە دەینێرێت بۆ گوێگر، گوێگریش بەپێی ئەو باکگراوند و پرنسیپانەی لەگەڵ قسەکەردا هاوبەشی تێدا دەکات، شیدەکاتەوەو واتایەك، یان چەند واتایەکی تر دەدات بەو ڕستەو فۆڕمەی، کە پێیگەیشتووە.[4]

١٠.أ. سەرت لە فەرمانگەکە دا؟

ب. ئەمڕۆ شەممە بوو.

زانیارییە کۆمەڵایەتییەکان لەنێوان قسەکەرو گوێگردا هاوبەشە. لە ڕستەی (ب)دا گوێگر دەزانێت، کە ڕۆژانی شەممە پشووە، هەمان زانیاریش لای نێرەر هەیە، کەواتە بۆئەوەی بتوانرێت ئەو پەیوەندییە دروستبێت، پێویستە لەسەر بەکارهێنەری زمان، پشت ببەستێت بەو زانیارییە دونیاییانەی، کە هەیەتی دەربارەی ئەو بابەتەی، کە پێیدەدوێت، ئەویش لە ڕوانگەی ئەو پێشینە زانیاری و ڕۆشنبیرییەی، کە لە یادگەیدا هەڵگیراوە.

---

[1] علی حمید خضر (٢٠١٤: ٤٧)

[2] مهری باقری (١٣٩٢: ٢٠٤)

[3] سازان رضا معین (٢٠٠٥: ٧١)

[4] ئاڤێستا کەمال مەحمود (٢٠٠٩: ١٦)

## ٣/٢-٢-٢/٤ دەوروبەری بار

بریتییە لەو بارودۆخە دەرەکییانەی، کە وشەی تێدا بەکاردەهێنێت، هەموو ئەو شتانە دەگرێتەوە، کە پەیوەستن بە بارودۆخی کۆمەڵایەتی، کلتوری و دەروونیی قسەکەرانەوە. ئەم دەوروبەرە گرنگی دەدات بەو بارودۆخەی، کە ئاخاوتنەکەی تێدا ڕوودەدات. بەشێوەیەك وا لە قسەکەر دەکات، کە ئەو وشانەی بەکاریدەهێنێت لەبەر هەر هۆکارێك بێت، چەمکی ڕێز، یاخود ترس بێت، وشەکان لە واتای ڕاستی خۆیان بۆ واتای خواستراو لادەدەن، یاخود بەشێوەی ئاماژەیی دەردەبڕێن،[1] بەپێی دەوروبەری بار بۆئەوەی لە واتای گوتراوێك بە ئاشکرا تێبگەین، پێویستە بگەڕێینەوە بۆ ئەو بارودۆخەی، کە دەقەکەی تێدا گوتراوە، چونکە یارمەتیدەرن بۆ ڕامالینی هەموو گومان و دوو دڵییەك.

١١. شیلان بەخێر بێیت.

لە ڕستەی (١١)دا ئەگەر بەو بارودۆخ و کاتو شوێنەوە نەبەسترێتەوە، کە ڕستەکەی تێدا گوتراوە، ناتوانرێت پەی بە واتاو مەبەستەکەی بەرین، بەجۆرێك لە بارێکی ئاساییدا، کاتێك (شیلان) سەردانی شوێنێکی کردبێت، لەلایەن کەسێکەوە بەخێرهاتنی کراوە، بەڵام ئەگەر (شیلان) خوێندکارێك بێتو دوابکەوێت، کاتێك دەچێتە ژوورەوە مامۆستا پێیدەڵێت بەخێربێیت، ئەوا ئەو مەبەستە ناگەیەنێت، بەڵکو مەبەست پێی توانجە.

لایەنێکی تری گرنگیی ئەم دەوروبەرە دیاریکردنی ئەو ژینگە کۆمەڵایەتییەیە، کە ئاخاوتنەکەی تێدا ئەنجامدەدرێت.

١٢.أ. بۆخۆتان خۆشبن.

ب. دواناخۆشیتان بێت.

ئەگەر لە بۆنەیەکی خۆشیدا، یان لە ئاهەنگێکدا ڕستەی (١٢أ.ب) بەرهەمهێنرابێت، ئەوا مانای بێڕێزیو ناپەسەندیی دەربڕاوەکە دەگەیەنێت، بەڵام ئەگەر ئەم دەربڕاوانە لە بۆنەیەکی

---

[1] مراد حاجی محند (٢٠١٢: ٣٦)

ناخۆشدا، یان لە پرسەیەکدا بەکاربهێنرێت، ئەوا واتای گونجاوی دەربڕاوەکە دەگەیەنێت، چونکە ئەم دەربڕاوانە تایبەتن بە بۆنەی پرسە، یاخود ناخۆشی.

بەشێوەیەکی گشتی، ئەو ڕەگەزانەی کە ئەم دەوروبەرەی لێ پێکدەهێنرێت، لەم لایەنانەی خوارەوە پێکدێن:[1]

١. قسەکەر: بینینی قسەکەر لەکاتی ئاخاوتندا یارمەتیدەرە بۆ تێگەیشتن لە کردەی ئاخاوتن، چونکە هەموو قسەکەرێك تایبەتمەندی و شێوازی دەنگی خۆی هەیە.

٢. کەرەستەی ڕووداوەکان: واتە ئەو بابەتانەی، کە گفتوگۆی لەبارەوە دەکرێت، هەموو ئەو ڕووداوانەی، کە پەیوەندییان بە گفتوگۆوە هەیە، دەگرێتەوە، چونکە هەموویان لە تێگەیشتنی ڕووداوو کردەی پەیوەندیکردندا یارمەتیدەرن.

٣. کات و شوێن: ناکرێت بێئاگابین لەو کاتو شوێنەی، کە گفتوگۆکەی تێدا ڕوودەدات، لەپێناو گەیشتن بە واتای مەبەست.

٤. پەیوەندیی نێوان بەشداربووانی ئاخاوتن لە ڕووی پلەوپایە و جۆری ئەو پەیوەندییەی لەنێوانیاندا هەیە، چونکە ڕێڕەوی گفتوگۆکان بەپێی پلەوپایە و ئاستی قسەکەرو گوێگر جیاواز دەبێت، بۆ نموونە گفتوگۆی نێوان دوو هاوڕێ لە یەك ئاستدا جیاوازە لە گفتوگۆی نێوان فەرمانبەرو بەڕێوەبەرەکەی، یان کوڕو باوکێك.

٥. ئەو بارودۆخەی کە گفتوگۆکەی تێدا ڕوودەدات.

## ٢/٣-٢-٢/٥ دەوروبەری فیزیکی

مەبەست لەم دەوروبەرە ئەوەیە، کە گفتوگۆکە لە چ شوێنێکدا ئەنجامدراوەو بەرەو کوێ دەچێت، هەروەها دەرکەوتنی ئەو کەرەستانەی، کەلە دەوروبەردا هەیە، واتە دیاریکردن و ئاماژەدانە بەو پەیوەندییە کاتی و شوێنیانەی،کە ئاخاوتنەکەی تێدا ئەنجامدەدرێت، هەروەها

[1] بروانە مراد حاجی محند(٢٠١٢: ٣٧) ، علی حمید خضر (٢٠١٤: ٤٥)، سالم سلیمان الغماش(١٤٢٨: ٥٠)

دیاریکردن و ڕوونکردنەوەی ئەو ڕووداوەی، کە ڕوویداوە، چییەو پێگەو پێشکەشکردنی بابەتەکە لەکوێیەو شیاوی شوێنی ڕستە گۆکراوەکان تاقیدەکاتەوەو گونجاوی و نەگونجاوییان لە ڕووی نەریتە تایبەتیو گشتییەکانەوە دەخاتەڕوو.[1]

١٣. زەنگی کەنیسەکە لێیدا.

١٤. تکایە بە گۆرەوییەوە مەیەرە ژوورەوە.

بە وردبوونەوە لە ڕستەکانی (١٣، ١٤) لەچوارچێوەی دەوروبەرە فیزیکییەکەیدا، کە ڕۆڵی پەیوەندییە شوێنییەکەمان بۆ ڕووندەکاتەوە، بەجۆرێك لە ڕستەی (١٣) بەپێی دەوروبەرە فیزیکییەکەی، تەنها بۆ ئەو شوێنانە دەستدەدەن، کە پەیڕەوکەرانی ئایینی مەسیحی تێدایە، بەدەر لەو شوێنە، ئەو ڕستەیە بە دەربڕراوێکی نەشیاو سەیردەکرێت. ڕستەی (١٤)ەش، ئەگەر نەیبەستینەوە بە دەوروبەرێکی فیزیکییەوە، ئەوا ئەو دەربڕراوە بە نەگونجاو سەیردەکرێت و جۆرێك لە ڕووشکاندنی تێدایە، بەڵام بە گەڕانەوەمان بۆ دەوروبەرە فیزیکییەکەی وەك ئەوەی لە شوێنێکی گشتی بەتایبەت لە مزگەوتدا، ئەوا دەربڕراوێکی گونجاوە، بەوەی کە مزگەوت شوێنێکە بۆ خواپەرستی و نوێژکردن، پێویستە پاکوخاوێنی تێدا ڕابگیرێت.

هەر سەبارەت بە پەیوەندیی شوێنی، لەچوارچێوەی ئەم دەوروبەرەدا لە زۆربەی زمانەکاندا وشەکانی (لێرەو لەوێ) هەیە، کە بۆ جیاکارییە لەنێوان شوێن دوورو نزیکی قسەکەر سەبارەت بەو شتەی، کە باسی لێوەدەکات. واتە ئەم بەکارهێنانە بۆ دیاریکردنی دوور و نزیکیی قسەکەرە، لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی تریش دەگۆڕێت.[2]

---

[1] ئاڤێستا کەمال مەحمود (٢٠٠٩: ١٣)

[2] Palmer,(1981:60)

### ٣/٢-٢-٢/٦ دەوروبەری کۆمەڵایەتی

هەندێك لە دەربڕینەکانی زمان واتایەکی ئەوتۆ هەڵناگرن، بەڵکو زیاتر کارایەکی کۆمەڵایەتییان هەیە.[١]

١٥.أ.چۆنیت؟

ب. بەچییەوە خەریکی؟

گفتوگۆو قسەکردنەکان لەگەڵ یەکتردا، تێکەڵبوونێکی کۆمەڵایەتییە. واتە سازدانی چالاکییە بە هاریکاریی یەکتر. بەمشێوەیە زمان لەپاڵ بوونیدا وەك هۆکارێکی بنچینەیی بۆ پەیوەندیکردن و گەیاندنی زانیاری، وەك کردەیەکی کۆمەڵایەتی، خزمەتدەکات.[٢]

لەم ڕووەوە بۆئەوەی گفتوگۆکان وەك کردەیەکی ئاخاوتن، بەهای خۆیان لەو چوارچێوەیەدا وەربگرن، پێویستە ملکەچبن بۆ کۆمەڵێك یاساو پێوەر، کە بەردەوام دووبارەدەبنەوە. لەم ڕووەوە دەوروبەری کۆمەڵایەتی ((هەموو ئەو یاساو ڕێسایانە لەخۆدەگرێت، کە قسەکەرو گوێگر بەیەکەوە لە کردەیەکی گەیاندندا دەبەستێتەوە))[٣].

کەواتە بە ڕەچاوکردنو پەیڕەوکردنی یاسا کۆمەڵایەتییەکان و دیاریکردنی پەیوەندیی نێوان قسەکەرو گوێگر، ڕێگەدەدرێت هەندێك لە دەربڕاوەکان جۆرەها کردەی لەیەکگەیشتن بەرهەمبهێنرێتو بەپێچەوانەشەوە.

١٦. کوڕم تۆزێك ئاوم بۆ بهێنە.

١٧. *سەرۆك ڕاستگۆ بە.

١٨. جەنابی بەڕێوەبەر دەتوانی ڕۆژێك مۆڵەتم بدەی؟

---

[1] Palmer,(1981:52)
[2] Sebastian,(2002:27)

[٣]ئاڤێستا کەمال مەحمود(٢٠٠٩: ١٤)

هەریەك لە ڕستەكانی (١٦، ١٧، ١٨) سەرەوە پابەندن بەو دەورووبەرە كۆمەڵایەتییەی، كە تێیدا دەربڕاون، بێئەوەی خوێنەر لەو شوێنەی گفتۆگۆكەی تێدا ئەنجامدراوە، ئامادەبێت. ئاستی پەیوەندیی قسەكەرو گوێگر لە پلەوپایەو دەسەڵاتدا تێیدا دیارە، بەجۆرێك لە ڕستەی (١٦) ئاست و پلەو دەسەڵاتی قسەكەر بەرزترە لە گوێگرو لە ڕستەی (١٧) پێگەو دەسەڵاتی قسەكەر نزمترە لە گوێگر، ئەمەش وادەكات ئەم دوو ڕستەیە لە ڕووی دەورووبەری كۆمەڵایەتییەوە پەسەندبێت، بەڵام لە ڕستەی (١٧) بە پێچەوانەوەیە، ڕەچاوی پەیوەندیی نێوان قسەكەرو گوێگر نەكراوە، هەربۆیە لە ڕووی كۆمەڵایەتییەوە بە ڕستەیەكی نەگونجاو و ناپەسەند دادەنرێت، هەرچەندە ڕستەكە لە ڕووی فۆڕمی ڕێزمانی و ڕیزبوونی كەرەستەكانەوە تەواوە.

## ٤/٢ گۆڕانی واتایی

بەوپێیەی زمان دیاردەیەكی كۆمەڵایەتییە، لەگەڵ گۆڕانكارییەكانی كۆمەڵگادا ڕووبەڕووی گۆڕانكاری دەبێتەوە. لەئەنجامی ئەم گۆڕانكارییانە و پێویستییەكانی كۆمەڵگا، گۆڕانكاری لە پەیوەندیی نێوان هێماو هێمابۆكراودا ڕوودەدات، بە كۆی ئەم گۆڕانكارییانەش لەسەر ئاستی واتا دەوترێت گۆڕانی واتایی.

گۆڕانی واتا گۆڕانی سیمانتیك (semantic change)یشی پێدەوترێت، بریتییەلە گەشەكردنی بەكارهێنانی وشە، یان بەرهەمهێنانی ئەو واتا نوێیەی كە لە ئەنجامی بەكارهێنانی وشەكەوە دەستەبەردەبێت، بەجۆرێك واتا نوێكە تەواو جیاوازە لە بەكارهێنانە بنەڕەتییەكەی، بۆیە لەپاڵ گۆڕانی سیمانتیكیدا هەریەك لە زاراوەكانی گواستنەوەی واتا یان گەشەپێدانی واتایی یان لادانی واتایشی پێوتراوە،بەپێی بۆچوونی هەندێك لە زمانەوانەكان بەتایبەت ئەوانەی شوێنكەوتەی ڕێبازی دیاكرۆنین، پێیانوایە هەر وشەیەك جگەلە واتا بنەڕەتییەكەی توێكڵەواتاشی هەیە، ئەم توێكڵە واتایە یان لە ئەنجامی زیادكردنی واتاوە یان لابردنی واتاوە چێدەبێت، لەبەرئەوە لە زانستی مێژووییدا، گۆڕانی واتا بریتیەلە گۆڕانی یەكێك لە واتای وشەكە. جگەلەوانەش دەشێت گۆڕانی واتایی بەپێی تێپەڕبوونی كات واتاكەی بگۆڕێت، لێرەدا مەودای دركپێكردنەكان بە بەستنەوەی بە شوێن و كاتەوە واتای جیاواز بەرهەمدەهێنێت، لێرەوە

دەكرێت گۆڕانی واتایی وەك بەشێك لە ئیتمۆلۆجی، ئۆنۆماسیۆلۆجی، سێماسیۆلۆجی، سیمانتیك ببینرێت[1].

دوای بڵاوبوونەوەی پەرەسەندن لە زانستی بایلۆجیدا لەلایەن (داروین)ەوە، بیرۆكەی گۆڕان وەك باڵی بەسەر هەموو لقەكانی زانستدا كێشا، لەم نێوەندەدا زمانەوانەكانیش لەم شۆڕشە بەدەرنەبوون و كەوتنەژێر كاریگەری ئەو گۆڕانەوەو لەم بوارەشدا چەندین لێكۆڵینەوەیان ئەنجامدا هەروەك لێكۆڵینەوە لە چۆنێتی لەدایكبوونی وشەكان و مردنی وشەكان و بەرهەمهێنانی زاراوەكان. زمانەوانەكان لەم لێكۆڵینەوانەدا ئەوەیان خستەڕوو كە وشە لە توانایدا هەیە جگەلە واتاكەی خۆیی بە واتایەكی دیكەش بەكاربهێنرێت، بەمەش دەكرێت كێڵگەی واتاییەكەی بگۆڕێت، یان بە وشەیەكی دیكە لە كێڵگەیەكی تردا چالاك بكرێن، كە ئەم گۆڕانەش بێگومان بەپێی سەردەم ڕوودەدات. زانای ئەلمانی (كارڵ رایزبك ) لە دوتوێی وانەوتنەوەیدا دەربارەی فیلۆلۆژی زمانی لاتینی، ئەو پێشنیازەی خستەڕوو، كە پێویستە ڕاڤەكردنو توێژینەوە لە واتای وشە وەك زانستێكی سەربەخۆ ئەنجامبدرێت، دواتریش ئەم زانستەی بە سیمیۆلۆژی ناوبرد[2] كۆهینیش لە كتێبەكەیدا بەناوی (The diversity of meaning )لە وەڵامی ئەو پرسیارەدا كە ئاخۆ واتا دەگۆڕێت؟ دەڵێت: هەمان وشە لە كات و سەردەمێكی تردا واتایەكی تر وەردەگرێت و بیرێكی تر ڕووندەكاتەوە، ئەم گۆڕانەش بریتیە لە گۆڕانی واتایی

هەر لەم بارەیەوە (ئۆڵمان)یش پێوایە خودی واتا بریتییە لەو پەیوەندییە ئاڵوگۆڕەی لەنێوان ناو و ناولێنراودا هەیە و هەر گۆڕانێك لەو پەیوەندییەدا ڕوودات، بە گۆڕانی واتایی دادەنرێت. هەندێكێش لە زمانەوانەكان پێیانوایە، گۆڕانی واتای وشە بەهۆی گۆڕانو پێشكەوتنی باری كۆمەلایەتی مرۆڤەوە دەستەبەردەبێت، هەروەها زمان لە هەموو ئاستەكانیدا لە هەر قۆناغێكی گەشەكردنیدا بێت خاوەنی تایبەتمەندێتی خۆیەتی، گۆڕانی واتای وشەش بەپێی ئەو تایبەتمەدێتییەو پێڕەوە ڕوودەدات، هەروەك (كویتیش) وەك زمانەوانێك گۆڕانی واتا بە تێپەڕبوونی كاتی بەكارهێنانی واتای وشەكان دادەنێت[3].

---

[1] بڕوانە فەرهاد تۆفیق (٢٠١٥: ٨٦–٨٧)

[2] عەبدوڵڵا عەزیز محەمەد،(١٩٩٠: ٦٠)

[3] عبدالواحد موشیر دزەی،واتاسازی وشەو ڕستە(٢٠١١: ١٩١)هەروەها بڕوانە:غازی عەلی خورشید، (٢٠١١: ٢٢) .

گۆڕانی واتا دیاردەیەك نییە لە پڕ سەرهەڵبدات، بەڵكو (زۆر كات گۆڕانی واتا هێواش هێواش بەشێوەی تەدریجی ڕوودەدات، بەڵام لە كۆتاییدا بە گۆڕانكارییەكی گەورەوە لە واتادا كۆتایی پێدێت)[1].

ئەم گۆڕانانە لە ئەنجامی چەند بارە لێكدانەوەیان ئەنجامدەدرێن، لەمبارەیەوە( Hansan باوەڕی وایە تیۆری هاندانی هەڵهێنجانی واتایی لە سیمانتیكدا( Invited Inferenciy Theory of semantics)، (كە لەلایەن تراتگۆت و داشەر- and Tradgot dasher)ەوە دانراوە، لەسەر ئەو بنەمایەیە، كە گۆڕانی واتایی لە حاڵەتی ئاساییدا هێواش هێواش ڕوودەدات، ئەو گۆڕانانە بە تێگەیشتن و هەڵهێنجانی واتا لە دەقەكان دەستپێدەكات، تا دواتر ئەو واتایە سەربەخۆیی بەدەستدێنێت، واتە بە مانا نوێكەی لە دەقی تریشدا بەكاردێت.[2] بۆ نموونە كۆمەڵێك وشە هەن لەسەردەم و كاتێكی دیاریكراوی مێژووییدا لە زمانێكدا بەكارهاتوون، كە ئەو وشەیە بەهۆی گۆڕانی سیاسی و كۆمەڵایەتیو كلتوری و مەزهەبییەوە، چیتر لە فەرهەنگی ئەو زمانەدا نەماون و قسەكەرانی چیتر لەناو خۆیاندا بەكاریاننەهێناون.[3]

هەموو بابەتە دونیاییەكانو تەنانەت ڕۆحییەكانیش كاریگەریی فراوانیان لەسەر گۆڕینی واتای وشە هەیە، هەروەك (كەلتور، ڕەهەندە كۆمەڵایەتییەكان، تەمەن، ئاستی ڕۆشنبیری، ئایین و خوێندنەوەی نویَ بۆ دەقە پیرۆزەكان...هتد). ئەوەی گرنگە لێرەدا، بایەخدانە بەلایەنی مێژوویی لە گۆڕانی واتای وشەدا، چونكە لێكۆڵینەوە لەم بابەتە، پێویستی بە ئاگایی تەواو هەیە لە هەموو ئەو قۆناغە مێژووییانەی، كە ئەو وشەیەی پێدا تێپەڕیوە، تاكو دەرفەتی واتای بنەڕەتیی وشەكە بڕەخسێت، دواتر بتوانرێت لەسەر واتا نوێیەكەی قسەبكرێت. سەرەنجام تێگەیشتن لەبارەی هۆكاری پشت ئەو گۆڕانانەوە دەزانرێت.[4] بەڵگەش بۆ ئەمە، لە زمانی كوردیدا شیعری شاعیران و نووسەرانی كوردە بەتایبەت شاعیرانی كلاسیك و نووسەرە دێرینەكانی وەك (مەلای جەزیری و

---

[1] محمود سعران (٢٨)

[2] Maj, and Mosegard,(2008:68)

[3] مهری باقری (١٣٩٢: ٢٠٦)

[4] يحيى عبابنة، امنةالزعبى (٢٠٠٥: ١٠٢)

ئەحمەدی خانی و بابەتاهیری هەمەدانیو ...هتد)، کە خوێنەر بە ئەستەم دەتوانێت لەو شیعرانە، یان نووسینانە تێبگات، چونکە ئەو وشانەی، کە بەکاریانهێناوە ئاستەنگ لەبەردەم تێگەیشتنی خوێنەر دروستدەکەن.

هەندێك لە لێکۆڵەران باوەڕیانوابوو، ئەو گۆڕانکارییە واتاییانەی، کە لە وشەو دەستەواژەکاندا ڕوودەدات، دەبێتەهۆی دەرکەوتنی واتای نویٚ لەبری واتا کۆنەکان، لە ڕاستیدا بنەڕەتیترین خەوش لە زۆرینەی پۆلێنەکانی گۆڕانی واتاییدا لەسەر ئەو گریمانەیە دامەزراوە، ئەوەیە، کە واتایەکی کۆن دەگۆڕێت بۆ واتایەکی نویٚ، بەو مانایەی هەندێك پەیوەندیی ڕاستەقینە لەنێوان ئەم دوو واتایەدا هەیە، کەواتە بەپێی ئەم گریمانەیە، پەیوەندیی نێوان واتا کۆن و نوێیەکەی ناڕاستە.[1]

### ٢/٤–١ هۆکارەکانی گۆڕانی واتایی

ئەوەی زانستی واتا لە زانستەکانی تر جیادەکاتەوە، بریتییە لەو گۆڕانکارییانەی، کە لەم زانستەدا ڕوودەدات و چەندین هۆکاری جیاوازیش دەبنەهۆی گۆڕانی واتایی. (مایيە) پێیوایە سیٚ هۆکاری سەرەکی هەن، کە ئەم گۆڕانە واتاییە دروستدەکەن، ئەوانیش بریتین لە (زمانەوانی، مێژوویی، کۆمەڵایەتی)[٢].

بەشێوەیەکی گشتی، هەروەك (ئۆڵمان )ئاماژەی پێداوە جگەلەم سیٚ هۆکارە، کە ڕۆڵی سەرەکی لە گۆڕانی واتادا دەبینین، هەندێك هۆکاری دیکەش هەمان ڕۆڵ دەبینین، هەروەك لە خوارەوە بە چەند خاڵێك ئاماژەی بۆ کراوە:

١. بەکارهێنان: بەکارهێنانی وشەکان لە ڕووی ڕاستی (حقیقە)و خوازە (مجاز)ەوە، واتای وشەکان دیاریدەکات. ئەگەر هەریەك لە وشەکانی (الصلاه، الصوم، المؤمن، الکافر، ...هتد) لە زمانی عەرەبیدا بە نموونە وەربگرین، هەریەکەیان بە واتایەکی دیاریکراو بەکارهێنراون، بەڵام بە هاتنی ئاینی ئیسلام، واتاکانیان گۆڕاوە، وشەی (الصلاه) بەر لە هاتنی ئاینی ئیسلام، بە واتای

[1] Brian D. Joseph and Richard D .Janda(2003:652)

[٢] احمد مختار (١٩٨٢: ٢٣٢)

دوعا بەکارهاتووە، وشەی (الصوم) بە واتای وازهێنان لە کارێك بەکارهاتووە، بەڵام دواتر واتاکانیان گۆڕاوە بۆ پاڕانەوەو خۆگرتن لە خواردنو کۆمەڵێك شتی تر.[1]

کەواتە بەکارهێنانی وشەو دەستەواژەکان دانانی واتای نوێ بۆیان، بە مانای ژیان پێبەخشینیان دێت، بە پێچەوانەشەوە واتە لەکارکەوتن و مردنیان. (ئیبراهیم ئەنیس) چەند بنەمایەکی بۆ بەکارهێنان دیاریکردووە:

أ. خراپ تێگەیشتن: ئەو ڕەوشتەیە، کە بەسەر وشەکاندا دێت، کاتێك بۆ یەکەمجار وشەیەك دەبیسترێت، دەبێتەهۆی خراپ تێگەیشتن لەو وشەیە.[2] سەرەنجام مێشك واتایەکی دوور لە واتا ڕاستەقینەکە بەدەستەوەدەدات، کە بە هیچ شێوەیەك پەیوەندی بە واتای وشەکەوە نییە، کە ئەمەش دروستبوونی واتای نوێیە بۆ وشەکان لە نەوەکانی داهاتوودا.

ب. بەڵای وشەکان: ئەم دیاردەیە، لەو وشانەدا ڕوودەدات، کە لە پیتەکاندا هاوبەشن، بەڵام واتاکانیان جیاوازە. بەزۆری لەو وشانەدا ڕوودەدات، کە سازگەی پیتەکانیان لەیەکترییەوە نزیکن، بۆ نموونە لە زمانی عەرەبیدا گۆڕانی پیتی (س) لە وشەی (السخد)دا، کە بە واتای (هیلاکی) دێت، بۆ پیتی (ت) (التخد) واتاکەی دەگۆڕێت بۆ (پیسی). ئەم هۆکارە زیاتر پەیوەندی بە دەنگ و مۆسیقای وشەکانەوە هەیە، بەشێوەیەك ئەگەر دەنگی وشەیەك ڕوونو ئاشکرابوو، ماناکەی بە جێگیری دەمێنێتەوە، بەڵام ئەگەر دەنگێك ناڕوون بوو، یان نزیك بوو لە دەنگی وشەیەکی ترەوە، ئەوا زۆرجار گۆڕانکاری لە واتاکەیدا دروستدەبێت.[3]

هەندێکجار ئەم دیاردەیە دەبێتەهۆی لەناوچوونی وشەکان. لەم بارەیەوە (فندرس) دەڵێت: وشەی (OS)، کە بەواتای دەم دێت، لە زمانە ئەوروپییەکاندا پووکاوەتەوە، کە سەرجەمیان لە زمانی لاتینییەوە سەرچاوەیان گرتووە.[4]

---

[1] نور الهدى لوشن (٢٠٠٦: ٥٥)

[2] جاسم محمد عبدالعبود (٢٠٠٧: ١٧٩)

[3] نور الهدى لوشن (٢٠٠٦: ٥٥)

[4] جاسم محمد عبدالعبود (٢٠٠٧: ١٨٠)

پ. لەکارکەوتنی وشەکان: هەندێك وشە لە هەموو زمانەکانی جیهاندا بە هۆکاری سیاسی و کۆمەڵایەتی و سۆزداری، تووشی لەکارکەوتنو گۆشەگیری دەبن، وەك هەڵوەشاندنەوەی نازناوەکانی (پاشا —ئەفەنی —بەگ) لە میسر، بەهۆی کشانەوەی تورکیا لە میسر. وشەی (وەزیر)یش چووەتەناو زمانی ئیسپانی، کە بەواتای پۆلیس دێت.[١]

زۆربەی کات ئەو وشانەی تووشی لەکارکەوتنو گۆڕانکاری دەبنەوە، پەیوەندییان بە لایەنی سۆزداریو پێکهاتەی بایۆلۆژیی مرۆڤ و لایەنی سێکسییەوە هەیە، هەربۆیە ئەو وشانەی لەم بوارانەدا بەکاردێن، گۆڕانکارییەکان خێراتر تێیاندا ڕوودەدات، چونکە لەهەر زمانێکدا کاتێك باس لەم لایەنانە دەکرێت، چەندین وشەی نهێنی و گشتگیر لەبری ئەو وشانە بەکاردەهێنرێن. ئەو وشانەی لەم بوارەدا بەکاردەهێنرێن، لە زماندا بە وشەی قەدەغەکراو (تابۆ) ناسراون، بەمپێیە دیاردەی ترس و پیاهەڵدانو تابۆ، یەکێکی ترن لەو هۆکارە کۆمەڵایەتییانەی، کە کاریگەرییان هەیە لەسەر گۆڕان، یان لەکارکەوتنی واتای وشەکان)[٢].

لە زمانی کوردیدا زۆر وشە هەن، بەهۆی ئەو لایەنانەوە لەکارکەوتوون و وشەی تر لەبریان بەکارهاتووە، بۆ نموونە لەبری وشەی (مردن)، کۆمەڵێك دەستەواژەو وشەی وەك (کۆچی دوایی کرد، فەرمانی خوای بەجێهێنا، مۆمی تەمەنی کوژایەوە ... هتد)، هەروەها لەبری وشەی (ئاودەست) وشەکانی (دەستشۆر، تەوالێت، ئەدەبخانە، Wc... هتد) بەکاردەهێنرێت.

ت. کورتبڕی: بنەمای ئابوریکردن لە وشەو دەربڕاوەکاندا لەناو زۆربەی زمانەکاندا بە بنەمایەکی گرنگ دادەنرێت، چونکە مرۆڤ هەمیشە هەوڵدەدات بە کەمترین ماوەو بەکارهێنانی کەمترین هێزو توانا، زۆرترین مانا بگەیەنێت، بەوپێیە بەکارهێنانی کەمترین هێز و توانا لە ئاخاوتندا بە هۆکارێکی تر دادەنرێت لە گۆڕانی واتای وشەکان لە هەموو بوارەکاندا. لە هەندێك لە وشە لێکدراوەکاندا، بە سڕینەوەی یەکێك لە بەشەکانی ڕیزبەندییەکە پەیڕەوی یاسای کورتبڕی کراوەو

---

[١] ابراهیم انیس (٢٠٠٤: ١٠٧)

[٢] مهری باقری (١٣٩٢: ٢٠٩)

له ئەنجامیشدا یەك وشە بۆ چەند واتایەکی جیاواز بەکاردێت، بۆنموونە وشەی (هەزار) لە ئەدەبیاتی فارسیدا بە واتای (هەزار داستان) دێت.[1]

٢. گۆڕانی لایەنی کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیریی: لە زۆر باردا، گۆڕان و گەشەکردن و لەناوچوونی وشەکانی زمان، پەیوەندییان بە گۆڕان و گەشەکردنی دابونەریت و لایەنی ڕۆشنبیریی کۆمەڵگاوە هەیە، چونکە وشەکان لەسەر بنەمای پێویستیی کۆمەڵگا بەدیهاتووە. لەم ڕوانگەیەوە، ئەمجۆرە لە گۆڕانی واتا، لەئەنجامی گەشە و پەرەسەندنی کۆمەڵگاکانەوە دروستدەبێت، هەروەها پێویستیی سەردەمی نوێ بە نوێکاری، دەبێتەهۆی لەدایکبوونی چەندین واتای نوێ بۆ وشەو دەستەواژەکان، هەتا ئەم وشە کۆنانە بتوانن لەگەڵ سەردەمی نوێدا خۆیان بگونجێنن.[2] بۆ نموونە لە کۆندا لە کۆمەڵگای ئێرانیدا چاڵی زۆر قووڵ هەڵدەکەنراو پڕیاندەکرد لە ئاو، بۆئەوەی لە زستاندا بیبەستێت و لە هاویندا سوود لە بەفرەکەی وەربگرن. بەو چاڵە دەگوترا (یەخچاڵ)، لەئێستادا لە زمانی فارسیدا (چاڵ) بە واتای ڕۆچوون دێتو ئامێرێك بۆ دروستکردنی بەفر و هێشتنەوەی خواردنەکان بەکاردێت، هەمان ئامێر بە (یەخچاڵ) ناودەبرێت.[3]

کەواتە هەندێك لە گۆڕانکارییە واتاییەکان لایەنی کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیریی ڕابوردوومان بۆ دەردەخەن، ئەوەش بەوە تێبینی دەکرێت، کە لەلای خاوەن زمانە جیاوازەکان ئارەزوویەکی بەهێز بۆ هێنانی هەندێك وشەی کۆن بۆ واتاو ناونانی نوێ هەیە، کە پێشتر هیچ بوونێکی نەبووە.[4]

زۆر وشە لە زمانی عەرەبیدا هەن، کە پێشتر لە سەردەمێکی دیاریکراودا بۆ واتایەکی تایبەت بەکارهێنراون، بەڵام بە هۆکاری گەشەکردنی کۆمەڵگا واتاکانیان فراوانبووە. ئەگەر بۆ مانا سەرەتاییەکانی هەریەکە لە وشەکانی (القطار، البرید، السیارە) بگەڕێینەوە، بە خەیاڵی هیچ کەسێکدا نایەت، کە (قیتار) بە ژمارەیەك (وشتر) گوترابێت، کە ڕیزیان بەدوای یەکدا بەستووە،

[1] مهری باقری (١٣٩٢: ٢١١)

[2] فرهاد عزیز (٢٠١٠: ٢٢٤)

[3] مهری باقری (١٣٩٢: ٢٠٨-٢٠٩)

[4] محمود السعران (٢٨٨)

یان (البرید) بە وڵاخێك گوترابێت، كە كەڵكی لێوەرگیرابێت بۆ گەیاندنی هەواڵ، یان (السیارە) بە كاروانێك گوتراوە، كە بەیەكەوە ڕێگەیان بڕیوە.[1]

لە زمانی كوردیدا وشەی (بەلوعە) بە ڕێگایەك گوتراوە لە شێوەی جۆگە بۆ كاتی لافاو، یان لە هەركاتێكدا، بەڵام ئێستا بۆ ئەو شتە بەكاردێت، كە لە تەنكی، یان هەر شتێك دەبەسترێت بۆ دەرچەی ئاو.[2]

٣. ئاین: یەكێكی تر لەو هۆكارانەی، كە كاریگەریی گەورەیان لەسەر گۆڕانی واتا هەیە، ئایینە، چونكە بەلای خەڵكەوە ئەو وشانەی، كە دەچنە چوارچێوەی ئایینەوە، بە پیرۆز دادەنرێن، بۆیە هەر زوو لە فەرهەنگی مێشكدا جێگیردەبن، پاش هاتنی ئایینی پیرۆزی ئیسلام، گەشە و گۆڕانێكی گەورە لە زمانی ئەو نەتەوانەدا پەیدابوو، كە پەیڕەوی ئایینی ئیسلامیان كرد، بەڵام ئەم كاریگەرییانە زیاتر لە زمانی عەرەبیدا ڕەنگیدایەوە، چونكە قورئانی پیرۆز بەو زمانە هاتووە. بەمپێیە دەركەوتنی ئایینی پیرۆزی ئیسلام، بووەهۆی دەركەوتنی چەندین واتای نوێ بۆ وشەكان، كە پێشتر بەو واتایە بەكاریاننەدەهێنا، بۆ نموونە وشەی (الفسق) بە واتای ئەو خورمایە دێت، كە لە توێكڵەكەی هاتبێتە دەرەوە، بەڵام دواتر واتاكەی گۆڕاو بەو كەسانە دەگوترا، كە لە فەرمانی خودا دەردەچوون.[3] كەواتە كاریگەریی ئیسلام تەنها بوارەكانی ژیانی نەگرتبووەوە.

ئەركە نوێیەكانی ئەم ئایینە پێویستیان بە وشەی نوێ هەبوو، بۆ گوزارشتكردن لێیان وەك (نوێژ، ڕۆژوو، زەكات، ...هتد). (ئەحمەد بن فارس) لە كتێبی (الصاحبی)دا، كە بەشێكی تەرخانكردووە بۆ ئەو دەستەواژانەی ئایینی ئیسلام هێناونی، دەڵێت: ((عەرەب لەسەر میراتی باووباپیرانیان بوون لە زمان و دابونەریتو قوربانی و هەڵسوكەوتدا، كاتێك خودا ئیسلامی كردە

[1] نور الهدی لوشن (٢٠٠٦: ٥٦)

[2] هەنبانەبۆرینە (١٣٨٤: ٤٦)

[3] فرهاد عزیز (٢٠١٠: ٢٢٦)

دیاری، ڕەوشت گۆڕا، ئایین لەبارچوو، هەندێك شت تێداچوو، هەندێك شتیش زیادبوون، هەندێك شتیش کران بە مەرج، چاوی لە هەندێك شتیش پۆشی))[1].

لە زمانی کوردیشدا زۆر وشە هەن، بە کاریگەریی ئایینی ئیسلام واتاکانیان گۆڕانیان بەسەردا هاتووە، بۆ نموونە وشەی (پارشێو) لەکۆندا بە واتای دوای دوانزەی شەو بەکارهاتووە، بەڵام بە کاریگەریی ئایینی ئیسلام،[2] ئەم وشەیە ئێستا بە واتای ژەمی خۆراك لە دوای نیوەشەوانی مانگی ڕەمەزاندا دێت.

٤. هۆکارێکی تری گۆڕانی واتای وشەکان، بریتییە لە وەرگرتنی وشە لە زمانێك، یان زارێکی ترەوە. زۆرجار ئەو وشانەی زمان وەکو خۆیان گۆڕانکارییان بەسەردا دێت، لە فەرهەنگەکەیدا جێیدەکاتەوە،[3] کە ئەمەش دیاردەیەکی سروشتییە و هیچ زمانێك لێی بەدەر نابێت، چونکە ئەم دیاردەیە زمان بە زیندوویی دەهێڵێتەوە، بەڵام قبوولکردنی ئەم وشانە لەلایەن کۆمەڵەوە، لە خاڵە سەرەکییەکانی ئەم گۆڕانەیە، ئەگەر کۆمەڵگا ئەم وشانە قبووڵنەکات و لە ژیانی ڕۆژانەیاندا بەکاریاننەهێنێت، ئەوا وشەکان ناتوانن ببنەبەشێك لە فەرهەنگی ئەو زمانە، هەروەها ویستی کۆمەڵگا لە بەکارهێنانی ئەو واتا نوێیانەدا، کاریگەریی بەرچاوی لە خێرایی جێگیربوونی ئەو وشانەدا لەناو تاکەکانی کۆمەڵگادا هەیە، بۆ نموونە وشەی (سارا)، کە هاتووەتە نێو فەرهەنگی زمانی کوردییەوە، لە بنەڕەتدا لە وشەی (صحراو) لە زمانی عەرەبیدا وەرگیراوە.[4]

٥. داهێنانکاری: مەبەست لەم دیاردەیە، بریتییە لە داهێنانی وشەی نوێو گواستنەوەی بۆ نێو زمان، کە ئەمەش لە ڕێگەی کەسە لێهاتووەکانەوە دەکرێت، وەك هۆنیار و ئەدیب و کۆمەڵە زمانەوانییەکان.[5] هەروەك (فیردەوسی، حافزی شیرازی، سەعدی شیرازی)، توانیان داهێنانی گەورە لە زمانی فارسیدا بکەن و لە ئەدەبی عەرەبیشدا نموونەی (امروالقیس) بەرچاودەکەوێت،

[1] جاسم محمد عبدالعبود (٢٠٠٧: ١٧٦)

[2] هەنبانەبۆرینە (١٣٨٤: ٩٧)

[3] نور الهدی لوشن (٢٠٠٦: ٥٦)

[4] مهری باقری (١٣٩٢: ٢٠٩)

[5] جاسم محمد عبدالعبود (٢٠٠٧: ١٨٣)

لە زمانی کوردیشدا هەر لەسەرەتای سەرهەڵدانی ئەدەبیاتی کوردییەوە تاوەکو ئەمڕۆ، نووسەران و شاعیران ڕۆڵێکی گرنگیان لە داهێنانی وشەی نوێ و پێشخستنی زمانی کوردیدا هەبووە.

٦. گواستنەوەی خوازە/میتافۆر: زۆر وشە لە زماندا هەن بە مانایەکی جیاواز و بە مەبەستێکی ڕوون بەکاردەهێنرێن، بەڵام بە بەکارهێنانیان بەشێوەیەکی میتافۆری، واتایەکی تر بەدەستەوەدەدەن، کە لە واتا بنەڕەتییەکەی دوورە، بۆ نموونە وشەی (ناڵکردن) لە زمانی کوردیدا بۆ ئاژەڵی ماڵی، بەتایبەت (هێسترو گوێدرێژ) بەکاردێت، بەڵام زۆرجار ئەم واتایە بەهۆی بەکارهێنانی بەشێوەی میتافۆڕی، واتا بنەڕەتییەکەی لەدەستدەداتو واتای نوێ وەردەگرێت، کە دەگوترێت (ناڵی کرد)، بەواتا (فریوی دا).

تایبەتییەکانی گۆڕانی واتایی

نور الهدی لوشن لە کتێبی (علم الدلالە)دا چەند تایبەتمەندییەکی گۆڕانی واتایی دەستنیشانکردووە، کە ئەمانەن:[١]

- گۆڕانی واتایی لەسەرخۆ و بە چەند قۆناغێك دەبێت، بەشێوەیەکی کتوپڕو خێرا ڕوونادات.
- دەستی مرۆڤی تێدا نییە، بەڵکو هەر لەخۆیەوە بە تێپەڕبوونی کات ڕوودەدات.
- یاساو ڕێسایەکی دیاریکراوی نییە.
- پەیوەستە بە کاتو شوێن و ژینگەوە، هەروەها جۆرو ڕادەی پێشکەوتنی زمان، لە سەردەمێکەوە بۆ سەردەمێکی تر دەگۆڕێت.
- هەرچەندە واتای وشەکە بگۆڕێت، بەڵام ئەو وشە نوێیەی، کە لەدایکدەبێت، هەر پەیوەندی بە وشە بنەڕەتییەکەوە، کە لێیوەرگیراوە، دەمێنێت.

---

[١]نور الهدی لوشن (٢٠٠٦: ٥٨)

## ٢/٤-٢ جۆرەکانی گۆڕانی واتایی

ڕێککەوتنێکی تەواو دەربارەی جۆرەکانی گۆڕانی واتایی لای زمانەوانەکان و واتاناسەکان نییەو پۆلێنکاریی جیاواز بۆ ئەمجۆرانە کراوە. (فندرس) دەڵێت: "گۆڕانی واتا لە گشتییەوە بۆ تایبەتی دەبێتەهۆی تەسکبوونەوەی واتا، بەپێچەوانەشەوە گۆڕانی واتا لە تایبەتییەوە بۆ گشتی، دەبێتەهۆی فراوانبوونی واتا، کاتێك واتاکانیان لێکچوون لەنێوانیاندا هەبێت، گواستنەوەی واتاش ڕوودەدات"[١]. (احمد موختار) لە کتێبی (علم الدلالە)دا گۆڕانی واتایی بۆ سێ جۆری سەرەکی پۆلێنکردووە. ئەم سێ جۆرە، گرنگترین جۆرەکانی گۆڕانی واتایین، جگە لەوانەش، چەندین جۆری تر بۆ گۆڕانی واتایی زیادکراوە، کە لەم بەشانەی خوارەوە پێکدێن:

### ٢/٤-٢-١ فراوانبوونی واتا

وەك پێشتریش ئامازەمان پێدا، واتای وشە بەپێی کات و سەردەم دەگۆڕێت، بەو مانایەی سنوری بەکارهێنانی پەلدەهاوێت‌و فراواندەبێت، هەندێك لە زمانەوانەکان فراوانبوونی واتای وشە بە زمانی منداڵ دەچوێنن و ئەمەش دەکەنە بەهانەیەك بۆ کەم ڕوودانی فراوانبوونی واتا لە زماندا، بۆ نموونە کاتێك منداڵ ئەیەوێت ناوی شتێك بنێت فراوانی دەکاتەوە بۆ هەموو ئەو دیاردانەی کە بەپێی تێگەیشتنی خۆی جۆرە لێکچونێك لەنێوانیاندا هەیە، هەروەك بەکارهێنانی وشەی (بابە) بۆ هەموو ئەو کەسانەی کە لە ڕووی دەموچاوەوە وەك باوکی دەردەکەوێت، یان بە وشەیەکی دیکە لە ڕووی سیمای سمێڵ و ڕیش و جلوبەرگەوە لە باوکی ئەچێت، یان وشەیەکی وەك (بەعە) بەرامبەر بە هەموو ئاژەڵێك بەکاردەهێنێت، یان بە هەموو باڵندەیەك دەڵێن (جوجە).[٢] لەگەڵئەوەشدا فراوانبوونی واتا دیاردەیەکی جیهانییەو زۆر بە ڕوونی لە زۆربەی زمانەکانی جیهاندا بەرچاودەکەوێت، تاڕادەیەکی زۆر لێکچوون دەربارەی ناساندن و پێناسەکردنی ئەم دیاردەیە هەیە، لە زۆربەی سەرچاوەکاندا فراوانبوونی واتایان، بە گۆڕانی واتای وشەیەك لە تایبەتییەوە بۆ گشتی، بەجۆرێك، کە وشەکە لە واتایەك زیاتر لەخۆدەگرێت، پێناسەکردووە.[٣] واتە وشەیەك لە سەردەمێکدا واتایەکی سنووردارو دیاریکراوی هەبووبێت، بەڵام

---

[١] فرهاد عزیز (٢٠١٠: ٢٢٧)

[٢] عبد الواحد موشیر دزەیی، لیکسۆلۆجی (٢٠١١: ٩٣)هەروەها بڕوانە: محمد معروف فتاح(٢٠١١: ١٢٨)

[٣] جاسم محمد عبدالعبود (٢٠٠٧: ١٨٥)

له ئێستادا به تێپەڕبوونی کات و لەبەر هەر هۆکارێك بێت، گۆڕان بەسەر واتاکەیدا هاتبێت و واتاکەی فراوانبووبێت، لە واتایەکی تایبەتییەوە گۆڕابێت بۆ واتایەکی گشتی، بەجۆرێك لەم پرۆسەیەدا، سیفەتە تایبەتییەکانی مانا نامێنێت، واتاکانیان دەخزێنەناو یەکتری.[1]
بە بیروڕای هەندێك لە زانایان ئەم دیاردەیە لە زمانەکاندا بە بەراورد بە تەسکبوونەوەی واتا، کەمتر بڵاوە، کەمتر کاریگەری لە گەشەسەندن و گۆڕانی واتاییدا هەیە، وەك ئاماژەمان پێدا، ئەم دیاردەیە زیاتر لە زمانی منداڵاندا دەردەکەوێت، لەمبارەیەوە (ئیبراهیم ئەنیس) دەڵێت: ((فراوانبوونی واتا کەمتر باوە لە تەسکبوونەوەی واتا و لە زمانەکاندا کەمتر کاریگەری لەسەر گۆڕینو گەشەکردنی واتا هەیە، بە بەراورد بە تەسکبوونەوەی واتا، نموونەش لەسەر ئەمە منداڵێك کاتێك تازە فێری قسەکردن دەبێت، دەیەوێت ناوی شتێك بهێنێت، کە ناوەکەی نازانێت، ئەوکات ناوی شتێکی تر دەهێنێت، کە نزیکتر بێت لەو شتە لە ڕووی شکڵو شێوەوە، ئەمەش لەبەر کەمیی وشەکان لەلای منداڵ))[2].

لە زمانی کوردیدا چەندان وشەمان هەیە، کە لە بنەڕەتدا بۆ واتایەکی تایبەت بەکارهاتوون، بەڵام ئێستا واتاکەیان فراوانبووە، بۆ نموونە وشەی (ڕووبەر) بەو بەشەی (لێفە) گوتراوە، کە بە ڕەنگی سوور، یان هەر ڕەنگێکی تر پۆشراوە، بەڵام ئێستا بە واتایەکی فراوان لە زماندا بەکاردەهێنرێت. هەروەها وشەی (بوار) بە شوێنی ڕاکردن، یان دەرچوون گوتراوە)، بەڵام ئێستا واتاکەی فراوانبووەو دەوترێت (بواری فێرکردن، بواری سەربازی، ...) وشەی (ئاواکردن) بە واتای ئاوەدانکردنەوە هاتووە، بەڵام واتاکەی فراوانبووە بۆ ( تێپەڕاندن، لەچاوونکردن، خواحافیزی) بەکاردێت.[3] (دەست) لە ئەندامێکی لەشی مرۆڤەوە فراوانبووەو دەوترێت: (دوودەست یاری، دەستێك جل...).*

[1] مهری باقری (١٣٩٢: ٢١٤)

[2] فرهاد عزیز(٢٠١٠: ٢٢٦)

[3] هەنبانەبۆرینە (١٣٨٤:٣٤٩، ٦١)

* هاوشێوەی ئەمە لە زمانەکانی تریشدا فراوانبوونی واتا بەدیدەکرێت، بۆ نموونە لە زمانی فارسیدا وشەی (سوار) لە کۆندا واتاکەی تەنها بەو کەسە وتراوە، کە بەسەر ئەسپەوە بووە، بەڵام ئێستا واتاکەی فراوانبووەو بەکەسێك، کە لەسەر هەر ئامێرێکی گواستنەوەی وەك (پاسکیل، ئۆتۆمبێل، فڕۆکە، کەشتی)یە، دەگوترێت سوار. هەروەها وشەی

## ٢/٤-٢-٢ تەسکبوونەوەی واتا

یەکێك لە ڕێگا بەرهەمدارەکان لە گۆڕانی واتادا بریتییەلە تەسکبوونەوەی واتا، ئەم دیاردەیەش کاتێ ڕوودەدات، کە مرۆڤ وشەیەك لە بەکارهێنانێکی بەرفراوانەوە بۆ بەکارهێنانێکی بەرتەسك دەگۆڕێت، بەجۆرێك ئەم گۆڕانە دەبێتەهۆی بەرهەمهێنانی واتایەکی نوێ لە زماندا.

بەپێیە تەسکبوونەوەی واتای وشەیەك، لەئەنجامی وازهێنان لە واتای گشتی وشەکەوە دەستەبەردەبێت و پسپۆڕی لە واتایەکی تەسکتردا پەیدادەکات، دیاردەی تەسکبونەوەی واتاش، کاردانەوەیەکە دژی دیاردەی فراوانبوونی واتا، چونکە تا فراوانبونی واتا ڕوونەدات ئەوا تەسکبوونەوەی واتاش ڕوونادات، واتە دیاردەی تەسکبوونەوەی واتا لە فراوابوونی واتاوە لەدایکدەبێت.[1]

تەسکبوونەوەی واتا لە دوو ڕێگاوە خزیوەتەوە نێو فەرهەنگەکان"[2] یەکەم لە ڕێگەی ئیتمۆلۆژییەوەو دووەم لە ڕێگەی تەسکبوونەوەی خۆی، چونکە لێکۆڵینەوە لەسەر تەسکبوونەوەی واتا هەرگیز بەبێ لایەنی ئیتمۆلۆژیی وشەکان ناکرێت و ئەنجامنادرێت، ئەم دیاردەیەش دیاردەیەکی گشتییەو لەزۆربەی زمانەکاندا هەیە، بۆ نموونە لە زمانی کوردیدا وشەی

(شبیخون) بە واتای هێرشی لەناکاوی شەوانە بەکارهاتووەو ئێستاش بە واتای هەر هێرشێك دێت لەهەرکاتێکدا بێت. بڕوانە: (مهری باقری (١٣٩٢: ٢٠٩-٢١٠) هەروەها وشەی (البأس) لە زمانی عەرەبیدا بە واتای شەڕ بەکارهاتووە، بەڵام واتاکەی فراوانبووە و ئێستا بۆ هەموو شەڕو ناخۆشیو ناڕەحەتییەك بەکاردێت. بڕوانە: (فرهاد عزیز(٢٠١٠: ٢٣٤) هەروەها وشەی (الورد) تەنها بۆ گوڵی سوور بەکارهاتووە، بەڵام لە ئێستادا بۆ هەموو جۆرە گوڵێك بەکاردێت. لە زمانی ئینگلیزیشدا وشەی (سەگ) لە کۆندا تەنها ئاماژە بوو بۆ جۆرێکی سەگ، بەڵام ئەم زاراوەیە گشتگیربووە بۆ هەموو جۆرە سەگێك. بڕوانە: ( Brian D. Joseph and Richard D.Janda(2003:469) هەروەها وشەی (born) لە پێشووتردا بە واتای گەنجینەی (جۆ) بەکاردەهات، بەڵام ئێستا واتاکەی بۆ هەموو جۆرە گەنجینەیەك بەکاردێت. وشەی (manuscript)یش بە واتای دەستنووس بەکاردەهات، بەڵام لە ئێستادا بۆ هەموو نووسراوێك بەکاردێت. بڕوانە: (محمودالسعران(٢٨٥) هەروەها وشەی (arrived) لەبنەڕەتدا بە مانای گەشت بە قەراغ دەریاوە بەکارهاتووە، بەڵام دواتر گشتگیرکراوە بۆ هەموو جۆرە گەشتێك. بڕوانە: (یحیی عبابنە، امنەالزعبی (٢٠٠٥: ١٠٦)

[1] فەتاح مامە(٢٠٠٧: ٦-٨) هەروەها بۆ زیاتر زانیاری دەربارەی ئەم بابەتە بڕوانە: محمد معروف فتاح(٢٠١١: ١٢٨)عەبدوڵڵا عەزیز محمد (١٩٩٠: ٧٩-٨١)

[2] فەتاح مامە (٢٠٠٤: ٩٩)

(قۆز) بۆ هەموو گیاندارێکی شۆخو شەنگ بەکارهاتووە، بەڵام ئێستا تەنها بۆ مرۆڤ و لە مرۆڤیشدا تەنها بۆ ڕەگەزی نێر بەکاردێت.[1] وشەی (کۆمار)یش بۆ چەند ڕەشماڵێك پێکەوە هەڵدرابن بە کۆمەڵ، گەل بەکارهاتووە، بەڵام ئێستا بە واتای سیستەمی سیاسی وەك (کۆماری عێراق) بەکاردێت.[2] هەروەها وشەی (قەباخ) بۆ هەرشتێك، کە بەرگێکی ڕەقی هەبێت، بەکارهاتووە، بەڵام ئیستا واتاکەی تایبەتکراوە بۆ قەباخی فیشەك.[3] وشەی (مەلە)یش بە واتای خۆشۆردن، هەروەها خۆشۆردن‌و ڕۆیشتن لەناو ئاودا بەکارهاتووە، بەڵام ئیستا واتای یەکەمی لەدەستداوەو تەنها بۆ ڕۆیشتن لەناو ئاودا بەکاردێت.[4]*[5]

## ٢/٤-٢-٣ گواستنەوەی واتا

زمانەوان (فەندریس )لەبارەی گواستنەوەی واتاوە ئەو بۆچوونە دەخاتەڕوو، کە گواستنەوەی واتا کاتێکدا ڕوودەدات ، هەردوو واتاکە بەرامبەر بەیەکتر یەکسانبن، یا هیچ پێچەوانییەك لەڕووی گشتی‌و تایبەتییەوە لەنێوانیادا نەبێت، وەك گواستنەوەی واتای وشە لە هۆکارەوە بۆ هۆ، یا بە پێچەوانەوە.[6]

گواستنەوەی واتایی بە دوو ڕێگەی سەرەکی ڕوودەدات، کە بریتین لە (خواستن‌و خوازە) هەروەك لەم نموونانەی خوارەوەدا خراوەتەڕوو:

یەکەم/ خواستن

---

[1] فەرهەنگی خاڵ – بەرگی سێیەم (١٣٧٦: ٣٤)

[2] فەرهەنگی خاڵ – بەرگی سێیەم (١٣٧٦: ١١٦)

[3] سەرچاوەی پێشوو (٤٤)

[4] سەرچاوە پێشوو(٣١١)

* لە زمانی عەرەبیشدا وشەی (الحریم) لەبنەڕەتدا بە هەموو ئەو شتانە دەگوترا، کە دەستلێدانیان قەدەغەکرابوو، بەڵام دواتر لە مانا گشتییەکەی لایدا و تایبەتکراوە و تەنها بە ژن گوتراوە. بڕوانە: نور الهدی لوشن (٢٠٠٦: ٥٧)، لە زمانی فارسیی کلاسیکیشدا وشەی (ڕەز) بە واتای (باخ) دێت و بە هەموو جۆرە باخێك گوتراوە (ڕەز)، بەڵام ئەمڕۆ وشەی ڕەز تایبەتکراوە بۆ باخی ترێ. بڕوانە: مهری باقری (١٣٩٢: ٢١٣) هەروەها وشەی (sorpse) لە کۆندا لە زمانی ئینگلیزیدا واتای لاشەی هەموو گیاندارێکی دەگەیاند، بەڵام دواتر واتاکەی تەسکبوویەوە و تەنها بە واتای لاشەی مرۆڤ بەکاردەهێنرێت. بڕوانە: محمود سعران (٢٨٥).

[6] عبدالواحد موشیر دزەیی، لیکسۆلۆجی، (٢٠١١: ٩٦)هەروەها: عەبدوڵلا عەزیز محەمەد (١٩٩٠: ٧٥)

خواستن ڕێگەیەکی هەرە سەرەکی و گرنگ و بەربڵاو بەرهەمدارە لەناو ڕێگاکانی گۆڕینی واتـاداو لە گەلێك لایەنی فرەچەشنەی ژیـانی مرۆڤـدا بـەکاردەهێنرێت. لـە کۆنـدا ئـەو وشـانەی کـە بـەم شێوازە هاتووونەتە بەرهەم، لەلایەن فەیلەسوف و دەرونـاسو ئـەدیبان و زمانەوانـەوە بـوون بـە کەرەسەی لێکۆڵینەوەو بایەخی تەواویان پێداوە، ئەگەرچـی لـە ئێسـتادا لێکۆڵینـەوە لـەم بـوارە تەنها کاری زمانەوانەکانە. گواستنەوەی واتا بە شێوەی خواستن لە نمونەکانی (چاو وەك چـاوی زۆپا، پیێ وەك پێی کورسی، مل وەك ملی بوتڵ، دان، دەسك...تاد) ڕەنگدەداتەوە.

دووەم/ خوازە

بە پێچەوانەوە (خـوازە) مـەرج نییـە لـە ئەرکدا لەیەکبچـن، بـەڵام مەرجـە پەیوەنـدییان بەیەکەوە هەبێت. ئاسانترین شێوەی (خوازە/ئیستیعارە) بریتیە لەو پەیوەندییەی، کـە دوو شـت بەیەکـەوە هەیانـە، لـە شـوێنێکدا واتایـەك کۆیاندەکاتـەوە، هـەروەك قوتـابیو پـۆل، قوتـابی و قوتابخانە. [1]جۆرێکی تریش لە خـوازە بریتییـە لـە لـەناوبردنی (بـەش لـەباتی گشـت) بـۆ نموونـە (لەبری بەکارهێنانی دە بزنم هەیە، بڵێـی دە سـەرم هەیـە)، لێـرەدا وشـەی (سـەر) شـوێنی(بزن) دەگرێتەوە. گواستنەوەی واتا بە سیێ شێوە ڕوودەدات: بەرزبوونەوەی واتا، نزمبوونـەوەی واتـا، تابۆکان لە زماندا. [2]

ڕەنگـە بـەبیێ بـوونی هـیچ بنەمایـەك نـەتوانرێت بەئاسـانی ئـەم گۆڕانکارییـە، لـەواتای وشـەو دەربڕراوەکاندا شیبکرێتەوە، چـونکە دەکرێـت خـوازە (میتـافۆڕ) کاریگـەریی خـۆی دابنێـت لـەم گۆڕانانـەدا. لـەم ڕوانگەیـەوە، میتـافۆڕ بـە یـەکێك لـە هۆکـارە سـەرەکییەکان دادەنرێـت، کـە دەبێتەهۆی دروستبوونی گواستنەوەی واتا، مەبەسـتیش لێـی (ئـەو وشـەو دەربڕینانـەن، کـە بـە واتـای فەرهـەنگیان بـەکارناهێنرێن و دەبنـە ئامـاژە بـۆ واتـاو مەبەسـتی خـوازراو، ئـەوەش بـە بـارکردنو سـڕینەوەو بـە ڕووناککردنـەوەی سـیما واتاییـەکان دەبێـت)[3]. وشـەو فرێزەکـانی وەك (سەری دێڕ، سەرۆکهۆز، قاچی کورسی، ...هتد) نموونەی ئەم گواستنەوەیەن.

بەمپێیە زۆر وشە هەن لە زمانەکاندا بەهۆی بـەکارهێنانی زۆریـان بـۆ لایـەنی خـوازە (میتـافۆڕ)، واتاکانیان لە بارە ڕاستەقینەکەیەوە گواستراوەتەوە بۆ بارو واتایەکی میتافۆڕ، بەجۆرێك ئەو واتا میتافۆڕیانە ئەوەندە پەرەدەسێنن، تاوەکو وایانلێدێت بـە واتـای ڕاسـتەقینە هـەژمار بکـرێن، بـۆ نموونە لە زمانی کوردیدا ئیدیەمی (ئەڵقەلەگوێ)، کـە ئامـاژە بـە سـەردەمی کۆیلایـەتی دەکـات،

[1] عبدالواحد موشیر دزەیی(٢٠١١: ٢١٠)

[2] بڕوانە: عەبدوڵلاعەزیز محەمەد (١٩٩٠: ٧٧) هەروەها عبدالواحد موشیر دزەیی(٢٠١١: ٢١٠)

[3] شیلان عومەر حسەین (٢٠٠٩: ٧٠)

ڕەوش وابـوو بـەپێی نـەریتی نـاو کۆمـەڵ، کـە دەوڵەمەنـد کۆیلـەبکرێت و ئەڵقـەی دیـاریکردنی بکاتەگوێ، تـاکو لەلایـەن گەورەکەیـەوە ئازادنەکرایـە، نەیـدەتوانی هـیچ کارێـك بکـات، تەنانـەت نەیدەتوانی ژن بهێنێت، یان شووبکات، بەڵام لە ئێستادا ئەم وشەیە واتاکەی گواسـتراوەتەوە بـۆ کەسانێك، کە گوێڕایەڵ بن و هەموو کارێك، کە پێیان بسپێرێت، بێ دوودڵی جێبەجێیبکەن.[١]

لـە زمـانی کوردیـدا،* وشـەی (ئـەژدیها) مـارێکی تـووکنی لـە خـام سـووری گـڕ لـە دەم و چـاو ئەستێرەی ئەفسووناوییە، بەڵام ئێسـتا واتاکـەی گواسـتراوەتەوە بـۆ مرۆڤـی سـامدار و بێئامـان. هــەروەها وشــەی تەنگوچــەڵەمە بــە گوریســێکی ئەســتوور گــوتراوە، کــە ســەرێکی بــە دارێکــی دوولەپەوە بە وێنـەی ژمـارە حـەوت بەسـتراوە، سـەرەکەی دیکەشـی ئـازادەو بـەهۆی ئـەمجۆرە گوریسەوە بارەکە بە وڵاخەکەدا قایمدەکرێت (تەنگ دەدرێ) بۆ ئەوەی نەکەوێتە خوارەوە، بەڵام لەمڕۆدا واتاکەی گواستراوەتەوە بۆ سەختی و گیروگرفت، واتە چـۆن وڵاخ لـەژێر تەنگوچـەڵەمەدا بارەکەی بەسەردا بەسـتراوە، بـەو شـێوەیە مـرۆڤیش بـاری مەینـەت و ناڕەحـەتی بەسـتراوە بـە کۆڵیەوە.[٢] هەروەها وشەی (کڕکـەوتوو)، ئـەم وشـەیە زیـاتر بـۆ ئـەو پەلەوەرانـە بـەکاردێت، کـە لەسەر هێلکە دەنیشن، بەڵام واتاکەی گواسـتراوەتەوە بـۆ کەسـانێك، کـە لـە کـاری هـەرزەکاری، وازیهێنــاوەو دامرکاوەتــەوە. وشــەی (کــاڵوکرچ)یش لەبنەڕەتــدا بــۆ شــتێك بــەکاردێت، کــە پێنەگەیشتبێت، یان نەگەیبێت وەك (برنج، یان شووتی)، واتاکەی گواستراوەتەوە بـۆ کەسـانێك، کە قسەکانی لە هەرزە دەچێت.[٣]

یەکێکی تر لەو هۆکارانەی دەبێتەهۆی گواستنەوەی واتا، بریتییە لە میتۆنۆمی Metonymy ، کە مەبەست لێی وشەیەك واتایەکی نوێی هەبێت، پەیوەندی هەبێت بە واتـا بنەڕەتییەکەیـەوە. بە شێوەیەك لە شێوەکان دوو واتاکەی پەیوەنـدیی نزیکیـان پێکـەوە هەیـە، نـەك لێکچـوون، بـۆ نموونە (کۆشکی سپی بڕیاری دا.)، مەبەست لە بیناکە نییە، بەڵکو مەبەست لـەو کەسـانەیە، کـە

---

[١] محەمەد ئەمین هەورامانی (١٩٨٩: ٤٤)

* لەزمانی فارسیشدا وشەی (نماز) لە فارسی کۆندا واتای خواربوونەوە و کڕنووشبردنی دەگەیاند، بەڵام ئێستا واتاکەی بۆ یەکێك لە پەرستنەکانی موسـوڵمانان گواسـتراوەتەوە، کـە نوێـژە. بڕوانـە: مهـر بـاقری(١٣٩٢: ٢١٦)، لـە زمانی عەرەبیشدا وشەی (الوحره) لە بنەڕەتدا بە کرمێکی بچووك دەگوترێت، کە بـە زەویـەوە دەنووسـێت، واتاکـەی گواستراوەتەوە بۆ کەسێك، کە ڕقوکینە بە دڵیەوە بنووسێت. یحیی عبابنه، امنەالزعبی(٢٠٠٥: ١٠٨) هەروەها وشـەی (الانباض) واتا ترپە، بە جوڵاندنەوەی ژێی ئامێرێکی مۆسیقا دەگوترێـت، کـە بەهۆیانـەوە دەنگێکـی لێوەدێـت، ئـەم وشەیە لە بنەڕەتدا لە ترپەی دڵەوە وەرگیراوە. فرهاد عزیز (٢٠١٠: ٢٤٤)

[٢] محەمەد ئەمین هەورامانی (١٩٨٩: ٤٣، ١٠٤)

[٣] سەرچاوەی پێشوو (٩٠)

پەیوەندییان بەو شوێنەوە هەیە، واتا دەسەڵاتدارانی ئەمریکا، کەواتە دەستەواژەی کۆشکی سپی لە بنەڕەتدا دەگەڕێتەوە بۆ پێکهاتەیەکی فیزیکی، بەڵام لە ڕێگەی میتۆنۆمییەوە گواستنەوەی واتایی بەسەرداهاتووە، کە مەبەست لێی دەسەڵاتدارانی ئەمریکایە، بەهەمان شێوە بۆ (کۆشکی کریملن، بەغداد، ئەنقەرە، ...هتد) ڕاستە

## ٢/٤-٢-٤ لاوازبوون و داڕمانی واتا

ئەم دیاردەیە تووشی هەندێك لەو وشەو دەستەواژانە دەبێت، کە پێشتر لە دیدی کۆمەڵەوە واتایەکی بەرزو جوانیان هەبووە، بەڵام دواتر ئەو وشانە واتاکانیان ئەو شکۆمەندیو جوانییەیان نەماوەو پلەیان هاتووەتەخوارەوە. (ئیبراهیم ئەنیس) دەڵێت: (( لاوازبوونو داڕمانی واتای وشە، وادەکات کە ئەم وشەیە لەپاڵ وشەکانی تردا لە چۆنییەتیی بەکارهێنانیدا پلەوپایەی خۆی لەدەستبدات))[١]. تێبینیکراوە زۆربەی ئەو وشانەی، کە واتاکانیان بەرەو لاوازبوون و داڕمان چوون، پەیوەندییان بە لایەنی (جنس، شانازی، چینایەتی)، بە واتا ئەو وشانەی، کە هەستی شەرمکردن دەوروژێنن، وەك پۆشاکی ژێرەوە، ترس و تۆقاندن، نازناو و ناووناتۆرەو ... هتد،[٢] یاخود زۆرجار ئەم لاوازبوونە بەهۆی هۆکاری سیاسی و کۆمەڵایەتی و دەروونییەوە ڕوودەدات، بەجۆرێك زۆرێك لەو نازناوانەی، کە بە لایەنی سیاسی و کۆمەڵایەتییەوە پەیوەستن، پێگەو شوێنی خۆیان لەناو کۆمەڵدا لەدەستدەدەن،[٣] بۆ نموونە لە زمانی کوردیدا هەندێك وشە هەن لە سەردەمێکدا لە دیدی کۆمەڵەوە واتایەکی بەرزو جوانیان هەبووە، وەك وشەکانی (بەگ، شێخ ، ئاغا، پەچە، ...هتد)، بەڵام بە هۆکاری سیاسی و کۆمەڵایەتی، ئەم وشانە واتاکانیان لاواز بووە و ئەو بەهاو نرخیان لای خەڵکی نەماوە.*

---

[١] یحیی عبابنە، امنەالزعبی (٢٠٠٥: ١٠٧)

[٢] محمود سعران (٢٨١)

[٣] فرهاد عزیز(٢٠١٠: ٢٥٥)

* ئەم گۆڕانە واتاییە لە زمانی عەرەبیشدا (حاجب)، کە وشەیەکی عەرەبییە، جاران لە ئەندەلوس بە واتای وەزیر بەکاردەهێنرا، بەڵام ئێستا بۆ پاسەوانی بەردەرگا بەکاردەهێنرێت. یحیی عبابنە، امنەالزعبی(٢٠٠٥: ١٠٧)

## ٢/٤-٢-٥ هەڵكشان و بەرزبوونەوەی واتا

هەروەك چۆن وشەو دەستەواژەكان واتاكانیان لە دیدی كۆمەڵەوە بەرەو لاوازبوون و لەناوچوون چووە. بەهەمان شێوە وشەو دەستەواژەش هەن، كە واتاكانیان بەرەو هەڵكشان و بەهێزبوون چوون. ئەمجۆرە لە گۆڕانی واتا لە ناوەكەیەوە دیارە، كە بە وشەیەك دەگوترێت، كە بە ڕێژەیەك ئاماژەبوون بۆ واتایەكی نزم، یان لاواز، دواتر لە دیدی كۆمەڵەوە واتایەكی بەرزتر، یان بەهێزتریان گەیاندووە.[١] بۆ نموونە لە زمانی كوردیدا،* وشەی (باڵەخانە) لە سەردەمێكدا تەنها بە ژوورێك گوتراوە، كە لە نهۆمی دووەم دروستكراوە، بەڵام ئێستا بە هەموو بینایەكی بەرزو جوان دەگوترێت باڵەخانە.[٢]

## ٢/٤-٢-٦ گۆڕان بەرەو واتا دژەكان

هەندێك لە وشەكانی زمان، یان چەند وشەیەكی دیاریكراو لە زماندا، لەبنەڕەتدا بۆ واتایەك و بە سیفەتێكی دیاریكراو بەكارهێنراوە، بەڵام دواتر لە واتا بنەڕەتییەكەی لادەدات بۆ واتایەكی دژو بە واتا بنەڕەتییەكەی بەكاردەهێنرێت. ئەم گۆڕانە واتاییە كاتێك ڕوودەدات، كە بەكارهێنەرانی زمان لەگەڵ تێپەڕبوونی كاتدا ڕەنگە دەستبكەن بە بەكارهێنانی وشەو دەربڕاوەكان بەشێوازێك یان واتایەكی كەمێك جیاوازتر، لەگەڵ كەڵەكەبوونی ئەم جیاوازییەدا، دەكرێت وشەكان بە واتایەكی زۆر جیاوازتر لەچاو سەرەتای سەرهەڵدانیدا بەكاربهێنرێت، بەم پرۆسەیەش دەگوترێت گۆڕان بەرەو واتادژەكان.[٣]

---

[١] محمود سعران (٢٨٣)

* لە زمانی عەرەبیشدا گۆڕانی وشەی (بیت)، كە سەرەتا بەو ماڵە دەگوترا، كە لە تاڵەمووی ئاژەڵ دروستكراوە، دواتر واتاكەی گۆڕاوە بۆ ماڵی مەزنی گەورە و جۆراوجۆر، كە لە شارەكاندا دەبینرێت. محمود سعران(٢٨٣)، هەروەها لە زمانی ئینگلیزیشدا ئەم دیاریدەیە لە وشەیەكی وەك وشەی (nice)دا بەدیدەكرێت، كە لە بنەڕەتدا (simple)، یان (ignorant)ە، واتە كەسی سادە و نەزانە، بەڵام ئێستا واتای (frieualy) بەواتای كەسی كراوە و ڕووخۆش دێت.Brian D. Joseph and Richard D.Janda(2003:469)

[٢] هەنبانەبۆرینە (١٣٨٤: ٤٥)

[3] Miriam, (2011:60)

بۆ نموونە کاتێك دەگوترێت (سپی)، بەبێ هەستکردن، بیر لە ناسپی دەکرێتەوە، واتە ڕەش. لەمباریەوە (جۆستن ترایەن)ی زانای ئەڵمانی، بەوردی ئەم ڕاستییەی دەربڕیوەو دەڵێت: (( هەر وشەیەك، کە دەگوترێت، واتادژەکەی دەوروژێنێت))[١]. بۆ نموونە لە زمانی کوردیدا وشەی (بێڕوو) لەسەرەتادا بۆ کەسانی شەرمن بەکاردەهات، بەڵام ئێستا واتاکەی دژبووەتەوە بۆ کەسی بێشەرم و روودار بەکاردێت.*

## ٢/٤-٢-٧ زیادەڕۆیی

جۆرێکە لە جۆرەکانی گۆڕانی واتا، کە بانگەشەی بەهێزکردن و فراوانکردنی ڕووداوو شتەکان دەکات، بەجۆرێك وا وەسفدەکرێن، کە واتا لە واتایەکی لاوازەوە بەرەو واتای بەهێزیی دەبات.[٢] واتە لەمجۆرە گۆڕانانەدا، پەنادەبرێتەبەر بەکارهێنانی ئەو وشانەی، کە واتایەکی بەهێزیان هەیە، بەرامبەر بەو وشانەی، کە واتایەکی بەهێز و فراوانیان لە وەسفکردنی ڕووداوو شتەکاندا نییە ، کە مەبەست پێی، زیادەڕۆییکردنە، بۆ نموونە لەکاتی هەڕەشەکردن لە کەسێك، یان دەمەقاڵەیەکی ئاساییدا، چەند وشەیەك بەکاردەهێنرێت، وەك (کوشتن، ملشکاندن ،...هتد)، کە هیچ لەمانە ڕوونادات، بەڵکو تەنها مەبەستی زیادەڕۆیکردنە، یاخود زۆرجار دەگوترێتساڵێکە چاوەڕوانم، کە

---

[١] محمود سعران (٢٨٥)

* لە زمانی عەرەبیدا وشەی (بان)یش لەبنەڕەتدا بەواتای دابڕان و پچڕان دەهات، بەڵام واتاکەی دژبووەوە بۆ دەرکەوتن، وشەی (طرب) بەواتای تێکچوون لە خەفەتدا بەکاردەهات، دواتر بەکارهێنرا بۆ تێکچوون لە خۆشیدا. محمود سعران(٢٨٥)، لەزمانی ئینگلیزیشدا وشەی (hussy) لە سەدەی پازدەدا بە واتای ئاغاژن، یان ژنێکی خاوەن پلەوپایەی بەرز دەهات، بەڵام لە سەدەی هەژدەدا بۆ ژنێکی پلەنزم و خاوەن ڕەفتاری نزم و نەشیاو بەکارهات. وشەی (goy)یش لە سەرەتادا بە واتای کەسێکی پڕ لە خەندە و پێکەنین دەهات، بەڵام دواتر واتاکەی گۆڕا بۆ کەسێکی بێهیواو بێئەقڵ. بڕوانە: (Miriam,(2011:62 ، لە زمانی فەرەنسیشدا وشەی (rein) بە واتای (شت) وشەی (presonne) بەواتای کەس لە وشەی (pos) بە واتای هەناو، هەریەك لەو وشانە بە پاشگری (ne) واتاکەیان دژ دەبێتەوە، بەڵام ئێستا بەبێ پاشگری (ne) هەر بەواتا نەرێنییەکەی بەکاردەهێنرێت. نور الهدی لوشن (٢٠٠٦: ٥٨)

[٢] فرهاد عزیز (٢٠١٠: ٢٦٠)

مەبەست پێی کاتژمێرێکە، یان کاتێکی دیاریکراوە، نەك سالێك، کە ئەمەش لە ژیانی ڕۆژانەدا زۆر بەکاردەهێنرێت.

### ٨-٢-٤/٢ پراگماتیکی فەرهەنگی

یەکێکی تر لە چەشنەکانی واتاگۆڕکێ لـە ڕێگـەی پڕاگماتیکـەوە دێتـەدی، بـەجۆرێك ئـەم گۆڕانـە لەسەر ئاستی وشە بـەهۆی پێکداچـوونی لەگـەڵ کلتـورو ڕەهەنـدە کۆمەڵایەتییـەکانی قسـەکەردا ڕوودەداتو دەبـن بـە بەشـێك لـە پێکهاتـە یـان فـۆڕمی وشـەکە، بـەم چەشـنە گۆڕانـە واتاییـەش دەوترێت پڕاگماتیکی فەرهەنگی.

پڕاگمـاتیکی فەرهـەنگی ئەشـێ لـە ڕێگـەی میتـافۆر یـان تەسـککردنەوە یـان فراوانکـردن یـان نزیککردنـەوەی واتـاوە بێتـەئاراوە، بۆنموونـە بـەکارهێنانی وشـەکانی (تۆڵەکـە) بـە مانـای (هەرزانبەهایی)لە زمانی کوردیدا وەك پڕاگماتیکی فەرهەنگی دەناسێنرێت.[١]

وێڕای ئەو جۆرانەی لە سەرەوە باسکران، پۆلێن کردنی جۆرەکانی گۆڕانی واتا لە زمانـدا بـەپێی (blank . 1998) زیادی کرد بۆ ئەم جۆرانە:

١. میتافۆڕ
٢. میتۆنۆمی
٣. Sghecdoche: بە پێی (blank) جۆرێکە لە میتۆنۆمی پەیوەندی بەشێك بـە گشـت دەگرێتەوە بۆ نموونە بەکارهێنانی دەست لە بری لەش.
٤. Specialization– تایبـەتکردن: دابەزانـدنی گـۆڕانی واتایـە لـە پۆلێنکردنـدا وشـەی (corn) لە زمانی ئینگلیزیدا کە بەواتای ئەتۆم دێت دابەزێنراوە بـۆ بـەکارهێنانی واتـای حەب، لە بەریتانیا بە مانای گەنم بەکاردێت لە ئەمریکا بەهەمان واتا دێت.
٥. Generalization–گشتگیریکردن: واتای گشتی سەرکەوتنی گۆڕانی واتای وشەیە لە پۆلێنکردندا، بۆ نمونە (hoorer) ناوی شەریکەیەکە، بەڵام لە ئێستادا بۆ نـاوی هـەموو جۆرە گسکێکی کارەبایی بەکاردەهێنرێت.
٦. Coseponymic: گۆڕینی واتایە بەشێوەی ئاسۆیی لە پۆلێنکردندا.

---

[١] تریفە عمر(: ٢٠١٣:١٥٣)

٧. Anti phrases: گۆڕانەکە لەسەر بنەمای دژیەتی چەمکەکانە، بۆنموونە لە زمانی ئینگلیزیدا (prostitute) بە مانای ژنێکی نمونەیی دێت، بەلآم لە بەکارهێنانیدا بەپێی دەوروبەرە کۆمەلایەتییەکە پێچەوانەی واتای نموونەیە، کە واتای (بێڕەوشت) دەگەیەنێت.

٨. Auto-antonym: گۆڕینی چەمکی ناوەڕۆکی وشەیەکە بۆ واتایەکی دژی تەواوکەرانە.

٩. Auto- converse: گوزارشتێکی فەرهەنگییە لە پەیوەندییەتی.

١٠. Ellipsis لابردن گۆڕینێکی سیمانتیکیە پشت بە خواستنی ناوەکان دەبەستێت، بۆ نموونە لە زمانی کوردیدا کە دەڵێیت وەنەوشە مەبەست لە جۆرێکی ئوتومبیلە.

١١. Folk-etymolog (ئیتمۆلۆجی میللی): گۆڕانە واتاییەکەی لەسەر بنەمای لێکچوونی ناوەکانە، بۆنموونە (contre dance) ئەم وشەیە بە زمانی فەڕەنسی واتای سەمای گروپ دەگەیەنێت، لە زمانی ئینگلیزیدا (country dance) لەسەر بنەمای لێکچوونی ناوەکان خواستراوە.[١]

[١] بۆ زانیاری دەربارەی گۆڕانی واتایی و شێوەکانی گۆرانی واتای بڕوانە: ( Blank, Andreas (1999: 60-90 هەروەها Blank, Andreas; Koch, Peter (1999:1-16

## ١/٣ پەرچەواتاو کاریگەری پەرچەواتا

### ١-١/٣ پەرچەواتا

گۆڕینی واتا* قۆناغێکی بەرلە گۆڕانی واتاییە، بەو مانایەی قسەکەر بەپێی بارودۆخ‌و شوێن و بۆنەی قسەکردن و لە ڕێی زیرەکی‌و کارمەیی لە بەکارهێنانی زماندا واتەتە لە گفتوگۆدا ، بەشێك لە واتای دەربڕراوەکە دەگۆڕێت، ئەمەش بەو ئامانجەی پەیامەکەی بە دیاریکراوی بگات بە گوێگر، یان مەبەستەکەی لەو بۆنەو شوێن و بارودۆخەدا بە تەواوی‌و بێ گرێوگۆڵ بە وەرگر بگەیەنێت، هەندێك لەم گۆڕینە واتاییە پەیوەستە بە دروستکردنی چۆنییەتی کاریگەرییەوە، کە دەشێت کاریگەریەکە ئەرێنی یان نەرێنی بێت، لەلایەکی ترەوە دەشێت کاریگەرییەکە هۆکاری گۆڕینی واتاکە بێت بەو مانایەی لە ئەنجامی دروستکردنی هێزی کاریگەریەکەوە گۆڕین بەسەر واتاکەیدا بێت، ئەم حاڵەتەش لەم لێکۆڵینەوەیەدا پەیوەست دەکەینەوە بەلێکەوتەی واتیی پەرچەواتاوە واتە:

پەرچەواتا وەك جۆرێك لە گۆڕینی واتاو هەم وەك جۆرێك لە گۆڕانی واتایی ئەژماردەکرێت، بەجۆرێك هەرچی ئەو بەشەیەتی کە سەر بە گۆڕینی واتایە بەوە لێکدەدەدرێتەوە، کە بەشە گۆڕینە واتاییەکە نەبووەتە بەشێك لە فەرهەنگ، بەڵکو لە دەوروبەرێکی دیاریکراوداو بەپێی بەکارهێنانەکەی بە پەرچەواتا ئەرێنی یان نەرێنییەکەی بەکاردەهێنرێت، بەڵام ئەو بەشەی کە سەر بە گۆڕانی واتاییە گۆڕانە واتاییەکەی بووەتە بەشێك لە فەرهەنگ‌و لە ئێستای زمانەکەدا بەو جۆرە واتایەوە بەکاردەهێنرێت‌و دەناسرێتەوە.

ئاشکرایە وشەکانی زمان لە بنەڕەتدا هەڵگری واتایەکی فەرهەنگیین، کە هەموو قسەپێکەرانی زمانێکی دیاریکراو دەتوانن بە ئاسانی درك بەو واتایە بکەن‌و لێیتێبگەن، بەڵام ئاوێتەبوون و کارلێککردنی ئەم واتایە لەگەڵ کلتورو ڕەهەندە کۆمەڵایەتییەکان‌و بەکارهێنانی لە دەوروبەرێکی نازمانیدا، وەها دەکات گریمانەی گۆڕان و گۆڕینی واتاییان لێبکرێت، ئەمەش بۆ خۆی دەبێتە ئارگیومێنتیکی لۆجیکی لەسەر فراوانی‌و ئاڵۆزبوونی ژیان و ڕەنگدانەوەی لەناو فۆرمەکانی

* مەبەست لە گۆڕینی واتا ئەوەیە کە وتای دووەمی دەربڕراوەکە نەبووەتە بەشێك لە فەرهەنگی واتای هۆشەکی واتای دووەمی وشەکە پەیوەندی بە وتای یەکەمییەوە ماوە، بەڵام لەگۆڕانی واتاییدا واتای دووەمی وشەکە بوەتە بەشێك لەفەرهەنگی واتای هۆشەکی هیچ پەیوەندییەکی بە واتای یەکەمیەوە نییە و سەر لەبەری واتکەی کۆڕاوە.

زماندا، بەجۆرێك هـەر دەربـڕین و واتایـەكی نـوێ مـۆركی ئـەو سـەردەمە لـەخۆدەگرێت، یـاخود بەشێوەیەكی دی ئەو سەردەمە لەنێو خۆیدا هەڵدەگرێت.

لـە ڕاسـتیدا گرنگیـدان بـە پێكەوەبەسـتنی گۆڕانـە زمانییـەكان و گۆڕانـە كۆمەڵایەتییـەكان، بـۆ بەدەستهێنانی ئەو بەڵگە زانستییەیە كە چۆن كاریگەرییەكان لەسەر زمان دروستدەبێت، لێرەدا مەبەست لـە كاریگـەری، ئـەو گـۆڕان و گۆڕینـە واتاییـە كـە بـەپێی دەوروبـەر و كـات و ژینگـەی قسەكردن دێتەئاراوەو لە هەمانكاتیش دەبنە هۆكارێك بـۆ گـۆڕینی هەڵسـوكەوتی قسـەپێكەرانی ئەو زمانە، چونكە زمان هەڵگری جۆرێك لە بیرەو ئـەم بـیرەش كـار لـە هەڵسـوكەوت و ڕەفتـاری مرۆڤەكان دەكات، لەلایەكی دی ئەم گۆڕان و گۆڕینە زمانییە، ئەو ڕاستییە ڕووندەكاتەوە، كە تا چ ڕادەیـەك جیاوازییـە زمانییـەكان ڕەنگدانـەوەی جیاوازییـە كۆمەڵایەتییـەكانن، لەتـەك ئەمـەش جیاوازییە كۆمەڵایەتییەكان و  بارودۆخە كۆمەڵایەتییەكان هۆكـارن بـۆ دروسـتكردنی كاریگـەریی لەسەر بەكارهێنانی واتای وشەكان، بەجۆرێك ئەم كاریگەرییە مایەی ئاڕاستەكردنی جوانبەخشین یان ناشرینبەخشین بێت.

گۆڕانە كۆمەڵایەتییەكانو ڕەنگدانەوەی لە زماندا لە هەر كۆمەڵگایەكدا لە پرۆسـەی پەیوەنـدی و لەیەكگەیشـتندا ڕۆڵـی یەكلاكـەرەوەیی دەبیـنن، چـونكە ئـەو بـوارو دەزگـاو لایـەنو بۆنـە كۆمەڵایەتیانەی كە زمانی تێدا بەكاردێت پەیوەندی و ڕۆڵی ئەركە ئاخاوتنییـەكان دیاریـدەكات، هـــەر بۆیـــە بـــە دەســـتهێنای زانیـــاری لەســـەر گۆڕانـــە كۆمەڵایەتییـــەكانو كاریگەریـــە چاوەڕوانكراوەكانیان بە بەشێكی جیانەكراوەی توانای پەیوەندیكردنی قسەكەر دادەنرێت، واتـە ئەو توانای پەیوەندیكردنە وای لێدەكات بتوانێـت لـە بارودۆخـە كۆمەڵایەتییـە جیاوازەكانـدا بـە شێوەیەكی گونجاو گفتوگۆبكات، بەمەش بەكارهێنانی فەرهـەنگ و بابـەت و بـواری كۆمەڵایـەتی دەبنـە پێـوەر بـۆ دەرخسـتنی پلـەو ئاسـتی بەشـداربووان، بـەجۆرێك هەریەكـەیان ئـەوی دی تەواودەكات.

سەرەڕای ئەوەش كۆمەڵێك هۆكار هەن، كە هەڵبـژاردنی زمـان لـە ڕووی چـۆنێتی بەكارهێنانـەوە دیاریدەكەن، كە ئەمانەش كاریگەریان لەسەر گـۆڕانو گـۆڕینی زمـان دادەنـێن، ئـەو هۆكارانـەش بەپێی ئەو شیكارییەی لە بەشی دووەمدا خرانەڕوو لە كۆمەڵگایەكەوە بـۆ كۆمەڵگایـەكی تـرو لـە دەوروبەرو بارودۆخی ئاخاوتنێكەوە بۆ ئاخاوتنێكی تر جیاوازە، هەروەك جۆری زمانەكە لە ڕووی فەرمی یان نافـەرمیبوون، بەشـداربووانی گفتوگـۆ لـە ڕووی تەمـەن و توانـای پەیوەنـدیكردنیان، كارامـەییان لـە ڕووی بـەكارهێنانی زمانـەوەو ئاسـتی ڕۆشـنبیری و خوێنـدەواریانو سروشـتی

پەیوەندیان لەگەڵ یەکتردا لە ڕووی پلەو پێگەی کۆمەڵایەتی، پاشان ئەو بابەتەی گفتوگۆی لێوە دەکرێت.
بەمپێیە توێژینەوە لە گۆڕینو گۆڕانی زمانی لە هەر کۆمەڵگایەکدا یان ئەو کۆمەڵە دیاریکراوەی ئاخاوتن تێیدا ڕوودەدات پێویستە لێکۆلینەوە لە لایەنی کۆمەڵایەتی و دەروونی و کلتوریو ...هتد لەخۆبگرێت، بە مەبەستی تێگەیشتنێکی پڕاوپڕی واتاو مەبەست.
لەم ڕوانگەیەشەوە لایەنە جۆراوجۆرەکانی کۆمەڵایەتی، دەروونی، ئەرکی و ڕێکخستنەکان لەگەڵ هەریەك لە هەڵبژاردنی زمانیو گۆڕێنی زمانی و گەڕانەوە بۆ ئەو بارودۆخە یان مەرجە دەروونی و کۆمەڵایەتیو زمانیانە، کە لە ژیانی ڕۆژانەدا ڕووبەڕووی قسەپێکەرانی زمان دەبێتەوە کۆتوبەند لەسەر جۆری کاریگەریی زمانی دادەنێت، بۆ نموونە حاڵەتی سایکۆلۆجی کۆمەڵگایەك بەپێێ نەریتی ئەو کۆمەڵگایە کاریگەرییەکە لەسەر تاك دروستدەکات، کە مەرج نییە هەمان کاریگەری لە کۆمەڵگایەکی تردا بەهۆی هەمان نەریتی کۆمەڵایەتییەوە دروست بکات.
لایەنێکی تر کە ڕۆڵی لە هەڵبژاردن و گۆڕینی زمانیدا هەیە، کاریگەریی گۆڕانی بابەتە لە هەڵبژاردنی زمانیدا، ئەمەش پشت بە کارلێککردنی بەکارهێنانی کۆمەڵە وشە دەبەستێت، بەجۆرێك ئەگەر ئەم وشانە واتاکانیان درکیان پێکرا ، ئەوا دەبێتە دەربرڕاوێکی باوو ڕۆشتوو بەو کاریگەرییەوە دەناسرێتەوە کە ئاڕاستەی گوێگر دەکرێت، هەڵبەت تێگەیشتن لەم دەربرڕاوانەش بەهێزترین گەرەنتیە کە دەتوانن ڕێژەی ڕوونی و ئاسانی لە کاتی پەیوەندیکردندا لەنێوان ئاخێوەراندا بەرهەمبهێنن.
یەکێکی تر لەو هۆکارانە بەشداربووانی گفتوگۆن لە ڕووی ڕەگەز، تەمەن، ئایین ، کارو پلەی خوێندەواری، سیاسەت، کاتو شوێن، کە ڕۆڵیان لە دەستنیشانکردنی بابەتی قسەکردن و داهێنان لە بابەتی قسەکردندا هەیە.

## ٢-١/٣ جۆرەکانی کاریگەریی پەرچەواتا

پەرچەواتا بەپێی جۆری ئەو کاریگەرییەی لە خۆیدا هەڵیدەگرێت ، یان لەسەر گوێگر بەجێیدەهێڵن بە دوو جۆر، دیاریدەکرێت:

یەکەم/ پەرچەواتای ئەرێنی

زۆرێك لە فۆرمە زمانییەکان کە دەردەبڕرێن یان دەبیسترێن یان دەخوێنرێنەوە، بە شێوەی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ کاریگەری لەسەر دەروونی مرۆڤ جێدەهێڵن، کاریگەریەکەش،

دوولایەنەیــە، لــە لایــەك خۆشــی بەخشــەو ئــارامی بــەدەروون دەدات ، یــاخود ئازاربــەخش ەو دەبێتەهۆی نائارامی دەروونی.

پەیوەست بەم بۆچوونە پەرچەواتای ئەرێنی گۆڕینی واتای وشەکانە بەو ئاڕاستەیەی، کە کاردانەوەی ئەرێنی لە لای گوێگر دروستدەکات، بە واتا سیمای واتایی ئەرێنی وشە فەرهەنگیەکەیە، کە قسەکەر مەبەستێتی تێیدا واتایەکی ئەرێنی بە وشەکان ببەخشێت، تا لایەنی ئەرێنی کاردانەوەی ئەرێنی لای گوێگر دروستبکات.

زۆر وشە هەن لە زماندا کە لە بنەڕەتدا هەڵگری واتایەکی ئاسایی یان نەرێنین بەپێی واتای فەرهەنگیان کە ئەم واتایە بۆ زۆربەی قسەپێکەرانی زمان ڕوون وئاشکرایە، بەڵام بەهۆی بەکارهێنانی ئەم وشانە لە دەوروبەرێکی دیاریکراودا گۆڕینی واتاکانیان، واتاکەیان دەگۆڕێت بۆ واتایەکی ئەرێنی و پەرچەواتای ئەرێنی لای گوێگر دروستدەکات، بۆ نموونە هەریەك لە وشەکانی ( بەڵا، شەیتان) لە بنەڕەتدا هەڵگری واتایەکی نەرێنین و چەمکی نەرێنی دەگەیەنن، بەڵام بەهۆی بەکارهێنانیان لە دەوروبەرێکی دیاریکراودا واتاکانیان گۆڕاوە بۆ واتای ئەرێنی و پەرچەواتای ئەرێنی دروستدەکەن.

١. بە ڕاستی بەڵایە.

٢. شەیتان ئاسا دەرباز بوو.

ئەگەر لە هەر یەك لەو نموونانەی سەرەوە وردببینەوە، ئەو وشانەی تێدا بەکارهێناراوە بەپێی بەکارهێنانیان لە ڕستەکاندا درك بە گۆڕینی واتاکانیان دەکرێت، بە جۆرێك لە ڕستەی (١)دا وشەی (بەڵا) کە لە بنەڕەتدا واتایەکی نەرێنی هەیە بە واتای (ناخۆشی) (ناڕەحەتی )دێت، بەڵام لەو بەکارهێنانەدا واتاکەی گۆڕینی بەسەرداهاتووە بە واتای لێهاتوویی بەکاردێت. بەهەمان شێوە لە ڕستەی (٢) دا وشەی شەیتان کە هەڵگری واتایەکی نەرێنییەو بە دوژمنی سەرسەختی مرۆڤایەتی دادەنرێت لە فریودانی مرۆڤەکان بەڵام لە بەکارهێنادا سود لە سیمای شارەزای شەیتان وەرگیراوە وەك واتایەکی ئەرێنی بەکاردەهێنرێت.

## دووەم/ پەرچەواتای نەرێنی

لە پەرچەواتای نەرێنیدا گۆڕینەکە پێچەوانەی پەرچەواتای ئەرێنییە، بە شێوەیەك گۆڕینەکە بە ئاڕاستەیەکدا دەبێت کە کاردانەوەی نەرێنی لای گوێگر دروستدەکات بە جۆرێك لەو گۆڕینەدا ڕەچاوی هەڵسەنگاندن بۆ بارودۆخی گوێگرو دەوروبەرە کۆمەڵایەتیەکەی نەکراوە، ئەوەش لە

ڕێگەی سود وەرگرتن لە یەکێك لە سیما واتاییە نەرێنیەکانی واتای وشە فەرهەنگیەکە و بە کار هێنانی بۆ واتای نەرێنی کە کاردانەوەی نەرێنی درووست دەکات.
بە شێوەیەکی گشتی ئەم پەرچەواتایە لە بۆنەیەکی ڕەسمی، یا گفتوگۆ ڕەسمیەکاندا کەمتر دەردەبڕێت زیاتر لەو بارودۆخ‌و شوێنانەدا هەستی پێدەکرێت کە نافەرمین ، بە هەمان شێوەی پەرچەواتای ئەرێنی زۆر وشە هەن لە بنەڕەتدا هەڵگری واتایەکی بێ لایەن یان ئەرێنین بەڵام بەکار هێنانیان لە بارودۆخێکی تایبەت‌و بەپێی مەبەست‌و خواستی قسەکەر واتاکەی بۆ واتایەکی نەرێنی دەگۆڕێت و پەرچەواتای نەرێنی بە دوای خۆیدا دەهێنێت، بۆ نموونە هەر یەك بە وشەکانی (خێر، لێزان، هەتیو) کە لە بنەڕەتدا هەڵگری واتایەکی ئەرێنی یاخود بێلایەنن بەڵام لە بەکار هێناندا واتاکانیان بۆ واتایەکی نەرێنی گۆڕاوە.

٣. خۆ خێرم پێ ناکەیت.

٤. بۆ خۆت لێزانێت.

٥. ئەو هەتیوە کارەکەی لێتێکدام.

ئەگەر لە هەریەك لەو نموونانەی سەرەوە وردبینەوە دەبینین ئەو وشانەی کە بەکارهاتوون واتاکانیان لە بەکارهێناندا گۆڕینیان بەسەردا هاتووەو پەرچەواتای نەرێنیان دەبێت بەجۆرێك لە ڕستەی (٣)دا وشەی (خێر) هەڵگری واتایەکی ئەرێنییەو زیاتر ڕەهەندێکی دینی هەیە کە بەخشینێکی سەربەستانەیە لە لایەن چینی دەوڵەمەندەوە بۆ هەژاران ،بەڵام لێرەدا وشەکە واتایەکی نەرێنی دەبێت ئەوەش  کاتێك کەسێك مافی لای کەسێکی تر هەبێت نەیداتەوە یان بەشێوەیەکی منەت بارانەوە بیداتەوە.
لە ڕستەی (٤)دا وشەی (لێزان)بۆ کەسی شارەزا بەکار دێت، بەڵام لێرەدا گۆڕین بەسەر واتاکەیدا هێنراوەو  وەك کەسێکی خۆپەرست‌و فێڵباز لێی دەڕوانرێت، بە هەمانشێوە وشەی (هەتیو) لە ڕستەی (٥) دا ،کە لە بنەڕتدا بە کەسێك دەوترێت باوکی یان دایکی نەبێت، کە هەڵگری واتایەکی ئاسایە، بەڵام لەم بەکارهێنانەدا واتاکەی بۆ واتایەکی نەرێنی بەکارهاتووە.

### ٢/٣ جۆرەکانی پەرچەواتا

### ٣/٢-١ پەرچەواتا بەپێی ڕێژەی گۆڕینی واتا

بەپێی دوو گریمانە پەرچەواتا لە فۆڕمی وشەو فرێزو دەربڕاوەکاندا دروستدەبێت، کە بریتین لە:

١. زەقکردنەوەی یەکێك لە نیشانە واتاییەکانی یەکە زمانییەکە.

٢. گۆڕینی سەرلەبەری واتای وشەکە بۆ پێچەوانەی واتاکەی، یان واتایەکی بەمەبەست.

پەرچەواتا وەك جۆرێك لە گۆڕین لە واتـادا لـە هـەناوی ئـەم گۆڕانكاریانـەوە پەیـدادەبێت، واتـە بەشـێكی گرنگـە لـەو گۆڕینــەی كـە بەســەر واتــای وشـەكاندا لـە چوارچـێوەی دەوروبـەرێكی دیاریكراودا ڕوودەدات، كە مەبەست لێی كاردانەوەی ئـەرێنی یـان نەرێنیـە لـە سـەر گـوێگر، كـە تێیدا قسەكەر وشەیەك بـە زەقكردنـەوەی یـەكێك لـە نیشـانە واتاییەكانییـەوە بـەكاردەهێنێت و جۆرێك لـە كاردانـەوە لای گـوێگر دروسـتدەكات، ئـەم كاردانەوەیـەش بـەو مەرجـە دەبێـت، كـە لەنێوان واتای یەكەم و واتای دووەمیدا بۆنەیەك یان پەیوەندییـەك هـەبێت، بـەجۆرێك ڕێگـە بـەو گۆڕینە بدات.

بەم پێیە پەرچەواتا، نموونەی گۆڕینی بەشێكی چەمكی فۆڕمەكەیە، یان واتای فۆڕمەكان لەسەر واتای بنەڕەتی خۆیان لادەدەن و دەبنە ئاماژە بۆ واتایـەكی تـر. هەنـدێك جـار واتـای بنـەڕەتی وشەكان لە تێگەیشتن لەم گۆڕینە واتاییەدا تا ڕادەیـەك یارمەتیـدەرن، چـونكە لـە هەنـدێ بـاردا گۆڕینەكـە بەشـێوەیەكی ڕەهـا ، یـان هەڕەمــەكی نییــە و دەشـێت لـە زۆر بـاردا بەشـێوەی نزیكبوونەوە بێت لە واتای فەرهەنگی و لە هەندێ حاڵەتی تریشدا دووركەوتنەوە بێـت لـە واتـای فەرهەنگی فۆڕمەكان، لەلایەكی تـر ئـەو گۆڕینـەی لـە پەرچـەواتادا كـە بەسـەر واتـای وشـەكاندا دەهێنرێت، لە بنەڕەتدا لە واتـا فەرهەنگیەكەیانـەوە وەرگـیراون، دواتـر بـە مەبەسـتی قسـەكەرو بەپێی بارودۆخو دەوروبەر و ژینگەی قسـەكردنەكە، گـۆڕین بەسـەر بەشـێك لـە واتـای وشـەكاندا دەهێنرێت، بەمپێیەش لەم چەشنە گۆڕینی واتایەدا وەك پەرچەواتا، تا ڕادەیـەك لەسـەر بنـەمای بوونی پەیوەندییەكی لۆژیكیانـەی بیركردنـەوەی تاكـەكانی كۆمـەڵگا لـەنێوان هـەردوو واتاكەیـدا ئەنجامـدەدرێت، یـان تـەواو بەپێچـەوانەوە لـە بەكارهێنانیـدا لۆژیـك دەبـەزێنرێت، لـە هـەردوو بارەكەشدا واتای یەكەمیان هۆشـەكییە و واتـای دووەمیـان واتایـەكی باركراوە، لەبەرئـەوە ئـەو گۆڕینەی لە پەرچەواتادا ڕوودەدات واتایەكی نافەرهەنگی هەیەو بەپێی ئەو هۆكارانەی كە پێشتر ئاماژەیان پێدرا دەگۆڕێت، بۆیە لە زۆربباردا  ناتوانرێـت لـە ڕووی سـیمانتیكییەوە درك بـە واتـای ئـەو وشـانە بكرێـت، بـەڵكو هەنـدێك جار ناسـینەوەی وشـەكان وەك پەرچـەواتا پەیوەسـتە بـە دەسـتەو تـاقمێكی كۆمەڵایەتییـەوە، یـان ئـەو كاریگەرییـە لـە شـوێنێكەوە بـۆ شـوێنێكی تـر دەگۆڕێت، بەمـەش پەرچـەواتا وەك دركپێكـرن ناتوانرێـت گشـتگیر و ڕەهـا بكرێـتو پەیوەسـت بەجۆرێكی واتاییەوە كە سیمانتیكە ببەسترێتەوە، بەڵكو هەندێك جار لەسەر ئاسـتی سـیمانتیكو هەندێك جاری دیكەش لەسەر ئاستی پڕاگماتیك پەرچەواتاكە دەگەیەنرێت.

لێرەدا قسەکەر یان بەکارهێنەری زمان لە بەکارهێنانی پەرچەواتادا ڕۆڵی کارا دەبینێت، چونکە قسەکەر بە شارەزایی و کارامەیی‌و توانای ئینسکلۆپیدیاییەوە دەتوانێت زمان بخاتە ژێر ڕکێفی خۆیەوەو بەپێی مەبەست و ئامانجەکەی یاری بە هێماو هێمابۆکراوەکان بکات.

لەم ڕوانگەیەوە پەرچەواتا لە سەرەتادا بە زادەی ئەندێشەو بیری تاکەکەس دادەنرێت دواتر بە تێپەڕبوونی کات بەنێو قسەپێکەرانی زماندا بڵاودەبێتەوە، بۆیە واتایەکی جێگیریان نابێت و بەپێی مەبەستی قسەکەر واتای نوێ وەردەگرن و لەناو دەقەکاندا واتای جۆربەجۆریان دەبێت، مەرجیش نییە لەم گۆڕینەدا واتای فۆڕمەکان تەنها یەك پەرچەواتایان هەبێت، دەشێت تەنها وشەیەك بەپێی بارودۆخ‌و چوارچێوەی وتن و مەبەستی ئاخێوەر هەڵگری پەرچەواتایەکی جیاواز بن‌و لێکدانەوەی جیاوازیان بۆ بکرێت، چونکە وەك باسکرا فۆڕمەکانی زمان دەتوانن جگەلە واتای بنەڕەتی خۆیان واتای جیاواز هەڵبگرن و بە واتای جیاواز بەکاربهێنرێن، ئەمەش بە یەکێك لە گرنگترین کردە زمانییەکان دادەنرێت، کە زمان دەوڵەمەنددەکات و زیندویەتی و گەشەکردن و ڕێچکەیەکی هەمیشەیی بە زمان دەبەخشێت.

## ٢/٣–٢ پەرچەواتا بەپێی سەرچاوەی کاریگەرییەکەی

کاریگەریی پەرچەواتا چ بەشێوەی ئەرێنی یان نەرێنی بێت، لە چەند ڕێگایەکەوە سەرچاوە دەگرێت، بەو مانایەی پەرچەواتاکەی یان پەرچەواتایەکی خۆڕسکییە و بەشێکە لە فەرهەنگی ئاوەزیی، یان جۆری پەرچەواتاکەی لە کۆمەڵەوە وەرگرتووە، لێرەدا پەرچەواتاکە بەپێی سەرچاوەکە دەخرێنەڕوو:

## یەکەم/ پەرچەواتای فەرهەنگی

هەندێك وشە لە زماندا لەپاڵ واتا بنەڕەتییەکەیدا هەڵگری کاریگەریی پەرچەواتای نەرێنی یان ئەرێنیشە، هەرچەندە ئەم جۆرە لە واتا بە جۆری واتای سۆزداری یان کاردانەوە جیاکراوەتەوە، بەڵام بەپێی ڕاڤەکردنی پەرچەواتا لەم لێکۆڵینەوەیەدا، ئەم چەشنە بە پەرچەواتای فەرهەنگی لە زماندا دەستنیشاندەکرێت.

بۆ نموونە وشە وینەگرییەکانی (شاتەشات، قیڕەقیڕ، قیژەقیژ، شیڕەشیڕ، زوڕەزووڕ ) چ وەك فۆڕمێکی بازاڕیی Slang form و چ وەك دەنگی ئاژەڵەکان و بەکارهێنانی لەگەڵ مرۆڤ، هەڵگری پەرچەواتای نەرێنین، هەروەها هەندێك لە وشە فەرهەنگییەکان و هەندێك لەو وشانەش پێشگری نەرێنیان دەخرێتەپاڵ دیسان هەڵگری پەرچەواتای نەرێنین، هەروەك(ناشرین،بێ عەقڵ،

دوورِوو، بێ غیرەت، ڕەزاقورس، ڕەزا تاڵ، قێزەون، بێتام...تاد)، بەپێچەوانەوە هەندێکی تر لە وشە فەرهەنگییەکانی وەك (چوارشانە، بەخۆ، هەڵکەوتە، دەستوبرد، جوان، قەشەنگ، زیرەك، عاقڵ، بەشکۆ...تاد) هەڵگری پەرچەواتای ئەرێنین. بەگشتی زۆرینەی ئاوەڵناوەکان لە زمانی کوردیدا خاوەنی پەرچەواتای ئەرێنی یان نەرێنین، بەو جۆرە پەرچەواتایەوە لە فەرهەنگی ئاوەزیدا تۆمارکراون، کەتێدا پشت بە سیما واتاییەکان بەستراون.

## دووەم/ پەرچەواتای کۆمەڵایەتی

هەندێك لە بەکارهێنانی پەرچەواتا پەیوەستە بە بواری کۆمەڵایەتیو کلتورییەوە، بەو مانایەی پەرچەواتاکەی بەهۆی لایەنی کۆمەڵایەتی و کلتورییەوە دروستدەبێت. ئەم جۆرە لە پەرچەواتا دەشێت سیمانتیکی یاخود، پڕاگماتیکی بێت، بەو واتایەی کاریگەرییەکەی بەهۆی بەکارهێنانە سیمانتیکییەکەی یان پڕاگماتیکییەکەیەوە دیاریدەکرێت.

٦.أ. چییە ئەوەندە ناسکی!

ب.بەه کە ناسکە.

وشەیەکی وەك (ناسك) پەرچەواتاکەی پەیوەستە بە ڕەهەندی کەلتوری و کۆمەڵایەتی کۆمەڵگاوە، هەروەك ڕستەی (٦.أ) بەکارهێنانی لەپاڵ ڕەگەزی نێردا، دەبێتە هەڵگری پەرچەواتای نەرێنی، بەڵام لەپاڵ ڕەگەزی (مێ)دا هەمان کاریگەریی پەرچەواتا ئەرێنیی فەرهەنگی دەبێت، هۆکاری ئەمەش بۆ پیاوسالاری کۆمەڵگای کوردی دەگەڕێتەوە، بەجۆرێك کە لەم کۆمەڵگایەدا دەبێت پیاو بەهێزو زەبروزەنگ و خۆڕاگر بێت نەك ناسك بێت، بەمەش کۆمەڵگای کوردی توێکڵەواتای (بەهێزی، بەجەرگی، نەبەردی...تاد) بە فۆڕمی پیاو دەبەخشێت، لەکاتێکدا خستنەپاڵی ئەم سیفەتە بۆ ژنێك جوانی بەخش و دەرخەری مێینەی ڕەگەزەکەیە، وەك ئەوەی لە ڕستەی (٦.ب) هاتووە، ئەمەش وەك واتای کۆمەڵایەتی ،نەك پڕاگماتیك لێکدەدرێتەوە.

٧.أ. پاسەکە قەپات بووە.

ب. بەخوا خواپیاوە قەپاتە.

وشـەیەکی وەك (قـەپات) لـە بـەکارهێنانێکی وەك (٧ب)دا کـە بـە واتامیتافۆرییەکـەوە، واتـای سـیمانتیکی کۆمەڵایـەتی لێـوە بەرهـەمهاتووە، هـەڵگری پەرچـەواتای ئەرێنییـەو بـە واتـا پۆزەتیڤەکەیەوە مەبەستەکە بۆ وەرگر یان کەسی قسەلەسەرکراو دەگوێزرێتەوە.

وەك پێشتر ئاماژەی پێکرا لـەم لێکۆڵینەوەیـەدا بایـەخ بـەو پەرچـەواتایە دەدەیـن، کـە بـەهۆی کاریگەری ڕەهەندە کەلتوری و کۆمەڵایەتییەکانەوە دروستدەبێت، ئەمـەش بەشـێکە لـە گـۆڕینی واتا لە چۆنێتی کاردانەوەی فۆڕمە زمانییەکاندا. لەکاتێکدا هەمان وشە لە (٧أ)دا وەك وشـەیەکی فەرهەنگی بەدەرە لە کاریگەری و تەنها هەڵگری نیشانە واتاییەکانە.

## ٣-٢/٣ فۆڕمەکانی گەیاندنی پەرچەواتا

پەرچەواتا بەهۆی چەند فۆڕمێکی جیاوازەوە دەنوێنرێت و جۆری کاریگەرییەکە لەسەر وەرگر دروستدەکات، هەندێك لە فۆڕمەکان لە چوارچێوەی ڕستەو هەندێکی تر لە سنوری فرێز و هەندێکی دیکە وەك دەربڕاو بەکاردەهێنرێت، لێرەدا لەتـەك سـنورو چوارچـێوەی بـەکارهێنانی فۆڕمەکان، ئاماژە بە جۆری فۆڕمەکانی گەیاندنی پەرچەواتا دەدەین:

### یەکەم/ پەرچەواتا لە فۆڕمی وشەدا

ئەمجۆرە هەموو ئەو فۆڕمانە دەگرێتەوە، کە جۆری کاریگەریی پەرچەواتاکە بەهۆی وشەیەکەوە دەگەیەنرێت، یان وشەکە هەڵگری جۆرێك لە کاریگەریی پەرچەواتایە.

٨.أ. کەسێکی ورگنی ناشرینە.

ب. ئەمیش ورگن دەردەکەوێت.

لە کۆمەڵگای کوردیـدا بـەکارهێنانی وشـەی (ورگـن) جگەلـە واتـا بنەڕەتییەکـەی کـە لەڕووی فیزییکەوە بوونی ورگە، کە ئەنجامی زۆرخۆریی یان جۆرێك لە نەخۆشـییە، بـەکارهێنانی لـە کۆمـەڵگای کوردیـدا هـەڵگری کاریگـەری نەرێنییـە کـە لـە دوو ڕووەوە کاریگەرییەکـەی دەستنیشانبکرێت:

یەکـەم/ لـە ڕووی فیزیکـەوە، ناشرینبەخشـەو کاریگـەری نـەرێنی لەسـەر وەرگـر دروسـتدەکات، هەروەك لە (٨أ)دا خراوەتەڕوو.

دووەم/ لــە ڕووی بــەکارهێنانی لــە کۆمــەڵگای کوردیــدا بــە واتــای پــارەخۆریی‌و گەنــدەڵی بەکاردەهێنرێت، وەك (٨ب)دا بەرجەستەدەبێت.

بەکارهێنانی وشەکانی (ژن، مێرد، ماڵەوە، ژنهێنـان، شـوکردن، هاوسـەرو هاسـەرگیریی) بـەپێی تێڕوانینو بۆچوونی کەسەکان و گەشەی کۆمەڵایەتی پەرچەواتاکەی دەگۆڕێت، بۆ نموونە کاتێـك دەوترێت:

٩. أ. دیاری ژنی هێنا.

ب. دیاری هاوسەرگیری کرد.

دەربڕینی وشـەی ژنهێنـان لـە ڕسـتەی (٩أ) لای فیمینزمێـك پەرچـەواتای نـەرێنی دەبێـت، بۆیـە لـــەبری (ژنهێنـــان) فـــۆرمی (هاوســـەرگیری) بـــەکاردەهێنن، وەك ئـــەوەی لـــە ڕســـتەی (٩ب) بەرچاودەکەوێت، چونکە بەلای فیمینیزمێکەوە لە هێنانی ژندا، ژن وەك کاڵایەك سـەیردەکرێت و مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت، لەکاتێکدا وشەی (هاوسەرگیری) هەڵگری چەمکی هاوژیانی و یەکسانی نێوان ژنو پیاوە، کە ئەمەش گۆڕانێکی کلتورییە لە پێکهاتەی کۆمەڵایەتیدا.

١٠. ئەویش قەڵەو بوو.

وشەی (قەڵەو) کە لە فەرهەنگدا هـەڵگری خەسـڵەتی (+گیانـدار، + قەبارە)یـەو وەك وشـەیەکی فەرهەنگی لە ڕووی کاریگەرییەوە بێلایەنە، بەڵام بەپێی کەلتورو ڕەهەنـدی کۆمەڵایـەتی دەبێتـە هەڵگری جۆرێك لە کاریگەریی، هەروەك لە ئێستای کۆمـەڵگای کوردیـدا دەربڕینـی وشـەی قەڵـەو بەتایبـەت بـۆ ڕەگـەزی (ژن) هـەڵگری کاریگـەریی نەرێنییـە، جگەلـەوەش بـەکارهێنانی بـە واتـا میتافۆرییەکـەی کـە چـەمکی (سـامانداری) لـەخۆدەگرێت، بـە کاریگەرییـە نەرێنییەکەیـەوە بەکاردەهێنرێت، هەروەك لە دەربڕاوی (١٠)دا بەرجەستەکراوە.

دەربڕینـی وشـەی (قەڵـەو) لـە (١٠)داو لـە دەوروبـەرێکی سیاسـیدا، بـۆ ساسـییەکی بـەد، ئـەو مەبەستە دەگەیەنێت کە نەك هەر لەسەر گیرفانی خەڵك دەژی بەڵکو بووە بە خاوەن سـامانیش، باوێتی ئەم دەربڕاوە وایکردووە، کە وشەی (قەڵەو) لەدەربڕاوی (١٠) دا هەڵگری کاریگەرییەکی نەرێنی بێت.

لەگەڵئەوەشدا کاریگەری ئەم وشـەیە بـەپێی خواسـتو سـایکۆلۆجی و فسـیۆلۆجی کەسـەکە لـە یەکێکەوە بۆ یەکێکی تر دەگۆڕێت، بۆ نموونە ڕەنگـە بـۆ یـەکێك کـە خواسـتی قەڵـەوبوون بێـت کاریگەریی ئەرێنی و بۆ یەکێکی تر کە خواستی باڵایەکی ڕێکی هەبێت، یان جۆرێك لە نەخۆشـی هەبێت کە پەیوەندی بە قەڵەوبوونەوە هەبێت، کاریگەری نەرێنی هەبێت.

١١. زۆر سیاسەتبازە.
بەپێی دەوروبەر کاریگەریی وشەی (سیاسەتباز) دەگۆڕێت، بۆ نموونە لە دەوروبەرێکی سیاسیدا، وەك وەسفێکی سەرەکی بکەری سیاسی دەخرێتەپاڵ کەسەکەو زیرەکیو زوو درکپێکردنی سیاسییەکە دەردەخات، بەڵام لە دەوروبەری کۆمەڵایەتیدا هەمیشە بەمەبەستی کاریگەریی نەرێنی بەکاردەهێنرێت، هەروەك دەربڕینی بۆ ڕەگەزی (مێ) بە واتای فێڵ و تەڵەکەبازی بەکاردەهێنرێت، لەبەرئەوە هەڵگری کاریگەریەکی نەرێنی دەبێت.

١٢. ناپیناسی ئەو لەمیشە.
وشەی (لەمیش) لە کۆمەڵگای کوردیدا بە پەرچەواتای نەرێنی بەکاردەهێنرێت، کە لەپەرچەواتاکەیدا هەڵگری چەمکی (بەلاشخۆرییە)، ئەم چەمکەش دەرخەری ئەدکارێکی ناشرینە لە کۆمەڵدا، جگەلە بەکارهێنانی بۆ هەر کەسێك کە ئەم تایبەتمەندیانەی تێدا بێت، لە هەمانکاتیش دەکرێت بوترێت زیاتر بۆ ئەو کەسانە بەکاردەهێنرێن، کە خاوەن کەسێتیەکی دیارن، هەروەك بازرگان، سیاسی، یان هونەرمەند، بۆ نموونە ڕازیبوونی هەمیشەیانەی هونەرمەندێك یان سیاسییەك یان بازرگانێکی دیار بە وێر، ئەوا بە (لەمیش )دەناسرێت، هەڵبەت کەسێتی دیار قەید و مەرجی بەکارهێنانی ئەم وشەیە نییە، هەروەك پێشتر باسکرا، بۆ هەرکەسێك بەکاردەهێنرێت، کە بەلاشخۆرە.

## دووەم/ پەرچەواتا لە فۆڕمی فرێزدا

هەندێك فرێز لە زماندا چەسپیونو وەك وشەی بەبەردبوو مامەڵەیان لەگەڵ دەکرێت، ئەم فۆڕمە بەربەردبووە دەشێت هەڵگری جۆرێك لە کاریگەریی پەرچەواتایی بێت، لەگەڵئەوەشدا دەشێت ئەم فرێزانە نەچەسپیبن، بەڵام دەکرێت بەهۆیەوە لە سنوری فرێزەکەدا کاریگەریی پەرچەواتاکە بگەیەنێت، بەمپێیە فۆڕمی فرێز هەردوو جۆری فرێزی چەسپیوو فرێزی نەچسپیو دەگرێتەوە.

١٣.أ. کوڕی شار
ب. کوڕی لادێ
فرێزی (١٣.أ) هەڵگری کاریگەری پەرچەواتای ئەرێنییە، چونکە لە ڕووی هزر و بیرکردنەوەوە چالاکن و چاوکراوەن، لەکاتێکدا لەم ڕوانگەیەوە فرێزی (١٣.ب) هەڵگری کاریگەری نەرێنییە،

بەڵام ئەگەر ئەم بەراوردە لەڕووی هێزی جەستەییەوە وەربگیرێت، ئەوا پەرچەواتای هەریەکەیان پێچەوانە دەبێتەوە، بەجۆرێك فریزی (١٣.ب) هەڵگری پەرچەواتای ئەرێنی و فریزی (١٣.أ) هەڵگری پەرچەواتای نەرێنییە، دەکرێت جیاوازیی ئەم دوو فریزە بەگشتیو نزیك لە ڕاستییەوە لە (١٣ب، ت)دا بخەینەڕوو:

ب. کوڕی شار ⟵ دونیابینیو هێزی جەستییەوە = /+ چاوکراوەیی، + ڕۆشنبیریی، ± هێز/

ت. کوڕی لادێ ⟵ دونیابینیو هێزی جەستییەوە= /– چاوکراوەیی، ± ڕۆشنبیریی، + هێز /

١٤. چێشتی مجەوەر

فریزی چەسپاوی (١٤) ئاماژە بە تێکەڵی و ناڕێکخراوەیی بابەتێك دەکات، ئەمەش وادەکات لە دەربڕینیدا هەڵگری پەرچەواتای نەرێنی بێت و بەو پەرچەواتایەوە بەکاربهێنرێت.

١٥. قسەیەکی بەقوەتە.

دەربڕینی فرێز (١٥) بەپێی جۆری کەسێتی کەسەکە لە ڕووی ئەزمونی و قسەزانییەوە، هەڵگری پەرچەواتای ئەرێنی یان نەرێنی دەبێت، بەجۆرێك هەرکات بە کەسێکی بەئەزموون وترا، ئەوا هەڵگری کاریگەری ئەرێنی و بە کەسێکی نەزان وترا هەڵگری پەرچەواتایەکی نەرێنی دەبێت، کە مەبست لێی بەکەمزانین و پێڕابواردنی کەسەکەیە.

## سێیەم/ پەرچەواتا لە فۆڕمی ڕستەدا

ئەمجۆرە لە فۆڕمی پەرچەواتا پەیوەستە بە چوارچێوەی ڕستەکەوە، بەو واتایەی جۆری کاریگەری پەرچەواتاکەی تەنها لە چوارچێوەی ڕستەکەدا دەگەیەنرێت، نەك بە وشە یان فرێز بگەیەنرێت، لێرەدا هەندێك وشە لە فەرهەنگدا خاوەنی واتایەکی بنەڕەتییە، بەڵام لە چوارچێوەی ڕستەدا جۆری کاریگەرییەکەی دەرکەوێت و لەسەر گوێگر بەجێدەهێڵێت.

١٦. پیرەمێردەکە مرد.

وشەی (مردن) لە فەرهەنگدا بە واتای نەمانی فیزیکی بەکاردەهێنرێت و لە ڕووی کاریگەرییەوە بێلایەنە، بەڵام لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە بەکارهێنانی وشەی (مردن) لە ڕستەی (١٦)دا پەیوەست بە کۆمەڵگای کوردی هەڵگری پەرچەواتای نەرێنییە، چونکە بەگشتی ئەم جۆرە بەکارهێنانە هەڵگری چەمکی ڕێز نییە، لەبەرئەوە زۆرجار ئەم وشەیە بۆ تەمەنی منداڵ و

مێردمندالْ و هەرزەکار و بۆ کەسی بەتەمەن و پیر هەروەها بۆ ئەو کەسانەش، کە خاوەنی پێگەیەکی بەرزی کۆمەڵایەتین فۆڕمەکانی (کۆچی دوایی کرد، وەفاتی کرد، بەر ڕەحمەتی خوا کەوت.) بەکاردەهێنرێت.

## چوارەم/ پەرچەواتا لە فۆڕمی دەربڕاودا

یەکێك لە بۆچوونەکان بۆ نموونە ڤان دایك ڕستەو دەربڕاو بە سنوری سیمانتیك و پڕاگماتیکەوە دەبەستنەوە، بەجۆرێك ڕستە کەرەستەی سیمانتیکو دەربڕاو کەرەستەی پڕاگماتیکە، بەمپێیە هەندێك دەربڕاو وەك کەرەستەی پڕاگماتیکی جۆری کاریگەریی پەرچاواتاکە دەگەیەنێت.*

١٧. تێکەڵی دەکات.

دەربڕینی (١٧) وەك ڕستە، هەڵگری واتایەکی دیاریکراوە، کە تێکەڵکردنی دوو شتی بەرجەستەیە، بەڵام وەك دەربڕاوو پەیوەست بە دەوروبەرێکی دیاریکراوەوە، دەبێتە هەڵگری پەرچەواتای نەرێنی، چونکە واتای بێسەروبەرەیی و خڵافاو و تێکەڵکردنی واتای کۆدەکان لە قسەکردندا دەگەیەنێت، بە واتا توانای دەربڕینی دروستی نییە لە ڕووی ڕێزمانی و سیمانتیکییەوە

١٨. کەوتە بازاڕەوە.*

بەکارهێنانی دەربڕاوی (١٨) ، وەك پەرچەواتایەکی نەرێنی بەکاردەهێنرێت، پەرچەواتا نەرێنییەکەش لە ئەنجامی واتا میتافۆریەکەیەوە بەدەستهاتووە کە شێتێتی و لەدەستدانی ژیرییە.

---

* سەبارەت بە ناسینو جیاوازیی ڕستە sentences هەروەها دەربڕاو Utterance لە سنوری سیمانتیك و پڕاگماتیکدا، بڕوانە ، (Levinson: (1997: 30.

* ئەم فۆڕمە لەبەرئەوەی چۆنێتی گەیاندنی پێناسەی واتای ئیدیەمیە، کە فۆرمێکی ناداڕشتەییەو واتاکەی پەیوەست نییە بە پێکێنەرەکانییەوە، بەڵکو خاوەن واتایەکی ئامادەکراوە، بۆیە پێشنیازی بوون بە ئیدیەمی لێدەکرێت، هەروەك فۆرمی (ڕەقەمی لێبەستراوە)، بێگومان ئەم پێشیازەش لە ئەنجامی ئەو ڕاستییەوە دەکرێت، کە دەربڕین و بەرهەمهێنانی ئەم فۆڕمانە پەیوەست بە ئێستا و ڕەهەندی کۆمەڵایەتی تاکی قسەپێکەرانی زمانی کوردییەوە نوێیەو لە فەرهەنگدا وەك ئیدیۆم تۆمارنەکراوە.

لەکاتێکدا دەربڕراوی(١٨) وەك ڕستە هەڵگری واتای ئەرێنییەو مەبەست لێی ڕیکلامکردنە بۆ ئەو شتەی، کە سەرەتای دەرکەوتن و ئاشناکردنێتی بە خوازیاران و فرۆشیارانی.

١٩.أ. شەبەکەی نییە.

ب. وەحدەی پێ نەماوە.

هەریەك لە دەربڕاوەکانی (١٩أ،ب) بۆ کەسێك کە بێتاقەت بێت، یان ئاگای لەخۆی نەبێت، یان هۆشی نەبێت، یان بەڵگەی نەبێت بۆ قسەکەی، یان وزەی نەما بێت بۆ قسەکردن، بەمەش دەبێتە هەڵگری پەرچەواتای نەرێنی.

٢٠. حەزی لە نانی خەستەخانەیە.

دەربڕینی ڕستەی (٢١) بەپێی جۆری بارودۆخ و کەسێتییەکە، هەڵگری پەرچەواتای نەرێنی یان ئەرێنییە، لەگەڵئەوەشدا بەگشتی بە پەرچەواتا نەرێنییەکەی بەکاردەهێنرێت، بۆ نموونە لە بارودۆخێکی هەڕەشە ئامێزدا هەڵگری پەرچەواتایەکی نەرێنییە، هەڵبەت هەندێك جار لە کەشێکی بەزم و کەیف ئاسادا بە مەبەستی تەنزئامێز هەڵگری پەرچەواتایەکی ئەرێنی دەبێت، بەڵام بەگشتی هەڵگری پەرچەواتای نەرێنییە.

٢١. بەشی سەناعەی پێوە نەهێڵاوە.

لە دەربڕاوی (٢١) بەهۆی بوونی چەمکی (هەڵخەڵەتاندن)، لە هەموو دەوروبەرێکداو وەك واتایەکی ئامادەکراو هەڵگری پەرچەواتای نەرێنی دەبێت و بەو پەرچەواتاییەوە بەکاردەهێنرێت.

## پێنجەم/ پەرچەواتا لە فۆڕمی ئەکرۆنیمەکاندا

هەندێك لە ئەکرۆنیمەکان لە زماندا جگەلە واتای کورتکراوەی وشەکان، هەڵگری جۆرێك لە پەرچەواتاشن، ئەم پەرچەواتایەش لە ئەنجامی لێکچونی فۆڕمە ئەکرۆنیمیەکە بە فۆرمێکی دیکە لە زماندا بۆ بەکارهێنانی فۆرمەکە دروستدەبێت.

٢٢.هەی لەم ئیلَ جییە.

لێرەدا LG وەك کورتکراوەی جۆرێك لە مارکە بەکاردەهێنرێت، بەڵام لە کۆمەڵگای کوردیدا بە واتای (لادێی ......) بەکاردەهێنرێت، کە لێکچوونی هەردوو فۆنی ئینگلیزی و کوردییەکەیە

لەگەڵیەکتر، ئەمەش پەرچەواتای نەرێنی یان ئەرێنی لەسەر وەرگر یان قسەلەسەرکراو دروستدەکات.

## ٣/٣ پەرچەواتا بەپێی ڕەهەندە کۆمەڵایەتییەکان

فەرهەنگی زمان بەپێی ڕەهەندە کۆمەڵایەتییەکان هەڵگری توێکڵەواتای جیاواز دەبن، کە دەشێت بەشێك لەم توێکڵەواتایانە بە پەرچەواتای ئەرێنی یان نەرێنی بەکاربهێنرێت، بۆ نموونە کرۆکەواتای وشەیەکی وەك (پیاو) بریتییەلە (+نێر) لەکاتێکدا توێکڵەواتای ئەم وشەیە بەپێی کەلتور و ڕەهەندە کۆمەڵایەتییەکان بە واتای هێز و دەسەڵاتو کۆیلەیی و بەکرێگیراو دەگۆڕێت. جگەلەوەش مەرج نییە هەمیشە توێکڵەواتا هۆکاری دروستبوونی پەرچەواتا بێت، بەڵکو فۆرمەکە بەهەمان بەکارهێنانییە بەپێی شوێنو کاتو ئاینو ئاستی ڕۆشنبیریو توێژە کۆمەڵایەتییەکان هەڵگری جۆرێك لە کاریگری پەرچەواتا دەبێت.

## یەکەم/ پەرچەواتا بەپێی دەوروبەری شوێن

شوێن یەکێکە لە ڕەهەندە کۆمەڵایەتییەکان ، کە کاریگەری لەسەر دروسبوونی پەرچەواتای وشەکە هەیە، بەجۆرێك ئاڵوگۆڕکردنی ئەو وشانە بەپێی شوێنەکان لەبەر نەگونجانی واتای بنەڕەتی لەو شوێنەدا، جۆرێك لە پەرچەواتای دەبێت، بۆ نموونە دەشێت فۆرمێکی زمانی لە دەزگایەکی فەرمی هەڵگری جۆرێك لە پەرچەواتا بێت، لەکاتێکدا هەمان فۆرم لە شوێنێکی نافەرمی وەك بازاڕدا پەرچەواتایەکی دیکەی هەبێت.

لێرەدا مەبەست لە شوێن، هەموو ئەو چوارچێوە جیاوازانە دەگرێتەوە، کە مرۆڤ تێیدا ژیاندەکات، وەك (ماڵ، گەڕەك، بازاڕ، دەزگا فەرمییەکان، پارکەکان، شار، ناوچە، گوند...تاد) هەموو ئەم شوێنانە لە چۆنێتی بەکارهێنانی زمانو گۆڕینی واتاو پەرچەواتادا ڕۆڵو کاریگەری خۆیان هەیە.

٢٣. کەرکوك شارێکی کوردستانییە.

لە ڕستەی (٢٣)دا وشەی کەرکوك بۆ کوردستانییەکان پەرچەواتای ئەرێنی هەیە، لەکاتێکدا هەمان ڕستە بۆ ناوچە عەرەبەکان هەڵگری پەرچەواتای نەرێنییە، چونکە لای کورد کەرکوك موڵکی کوردەو لای عەرەبەکان کەرکوك داگیرکراوە. ئەگەرچی لێرەدا نەتەوەبوون کاریگەری لەسەر پەرچەواتاکە هەیە، بەڵام نەتەوەبوونیش لەناو هەناوی شوێندایە و پەیوەستە بە

شوێنەوە، بۆ نموونە ناو هێنانی کەرکوك بۆخۆی وەك شوێن کاریگەرییەکەی دروستکردووە و وەك شوێن لێیدەڕوانرێت، دەنا لەنێو ئەم شوێنەدا کەمە نەتەوایەتییەکان لێی دەژین.

٢٤. گندۆرە

وشەی گندۆرە لە هەولێر وەك ناونان لەشتێك جگەلە ئەرکی ناسینەوەی شتەکە، هیچ جۆرێك لە پەرچەواتا نییە، بەڵام دەربڕینی ئەم وشەیە  لە سلێمانی پەرچەواتای تەنزئامێزی نەرێنی هەیە، چونکە وشەکە تایبەتە بە شێوەزاری هەولێری و لە سلێمانیدا بەکارهێنانی بە مەبەستی تەنزئامێز، ئەم تەنزئامێزییەش هۆکاری دروستکردنی پەرچەواتاکەیە.

٢٥. باجی

بەکارهێنانی وشەی (باجی)، بەپێی شوێنی بەکارهێنانی دەگۆڕێت، بۆ نموونە دەربڕینی وشەی باجی لە دامودەزگاکاندا بە واتای پیشەیەو هەڵگری هیچ کاریگەرییەك نییە، بۆ نموونە لە دەزگایەکی فەرمی کاتێك دەوترێت (باجی چایەك بێنە)، تەنها بۆ ناسینەوەو جیاکردنەوەی پیشەکەیە کە کارگوزارە، لەکاتێکدا لە دەرەوەی دامودەزگا فەرمییەکان، پەرچەواتایەکی نەرێنی دەبێت، بۆ نموونە بەکارهێنانی وشەی باجی بۆ بانگکردنی کەسێك بەپێی قۆناغی تەمەنەکە پەرچەواتاکەی دەگۆڕێت، بۆ نموونە دەربڕینی بۆ کەسێکی گەنج پەرچەواتای نەرێنی دەبێت، لەکاتێکدا ئەم بەکارهێنانە بۆ ژنێکی پیر پەرچەواتای ئەرێنی هەیە.

## دووەم/ پەرچەواتا بەپێی دەوروبەری کات

زمان بەپێی کات دەگۆڕێت، بەتایبەتی گۆڕانکاری لەسەر ئاستی واتایی دروستدەکات، جگەلەمە قسەپێکەرانی زمان لە گۆڕینی پەرچەواتای فۆڕمە زمانییەکاندا، کەڵك لە ڕەهەندی کات وەردەگرن.

هەڵبەت لە زمانی کوردیدا، کاتەکان بە (ڕابردوو، ئێستا، ئایندە) دابەشکراوە، ئەوەی کە کاریگەری لەسەر پەرچەواتاکە دروستدەکات، ڕابردوو ئێستایە، ڕەنگە فۆرمێکی زمانی لە ڕابردوودا بەجۆرێك لە کاریگەری پەرچەواتاو لە ئیستاشدا بە جۆرێکی دی بەکارهێنرابێت و بەکاربهێنرێت.

٢٦. سمێڵ

وشەی سمێڵ لە فەرهەنگی زماندا لە ڕووی کاریگەرییەوە بێلایەنە، بەڵام بەپێی کات هەڵگری پەرچەواتایە، بۆ نموونە لە ڕابردوودا بوونی سمێڵ خاوەنی پەرچەواتای ئەرێنیی بووە و بە واتای پیاوەتی و مەردایەتی بەکارهێنراوە بۆ نموونە لە وەسفی پیاودا (سمێڵ پان، سمێڵ بابڕ) بۆ سام و هەیبەت بەکارهێنراوە و پەرچەواتایەکی ئەرێنی هەبووە، هەمبەر بەمەش فۆڕمەکانی (، بێسمێڵ یان سمێڵ تاشراو) بۆ پیاوێك کە (سام و ترس)ی نەبووە بە پەرچەواتای نەرێنی بەرهەمهاتووە، بەڵام لە ئێستادا وشەی (سمێڵ) ئەو پەرچەواتا ئەرێنییەی لەدەستداوەو لە ڕووی کاریگەرییەوە وەك وشەیەکی بێلایەن بەکاردەهێنرێت.

٢٧. خاریجی

وشەی خاریجی لە ڕابردوودا بەهۆی باری ئابووری و بەرزی بەهای دراوی بیانی بەرامبەر بە دراوی عیراقی و ئەو باردۆخە تەنگژە داراییەی کوردستانی تێدا بووە، هەڵگری پەرچەواتایەکی ئەرێنی بووە، بەڵام لە ئێستا پەرچەواتاکەی لە ئەرێنییەوە بۆ نەرێنی بەهۆی باری کۆمەڵایەتی و باشبوونی باری ئابوورییەوە گواستراوەتەوە.

## سێیەم/ پەرچەواتا بەپێی دەوروبەری ئاین

ڕەهەندی کۆمەڵایەتی (ئاین) کاریگەری هەم لەسەر گۆڕانی واتا، هەم گۆڕینی واتاو لەناو گۆڕینی واتاشدا کاریگەری لەسەر پەرچەواتای وشەکە هەیە. کۆمەڵگای کوردی بەهۆی بوونی فرە ئاینیەوە واتا جیاواز لە ئاینی ئیسلام بوونی هەریەك لە ئاینی (جولەکە، مەسیحی، کاکەیی و یەزیدی) وایکردووە لەسەر ئاستی واتا پەرچەواتای جیاواز لە وشەکاندا بەرجەستەبکرێت، جگەلەوەش هەر لەنێو موسڵمانەکاندا بەهۆی ڕەوتی عیلمانی و ئیسلامی یان بڵێین لەبەر بوونی ڕاستەکان و چەپەکان، هەروەها لەنێو ئیسلامییەکانیشدا بەهۆی میانڕەوی و توندڕەوییەوە پەرچەواتای جیاواز لە دەربڕینی فۆڕمە زمانییەکاندا دروستدەبێت و دەبێتە بەشێك لە ناواخنی فۆڕمەکە، هەم بەپێی دەوروبەرەکە کاریگەری جۆری پەرچەواتاکە لەسەر گوێگر جێدەهێڵێت

٢٨. خاچ

وشەی (خاچ) بەپێی بەکارهێنانی پەرچەواتاکەی دەگۆڕێت، بۆ نموونە لای ئاین مەسیحەکان بە واتای پیرۆزی بەکاردەهێنرێت و هەڵگری پەرچەواتای ئەرێنییە، لەکاتێکدا هەمان

وشه لای موسڵمانەکان هەڵگری واتای نەرێنییەو بەهۆیەوە دەمارگیرییەکی کاتی لای وەرگر دروستدەبێت، هەڵبەت ئەمەش لە ئەنجامی بڕوانەبوونە بە لە خاچدانی مەسیح و بۆ ئاماژەی خاچکێشان بۆ سێ خودا دەگەڕێتەوە.

٢٩. ئەنفال

وشەی (ئەنفال) وەك ناوی سورەتێك لە قۆرئانی پیرۆزو وەك تەئویلاتی ئاینی دەستکەوتی مادی موسڵمانەکان بووە بەرامبەر بە کافرەکان، یان بە واتای دەستەکەت لە کاتی جەنگی موسڵمان و کافرەکان بەکارهاتووە، بەڵام لە ئێستادا بۆ پاکتاوکردنی ڕەگەزیی و بە واتا نەرێنییەکەوە، کە ستەمکردنە، بەکاردەهێنرێت.

٣٠.شێخ.

وشەی (شێخ) لە کەلتوری ئیسلامدا، لەناو ڕێبازە جیاوازەکانی ئیسلامدا پلە و پێگەیەکی ئاینی هەیە، ئەم وشەیە لەناو مورید و شوێنکەوتەی تەریقەتە جیاوازەکاندا کاردانەوەیەکی ئیجابی هەیە، بەڵام لای ئەوانەی کە شوێنەکەوتەی تەریقەت و ئەو ڕێبازە دینیانە نین پەرچەواتایەکی نەرێنی هەیەو زۆرجار بە مەبەستی درۆو ساختەو فێڵکردن لە خەڵك بەکاردەهێنرێت، ئەم پەرچەواتا نەرێنییەش لە پارەو کەرەستەو خواردن وەرگرتنی شێخ لە خەڵکی ڕووت و بێدەرەتانەوە چ بۆ خزمەتکردنیان یان بۆ دوعاو نوشتەکردنەکانیان، هاتووە.

٣١. دەبێت دین لە دەوڵەت جیابکرێتەوە.

جیاکردنەوەی دین لە دەوڵەت لە ڕستەیەکی وەك (٣١)دا، کە ڕستەیەکی باوە لەنێو عیلمانییەکاندا پەرچەواتایەکی نەرێنی هەیە لای ڕاستڕەوەکان، چونکە لای ئیسلامییەکان دین و دەوڵەت دوو بابەتی لەیەکجیانەکراوەن، لەکاتێکدا چەپەکان پێیانوایە خوداپەرستی حاڵەتێکی تایبەت و پەنهانە لەنێوان بەندەو خوداداو خوداش هیچ پەیوەندییەکی بە دەوڵەتدارییەوە نییە، بۆیە لای ئەمان پەرچەواتاکەی بەشێوەی نەرێنی پەیوەستە بە بوونی چەمکی بیردواکەوتوویی کەسەکە.

٣٢. داعش بۆ وا لەو منالە دەکەیت؟!

وشەی داعش وەك فۆڕمێکی ئەکرۆنیم لە زماندا، بزوتنەوەیەکی سوننی ئیسلامییە، بەکارهێنانی ئەم وشەیە لە ئێستادا چ لەناو خەڵك یان لەناو عیلمانی و تەنانەت لەناو هەندێك لە ئیسلامییەکانیشدا هەڵگری توێکڵەواتای درەندەیی و توندڕەوییە، ئەمەش دەبێتە هۆی بەکارهێنانی بە پەرچەواتای نەرێنییەکەیەوە، هەروەك داعش لە ڕستەی (٣٢) تەواو بە پەرچەواتا نەرێنیەکەیەوە بەکارهاتووە.

## چوارەم/ پەرچەواتا بەپێی دەوروبەری سیاسی

دەوروبەری سیاسی، یەکێکە لەو دەوروبەرانەی کاریگەری لەسەر گۆڕان و گۆڕینی واتا هەیە، لەنێو کۆمەڵگای کوردیدا بەپێی سیستمی سیاسیی و پراکتیزەکردنی سیاسەتەکەی دیدوبۆچوونی جیاوازی سیاسی پەرچەواتای جیاواز دێنێتەئاراوە، هەروەها فرەحزبی لە هەرێمی کوردستاندا دیسان هۆکارە بۆ دروستبوونی پەرچەواتای جیاواز، نموونەی ئەم حاڵەتەش لە چەند نموونەیەکدا دەخرێنەڕوو:

٣٣. ئۆپۆزسیۆنو دەسەڵات

هەر دوو وشەی (٣٣) بەکارهێنانی لەلایەن لایەنەکانی بەرامبەرەوە پەرچەواتای نەرێنی هەیە، بەڵام وشەی ئۆپۆزسیۆن لە دەروونی بەشێك لە خەڵکی بەهۆی جۆری تێگەیشتنیان بۆ ئۆپۆزسیۆن وەك فریادڕەسی برسی و زوڵملێکراوان پەرچەواتای ئەرێنی هەیە. بەپێچەوانەوە بەکارهێنانی وشەی دەسەڵات هەمیشە پەرچەواتایەکی نەرێنی هەیە، چونکە دەسەڵات لای ئەوان مایەی نیگەرانی و بەدبەختی و نەهامەتیانە.

٣٤. pkk

ئەکرۆنیمی (٣٤) وەك ناوێك بۆ حزبێك، لەلایەن توێژ و چینەکانی کۆمەڵ و ستراتیژی سیاسی یان لەلایەن ئەندامانی حزبە جیاوازەکانەوە پەرچەواتای جیاوازی هەیە، بۆ نموونە پەکەکە لە هەرێمی کوردستان بەهۆی چۆنێتی سیستمی بەڕێوبردنو بانگەشەی خراپی ئەو حزبەوە لەلایەن هەندێك حزبو لایەن و هەندێك لە چینەکانی کۆمەڵەوە پەرچەواتای نەرێنی هەبوو، بەڵام لە ئێستاشدا بەهۆی گۆڕانی باردۆخ و بەپێی بەرژەوەندی نەتەوەیی و حزبییەکان دیسان پەرچەواتای جیاوازی هەیە.

۳۵.أ. برای حزبی

ب. هاوڕێی حزبی

پ. هەڤاڵی حزبی

ت.هاوبیری حزبی

هەریەك لە فرێزەكانی (۳۵أ، ب،پ،ت)، بۆ دەستەو تاقمە حزبیەكان لەناو خۆیاندا پەرچەواتای ئەرێنی هەیە، هەروەك لە فرێزی (۳۵أ) بۆ لایەنە ئیسلامییەكانو فرێزی (۳۵ب) بۆ حزبە چەپەكانو فرێزی (۳۵پ) بۆ حزبە نیشتمانی و دیموكراتییەكان و فرێزی(۳۵ت) بۆ نەتەوەییەكانە، بەڵام لەناو دەستەیەكی تری جیاواز لەو حزبە پەرچەواتای نەرێنی هەیە، بۆ نموونە دەربڕی فرێزی (۳۵أ )لای چەپەكان هەڵگری پەرچەواتای نەرێنییە.

۳٦. ژن، ئافرەت، خوشك

هەریەك لە زاراوەكانی (۳٦)، زادەی لایەنە حزبییەكانن، یان ماركەلێكدراون بە لایەنێكی حزبی، بۆنموونە (ژن) تایبەتە بە ڕێكخراوەكانی یەكێتی نیشتیمانی كوردستان، (ئافرەت) تایبەتە بە پارتی دیموكراتی كوردستان و خوشك لای یەكگرتووی ئیسلامی كوردستان بەكاردەهێنرێت، ئەم ماركەلێدانەش وەهادەكات ئەگەر زاراوەكە بە ماركەكەی خۆیەوەو لە دەوروبەری خۆیدا بەكارنەهێنرا ئەوا جۆرێك لە پەرچەواتای لێبكەوێتەوە، بۆ نموونە لەناو رێكخراوێكی ئافرەتاندا بوترێت (خوشكانی ئێمە/ ژنانی ئێمە) ئەوا پەرچەواتایەكی نەرێنی دەبێتو قسەكەر كاردانەوەیەكی لاوەكی لەلایەن وەرگرەكانەوە وەردەگرێت.

## پێنجەم/ پەرچەواتا بەپێی كۆمەڵ

كۆمەڵ وەك (چینوتوێژەكان، پیشە، ئاستی ڕۆشنبیریی، خوێندەواریی، نوێخوازیی...تاد)، كاریگەریی لەسەر دەربڕینی فۆڕمە زمانییەكان دروستدەكات و بەهۆیەوە دەكرێت بە واتاو كاریگەرییەكی نوێوە بەكاربهێنرێت.

۳۷.أ. باجی گیان چایەك بێنە.

۳۷.ب. بێزەحمت باجی سەعات چەندە؟

وشەیەكی وەك (باجی) بەپێی نەریتی كۆمەڵگەی كوردی هەڵگری خەسڵەتی /+رێز، +تەمەن، +گەورەیی/یە، لەگەڵئەوەشدا بەپێی باردۆخ و دەوروبەرە كۆمەڵایەتییەكان بەكارهێنانەكەی

دەگۆڕێت، هەروەك دەربڕینی لە ماڵێکدا بە واتای بنەڕەتییەوە، هەڵگری هیچ کاریگەرییەك نییە، هەروەها لە دامودەزگایەکدا وەك پیشەی کارگوزاریش خاڵییە لە کاریگەری پەرچەواتایی وەك پێشتر باسکرا، لەکاتێکدا بانگکردنی کەسێك بە باجی لەناو بازاڕ یان لەلایەن کەسێکی نەناسیاوە هەڵگری کاریگەری پەرچەواتای نەرێنییە، کە ئەمەش پەیوەستە بە ئاستی خوێندەواری و ڕۆشنبیریی و تەمەنی کەسەکەوە. بەمپێیە بەکارهێنانی وشەکە پەیوست بە کۆمەڵگای کوردییەوەو زۆرجار بەکارهێنانێکی نەرێنی هەیە، چونکە بەگشتیو بەدەر لە نەریتی کۆمەڵگاییانە نیشانە واتاییەکانی وشەی (باجی) برتییەلە /+ بەتەمەن، + رێزگرتن، + بانگکردن، + پیشە/، هەردوو نیشانەی واتایی /+ تەمەن، + پیشە/، بە پەرچەواتای نەرێنییەوە بەکاردەهێنرێت، بۆنموونە بانگکردنی مامۆستایەك بە باجی پەرچەواتای نەرێنی هەیە، چونکە لە بنەڕەتدا باجی وەك زاراوەیەك بۆ پیشە بەکاردەهێنرێت، هەروەها بانگکردنی کچێکی گەنج بە (باجی) دیسان کاریگەری نەرێنی هەیە، چونکە لە بنەڕەتدا بۆ (+ بەتەمەن) بەکاردەهێنرێت.

٣٨. زۆر منالأنەیە.

بەکەمڕوانینی منالْ لە کۆمەڵگای کوردیدا وەك هەندێك کۆمەڵگای دیکە، وەها دەکات بە مەبەستی بەکەمزانینی کەسەکە بەکاربهێنرێت، کاریگەرییەکی نەرێنی لەسەر وەرگر دروستبکات، هەروەك لە دەربڕینی (٣٨)دا، پەرچەواتا نەرێنییەکە پتر بەهۆی مۆرفیمی بەندی (انە)ەوە مۆرکی لێدراوەو ئەو جۆرە کاریگەرییەی پێبەخشیووە.

٣٩. دەرزی بۆ کرد

وشەی (دەرزی) لە ڕستەی (٣٩)دا بە پێی چینوتوێژەکانی کۆمەڵ و بە واتای جیاوازو بۆ مەبەستی جیاواز بەکاردەهێنرێت، بە جۆرێك ئەگەر بەرانبەر پزیشکێك لە شوێنیکی وەك نەخۆشخانە بکاربهێنرێت واتایەکی ئاسایی دەبێت هیچ جۆرەکاردانەوەیەك دروست ناکات، بەلأم ئەگەر لە شوێنیکی نافەرمی وەك بازاڕ بەرانبەر کاسبکارێك بەکاربهێنرێت، ئەوا بە واتا میتاقۆڕیەکەی، کە بە واتای هەڵخەڵەتاندن و فریودان دێت و هەڵگری پەرچەواتای نەرێنی دەبێت.

٤٠.أ. ژنێکی گەڕۆکە.

ب. زۆر گەڕاڵە.

پ. ئەو گەڕیدەیە.

هەریەك لە فۆڕمەكانی (گەڕۆك، گەڕاڵ، گەڕیدە)، كە فۆڕمی شكاوەی كرداریی ناویی (گەڕان)ەو بە واتای گەڕان دێت یان هەڵگری خەسڵەتی /+چوونەدەرەوە/یە، بەپێی كۆمەڵگای كوردی بە پەرچەواتای جیاواز بەكاردەهێنرێت، بۆنموونە ڕستەی (٤٠.أ)و (٤٠ب) بۆ هەردوو ڕەگەزی نێر و مێ پەرچەواتای نەرێنی هەیە، بەڵام ڕێژەی نەرێنی لەپاڵ ڕەگەزی (مێ)دا زیاترە وەك لە ڕەگەزی (نێر)، بەشێوەیەك پەرچەواتای نەرێنی بۆ مێ ئاكار و ڕەوشتی ژن دەگرێتەوە، لەكاتێكدا بۆ ڕەگەزی (نێر) پتر مەبەست لێی لایەنی عەقڵ و ژیرییە، لەتەك ئەمەش فۆڕمی (گەڕیدە) كە لە ڕستەی (٤٠پ)دا بەكارهاتووە بەدەرە لە كاریگەری پەرچەواتاییو تەنها بۆ كەسێك، كە وڵاتان دەگەڕێت بەكاردەهێنرێت.

٤١. لەسەر كۆڵان گەورەبووە.

بەو پێیەی خێزان لە كۆمەڵگای كوردیدا، بنەمای پەروەردەكردن و گەورەكردنی منداڵە، لەبەرئەوە دەربرینی فۆرمێك بۆ گەورەبوون لە دەرەوەی خێزان، هەڵگری پەرچەواتای نەرێنی دەبێت، هەروەك دەربڕینی ڕستەی (٤١) بە پەرچەواتا نەرێنییەكەیەوە بە وەرگر دەگات، كە مەبەست لێی كەسێكە لە ڕووی پەروەردەییەوە كەموكوڕی هەیە، یان بێڕەوشتە، یان كەم ئاكار و بێ ئەتەكییەتە.

٤٢.أ. كوڕە ئەو بەزمە.

ب. بەزمەكەیە.

بەكارهێنانی وشەی (بەزم) بەپێی جۆری كەسەكەو دەوروبەرەكە، دوو جۆر پەرچەواتای دەبێت، بۆ نمونە بۆ كەسێك كە قسەخۆش یان خۆشخوان بێت، بە پەرچەواتای ئەرێنی بەكاردەهێنرێت، بەڵام بۆ كەسێك كە كەم ئاوەز و شێتۆكە یان گێل بێت، ئەوا بە پەرچەواتا نەرێنییەكەیەوە دەردەبڕێت، ئەم دوو ئەگەرەش دەكرێت لە (٤٢أ)دا بەدیبكرێت، بەڵام دەربڕینێكی وەك (٤٢ب) پتر هەڵگری پەرچەواتای نەرێنیەو ئاماژە بە ڕووداننێكی ناخۆشی دووبارەبووە دەدات.

## شەشەم/ پەرچەواتا بەپێی ڕەگەز

لە كۆمەڵگای كوردیدا جیاوازیی تێڕوانین بۆ ڕەگەزی نێرو مێ نەك تەنها لە جیاوازیی فەرهەنگی نێرو مێدا ڕەنگی داوەتەوە، بەڵكو بووەتە سەرچاوەیەك بۆ بەمەبەست بەكارهێنانی كاریگەریی ئەرێنیو نەرێنی لە پەرچەواتای فۆرمە زمانەییەكاندا.

٤٣.أ. *پیاوێکی جوانە.
ب. *پیاوێکی ناسکە.
پ.* ژنێکی قۆزە.

لـە زمـانی کوردیـدا (پیـاوی قـۆز)و (ژنـی جـوان)و (کچـی ناسـك) وەك کۆمەڵەوشـە پێکـەوە بەکاردەهێنرێت، ئاڵوگۆڕکردنی کەرەستەکانی ئەم کۆمەڵەوشانە بەهۆی جیاوازیی پێگەو بـەهاو نرخـی کۆمەڵایەتییـەوە جیـاوازە، بۆیـە لـە دەربڕینێکـی وەك (٤٤أ)دا کاریگـەریی نـەرێنی لێدەکەوێتەوە، بەجۆرێك لە (٤٤ب)دا واتای پیاوێك، کـە لـە ژن بچێت دەگەیـەنێتو لـە (٤٤پ)دا واتای ژنێك کە لە پیـاو بچێت دەگەیـەنێت، بەمـەش وشـەکانی (جـوان، ناسـك، قـۆز) کـە خـۆی هەڵگری کاریگەریی ئەرێنییە لە (٤٤أ، ٤٤ب، ٤٤پ)دا بە پەرچەواتا نەرێنی بەکاردەهێنرێت.

٤٤. ژنێکی کەتەیە

هەریـەك لـە وشـەی (کەتـە) هـەڵگری کاریگـەریی ئەرێنییـە، بـەڵام لـەپاڵ ڕەگـەزیی مێـدا کاریگەرییەکەی بۆ پەرچەواتای نەرێنی دەگۆڕێت، هـەروەك لـە دەربـڕراوی (٤٤)دا خراوەتـەڕوو، ئەم پەرچەواتایەش بۆ بوونی چەمکی قەبەیی لـە (کەتـە)دا دەگەڕێتـەوە یـان بـە وشـەیەکی دی کەتە هەڵگری نیشانەی واتایی /+قەبە، +قەباره گەورە بەرهەردوو بـاری سـتونیو ئاسـۆییدا/یە، ئەمەش بۆ پیاو قۆزێتی و بە ویقارییەو بۆ ژن ناشرینییە، چونکە سروشتی ژن بە ناسکی نەك بـە قەبەیی وەسفکراوە.

٤٥.أ.*ژنێکی پیاوانەیە.
ب. *کەسێکی کوڕانییە.

فۆڕمی پیاوانـە لـە بنەڕەتـدا واتـاو کاریگەرییـەکی ئـەرێنی هەیـەو بـۆ چۆنێتی تێڕوانینـی کۆمەڵگا بۆ پیاو دەگەڕێتەوە، لە (٤٥أ)دا هەرچەندە لـەپاڵ ڕەگـەزی مێـدا بـەکارهێنراوە، بـەڵام هـەر کاریگەرییـەکی ئـەرێنی هەیـە، چـونکە لـە ڕووی کۆمەڵایەتییـەوە ئاکاربـەرزی بکەرەکـە دەردەخات.

لە کۆمەڵگای کوردیدا فۆڕمی (کوڕانی) دەرخـەر و نیشـاندەری هەڵسـوکەوتو ڕەفتـاری (کـچ)ە، بەجۆرێك ڕەوشت و ئاکاری زۆرتـر لـە (کـوڕ)ەوە نزیکـە، ئـەوانیش سـیفەتەکانی (+بـەهێزیی، + کراوەیی، + بزێویی،...)ن، ئەمانەش پەیوەست بەبیرکردنەوە و تێڕوانینـی کۆمـەڵی کوردییـەوە

سیفەتی نەرێنیین، بەوپێیەی (کچ) بە بوونی سیفاتەکانی (+نەرم و نیانی، + ناسکی، + خۆپارێزیی)یەوە ناسراوە، هەربۆیە دەربڕینی (٤٦ب) کاریگەریی خراپ و نەگونجاو لەسەر پەسنکردنی کەسێتیی ڕەگەزی (مێ) بەجێدەهێڵێت.

## حەوتەم/ پەرچەواتا بەپێی تەمەن

بەکارهێنانی فۆڕمە زمانییەکان بەپێی تەمەن پەیوەستە بە تێڕوانینی ئاستی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگاوە و ئەم ڕەهەندە کۆمەڵایەتییە لەگەڵ ڕەهەندی کۆمەڵ گرێدەدرێتەوە و پێکەوە کاریگەریی پەرچەواتا بە فۆڕمە زمانەییەکە دەبەخشن.

بەپێی پێوەرە سایکۆلۆجییەکان تەمەنی مرۆڤ بۆ (مەلۆتکە، منداڵ، مێردمنداڵ، هەرەزەکار، گەنج، کامڵو بەتەمەن، پیربوون) جیادەکرێتەوە، جگەلەوەی فەرهەنگی مرۆڤ بەپێی ئەم قۆناغانە هەڵگری تایبەتمەندێتی خۆیەتی، لە هەمانکاتیش بەکارهێنانی هەندێك فۆڕمی زمان بەپێی قۆناغەکان، کاریگەریی پەرچەواتای جیاوازی دەبێت، بەتایبەت ئەو فۆڕمانەی بەپێی کات وەرگرتنو تێگەیشتنیشی دەگۆڕێت، بۆ نموونە وشەی (ڕاپ) لای بەتەمەنێك خاوەنی پەرچەواتایەکی نەرێنی و لای مێردمنداڵێك پەرچەواتایەکی ئەرێنی هەیە، یان وشەیەکی وەك (های، بای، چاو، سی یو، ...تاد )، لای بەتەمەنێك پەرچەواتای نەرێنی لای هەرزەکارو لاوێك پەرچەواتای ئەرێنی هەیە، بەپێچەوانەشەوە کۆمەڵێك وشە و دەستەواژە لای بەتەمەن و پیر هەڵگری پەرچەواتای نەرێنیو لای منداڵ و هەرزە هەڵگری پەرچەواتای نەرێنییە، بڕوانە فۆڕمەکانی (ڕووسوربی، عەمەلەکردن، ڕەفیقی ئەمانە کێوێکیان لەبن دەرئەهێنا، ..تاد).

٤٦. تۆ هێشتا منداڵی.

وشەی (منداڵ) بەپێی بەکارهێنانی قۆناغەکانی تەمەن دەگۆڕێت و کاریگەریی لەسەر پەرچەواتاکەی دەبێت، هەروەك لە ڕستەی(٤٦)دا بەکارهێنانی وشەی (منداڵ) بۆ قۆناغی هەرزەکاری، کاریگەریی نەرێنی هەیە، چونکە یەکێك لە نیشانە سەرەکییەکانی منداڵ /+کەمتەمەنی، – گەورەیی/ە، لە ڕووی دەروونیەوە منداڵ لەم قۆناغەدا هەست بە گەورەبوون دەکات، بۆیە پەرچەواتایەکی نەرێنی لەسەر وەرگر دەبێت بەتایبەت ئەگەر وەرگر لە قۆناغی هەرزەکاریدا بێت، بەڵام بەکارهێنانی هەمان وشە بۆ قۆناغی گەنجێتی لەنێوان ساڵانی (٣٠–٤٠) پەرچەواتایەکی ئەرێنی دەبێت، چونکە سروشتی مرۆڤ بەجۆرێکە حەز بە پیرێتی ناکات، ئەم

قۆناغــەش ســەرەتایەکە بــۆ دەســتپێکردن بــە قۆنــاغی کــامڵبوون و بەتەمــەنێتی، بۆیــە پەرچەواتایەکی ئەرێنی دەبێت.

٤٧. قەیرەکچ

لە فەرهەنگدا، وشەی (قەیرەکچ) هەڵگری نیشانەی واتایی /+بەتەمەن/ە، بەکارهێنانی ئەم وشەیە بۆ قۆناغی هەرەزەکاری پەرچەواتایەکی ئەرێنی هەیە، چونکە بە پێچەوانەی واتای بنەڕەتی (+بەتەمەن)ەوە بەکارهێنراوە، لەکاتێکدا بۆ قۆناغی گەنجێتی لەنێوان (٣٠–٤٠) ساڵیدا پەرچەواتایەکی نەرێنی دەبێت.

٤٨. ئەریَ پیرێژن چیت لێناوە.

دەربڕینی ڕستەی (٤٨) بۆ ژنێك لە قۆناغی گەنجێتیدا پەرچەواتایەکی ئەرێنی هەیەو ئاماژەیە بە پەیوەندییەکی پتەوی نێوان ژن و پیاو لە ڕووی خۆشەویستییەوە، بەڵام بۆ قۆناغی کامڵی پەرچەواتایەکی نەرێنی دەبێت، چونکە لەم قۆناغەدا ئەو هەستە لای وەرگر دروستدەکات کە تواناو جوانیو لەشساغیو ...تاد لەدەستداوە.

٤٩. پیرەمێردەکەم لەماڵەوەیە.

بەکارهێنانی ئەم وشەیە بۆ قۆناغی گەنجێتی و کامڵی بەپێچەوانەی بەکارهێنانی وشەی (پیرێژن)ەوە پەرچەواتای نەرێنی هەیە، بەڵام بۆ قۆناغی پیرێتی هەڵگری پەرچەواتای ئەرێنییە، دەکرێت ئەمەش بگەڕێتەوە بۆ ئاستی بیرکردنەوەی لۆجیکیانەی پیاو و قبوڵکردنی واقع، لەکاتێکدا لە ڕووی سایکۆلۆجییەوە کەمتر ژن بۆ ئەم حەقیقەتە ملدەنێت.

٥٠. پوریَ

بەکارهێنانی وشەی (پوریَ)، پەرچەواتاکەی بەپێی تەمەن و پێگەی کۆمەڵایتیش دەگۆڕێت، بۆنموونە بەکارهێنانی بۆ کەسێکی گەنج هەڵگری پەرچەواتای نەریَ دەبێت، هەروەها لە ڕووی کۆمەڵایەتیشەوە بە مامۆستایەك یان پزیشکێك یان پارێزەرێك بوترێت پوریَ دیسان پەرچەواتای نەرێی دەبێت، بەڵام بە کەسێکی نەخوێنەواری بەتەمەن بوتریَ هەڵگری پەرچەواتا نییە، بەڵکو بەکارهێنانی فۆڕمی (نەنك) بۆ بەتەمەن پەرچەواتای نەرێنی دەبێت.

## ٤/٣ پەرچەواتا لە پرۆسەی ناوناندا

### ٣/٤–١ پرۆسەی ناونان

پرۆسەی ناونانی کەرەستەکان لەنێوان میللەتاندا جیاوازە، بۆئەمەش هەندێ نیشانەو تایبەتمەندیی بەهەند وەردەگیرێن، کە پەیوەستن بە بیرکردنەوەو تێڕوانینی ئەو کۆمەڵەوە لە سروشتو جیهانی دەورووبەر.

میللەتان بەپێی نزیکیی سنوری جوگرافیو هاوبەشییان لەڕووی خێزانە زمانەکانەوە کۆمەڵێك خاڵی هاوبەش کۆیاندەکاتەوە، بەڵام ئەو قۆناغە مێژووییانەی پێیدا تێپەڕیون کاریگەریی هەبووە لەسەر فەرهەنگی زمانەکەیان بەجۆرێك کە وشەکانیان نیشانەو مۆرکی تایبەتی ئەو نەتەوەیەی پێوە دیارە و تارادەیەکی زۆر پەیوەستە بە دنیابینی ئەندامانی ئەو کۆمەڵەوە، بۆنموونە لە زمانی ئینگلیزیدا هەندێ باڵندە بەپێی جۆرو چەشنی جوڵەکەی ناودەنرێت بۆنموونە، duck بەواتای مراوی، ئەمیش لە وشەی ducan ی ئینگلیزی کۆنەوە وەرگیراوە کە بە واتای نقوم بوون دێت، هەروەها وشەی cuckoo بەواتای کوکوختی دێت کە لە دەنگەکەیەوە وەرگیراوە.[١]

لەزمانی کوردیشدا، ئەو وشانەی لەڕووی پێکهاتنەوە سادەن، تارادەیەکی زۆر واتاکانیان لێڵن، بەپێچەوانەوە ئەوانەی لە مۆرفیمێك زیاترن، کە واتاکانیان ڕووندەبێتەوە، ئەمەش هۆیەکی گرنگە بۆ دیاریکردنی ئەو نیشانانەی کە جێی سەرنجی مرۆڤ بوون و لە پرۆسەی ناوناندا ڕۆڵیان بینیوە، هەروەك لەم نموونانەدا چۆنییەتی بیرکردنەوەو دنیابینیی قسەپێکەرانی زمانی کوردی دەردەکەوێت.

ئەو وشانەی ڕەنگ بەشداریی لە سازبوونیاندا کردووە: زەردێنە، ڕەشکە، سپێنە، رەشێنە، زەردوویی، سوورێژە، سەوزە، ماشوبرنج...

لەڕووی شێوەوە: ، کرمەك، مارماسی، مێخەك، پێقەل،.

### ٣/٤–٢ پەرچەواتا لە پرۆسەی ناوناندا

ناونانەکان پەیوەست بە کۆمەڵگای کوردییەوە، وەك چۆن نیشاندەری چۆنێتی دونیابینی کوردە بۆ شتەکان، بەهەمان شێوە هەڵگری جۆرێك لە پەرچەواتاشە، ئەمەش بەپێی ڕێگەو بابەتەکانی ناونان تایبەتمەندی خۆی هەیە، وەك لە خوارەوە بە چەند خاڵێك خراوەتەڕوو:

---

١ بروانە فاروق عومەر سدیق، (٢٠١١: ٣٣– ٣٨)

### ٣/٤-٢-١ ناونانی مرۆڤ

بەگشـتی لەکۆمـەڵگای کوردیـدا ناونـانی کەسـەکان، هـەڵگری پەرچـەواتای جیـاوازن، هـەروەك پەرچـەواتای نەتـەوەیی، ئـاینی، کـۆنو نوێگـەریی. بۆنموونـە لـە کۆمـەڵگای کوردیـدا ناوەکانی (هێـرش، کوردسـتان، خـەبات، بەنـدی، کـاوە، ) جگەلـەوەی ئامـاژە بـە سـەردەمێکی نەتەوەی کورد دەکات، هاوکات هەڵگری جۆرێك لـە پەرچەواتاشـە، لـەو سـەردەمانەدا بەتایبـەت ساڵانی (١٩٦٠-١٩٩٠) هەندێك لە ناونانەکان هەڵگری پەرچەواتای نەرێنی و هەندێکی تر هەڵگری پەرچەواتای ئەرێنیە، هەرچی پەرچەواتای ئەرێنییە بۆ پیشاندانی ئازایەتی، هەستی نەتـەوەیی، خۆڕاگریی، بەرگریی، دەگەڕێتەوە، هەروەك ناوەکـانی (کوردسـتان، خـەبات، کـاوە)، لەکاتێکدا پەرچـەواتای نـەرێنی لـە ئـەنجامی زوڵـم و زۆرداری و داگیرکـردن و ئەشـکەنجەوە سەرچـاوە دەگرێـت، هـەروەك (هـەژار، بێنـان). یـان ناوەکـانی (، محمـد، عبـدول صـمد، ماریـا، ولیـام، یوحەننا...تاد) هەڵگری خەسڵەتی ئاینین و بـەپێی کەسـێتی ناولێنراوەکـە پەرچـەواتای ئـەرێنی یان نەرێنی دەبێت.

هەنـدێکی تـر لـە ناونانـەکان پەیوەسـتە بـە کەسـایەتییە جیهانییەکانـەوە، کـە دیسـان ئـەو کەسـێتییانەش وەك لایـەنی دینـی (محەمـەد)، نەتـەوەیی (دیاکۆ،بـەرزان)، سیاسـی (پێشـەوا)، ئەدەبی (گـۆران،هێمن) بـەپێی ئایدۆلۆژیا و کەسـێتی کەسـەکە دەگۆڕێت، هـەڵگری جۆرێـك لـە پەرچەواتا دەبێت، بۆ نموونە ناوەکانی ( ماندێلا، هێتلەر، ناپلیۆن، ئەدیسـۆن، مـانی، پوشـکین، گاندی، ئاپۆ...تاد ) دیسان بەپێی کەسێتیو ئایدۆلۆژی ناولێنراوەکـە پەرچـەواتای ئـەرێنی یـان نەرێنین.

٥١. پێشەوا قازی نەمرە.

لە کۆمەڵگای کوردیدا چۆنێتی سۆز و خۆشەویستی و بڕوا و لایەنداری و ئایدۆلۆژیی بۆ سـەرۆك، جـۆری پەرچـەواتای نـاوی پێشـەوا قـازی لـە تـەك سـەرۆك دیاریـدەکات، بـەجۆرێك لای هەنـدێك پەرچەواتای نەرێنیو لای هەندێکی دیکە پەرچەواتای ئەرێنی دەبێت.

### ٣/٤-٢-٢ ناونان لە کەرەستەکان

ناونان لە کەرەسـەتەکان بەتایبـەت کەرەسـتە کارەبـایی و تەکنـەلۆژی و هۆکارەکـانی گەیاندنو گواستنەوە، بەناوی یەکێك لە کەسایەتییەکانەوە لە بواری هونەری و سیاسیدا جۆرێك لە کاریگەریی لای مرۆڤەکان دروستکردووە، بۆ نموونە ئەگەر ناوی کەرەستەیەك بە ناوی یـەکێك

له کەسێتییەکی نێو دراماکان یان سیاسییەکان کە لەلایەن تاکەکانی کۆمەڵگاوە نەشیاو بێت، بنرێت، ئەوا کاریگەرییەکی نەرێنی دەبێت، یاخود ناونان بە کەسێتییەکی دیاریی سەرنجڕاکێش کاریگەرییەکی ئەرێنی دەبێت، جگەلەوەش ناونانی کەرەستەیەك کە خاوەن تایبەتمەندی بەرز نەبێتو ناوی هونەرمەند یان سیاسییەکی گەورەی لێبنرێت دیسان هەڵگری کاریگەرییەکی نەرێنی دەبێت، لە کۆمەڵگای کوردیدا هەریەك لە ناوەکانی (وەنەوشە، لەیلا علوی...تاد) یەکێك لەم گریمانانە دەنوێنێت.

## ٣/٤-٢-٣ ناونانی بەرنامەو تابلۆی شوێنەکان

ناوی بەرنامە میدیاییەکانو تابلۆی دوکان و شوێنە گشتییەکان بە زمانە بیانییەکان، کاریگەری نەرێنی لای قسەپێکەرانی زمانی کوردی جێدەهێڵێت، بەتایبەت لە ئێستای کۆمەڵگای کوردیدا، کە زۆرینەی ناوی بەرنامەو تابلۆکان بە زمانی ئینگلیزیی نوسراوە، لەکاتێکدا فەرهەنگی کوردی خاڵی نییە لەو وشە کوردیانەی کە بەرامبەر بە ناوە بیانییەکانن.
ئەم کاریگەریی نەرێنییە، بەهۆی وروژاندنی هەستی نەتەوەییو ئاستی رۆشنبیری و چۆنێتی بیرکردنەوەی تاکەوە، سەرهەڵدەدات، لەکاتێکدا پێشنیازکەرانی ئەم ناوە بیانیانە بە مەبەستی قەبەکردنی شوێن و بەنامەکان و سەرنجڕاکێشانی خوازیار و تەماشاکەران و بینەرانە، هەروەك (ستەیج، مەید ئین، تۆپ ستۆری، دیالۆك، شۆك، زە سیڤی، گاردن ستی، فامیلی مۆڵ، کاسۆ مۆڵ، سیتی سەنتەر، سیتی ستار، گەلەری ...تاد )، هەروەها هەندێك لە دەزگا و بینا و پێگە ئەلیکترۆنییەکان ،وەك پیشاندانی ڕوکاری سەردەمی بە ناوە جیهانییەکانەوە ناودەنرێت، هەروەك (مۆڵ، هۆڵ، کەناڵ، پۆرتاڵ، سەندیکا).
مەرج نییە هەموو ناوە بیانییەکان هەڵگری کاریگەری نەرێنی بن، بەتایبەت ئەو وشانەی، کە لە زمانی کوردیدا بەرامبەریان نییە، یاخود جیهانین، بەڵام ئەو وشانەی کە بەرامبەریان هەیە کاریگەری نەرێنی لەسەر وەرگر دروستدەکەن و تەنانەت پێدەچێت ئەم کاریگەرییە ڕای گشتیشی لێبکەوێتەوە، بۆ نموونە ناونانی بەشێکی زۆر لە پرۆژەی یەکەی نیشتەجیبوون و بالاخانەکان لە سلێمانی و شارەکانی تر بە ناوە ئینگلیزییەکان، گریمانەی ئەوەی لێدەکرێت سلێمانی وەك شارێکی بیانی نەك کوردی بناسرێتەوە، هەروەك ناوەکانی (گاردن سیتی، گوندی ئەڵمانی، پاك سیتی، کورد سیتی، ڕیستورانتی یۆرۆ، رۆما، ئەسینا...تاد).

### ٥/٣ نازناو و ناتۆره

سودوەرگرتن لە نازناو بەرامبەر کەسانی مەزهەبیو نەتەوەو ئاینە جیاوازەکان چەند تەورەیەکی گرنگمان پیشاندەدات و جێی سەرنجە، بۆ نموونە بەکارهێنانی وشەی (boy) بۆ کەسێکی گەنج بەشێوەیەکی ئاسایی بەکاردێت تابو نییە، بەڵام کاتێك هەر ئەم وشەیە بۆ پیاوێکی (٤٠) ساڵی ڕەشپێستی ئەمریکی بەکاردەهێنرێت جۆرێکە لە تانەدان و ڕوویەکی نەژادپەرستی و ڕەگەزپەرستی تێدایە، هەروەها وشەی (kike) بەرامبەر یەهودییەکان و وشەی (wop) بەرامبەر ئوستورالیاییەکان یان (nigger) و (coom) بەرامبەر ڕەشپێستە ئەمریکییەکان.

بێگومان زمان، شیاوی گۆڕانە، بۆیە ئەو نازناوانەی کە بەشێکی زۆری خەڵکی بۆ تانەدان لە کەسانی تر بەکاریاندەهێنن، دەتوانێت ببێتەهۆی سەرکەوتنو یەکگرتوییو برایەتی ئەو کەسانەی کە بەرامبەریان بەکاردەهێنرێت، بۆنموونە بۆ هەندێك لە ڕەشپێستەکانی ئەمریکی چیتر وشەی (nigger) بە واتای (تانەد،ان )نایات بەڵکو بۆ پشاندانی خۆشەویستیو یەکگرتوویی نێوانیان بەکاردێت.

خاڵێکی تریش کە پێویستە ئاماژەی بۆ بکرێت مەرج نییە هەمیشە ئەو چەمکانە بۆ مەبەستی تانەدان بێت، بەڵکو پێدەچێت بە تێپەڕبوونی کات واتاکەی بگۆڕێتو چیتر بە واتای گاڵتەکردن بەکارنەیەت.[١][*]

لە کۆمەڵگای کوردیدا نازناوەکان بەمەبەستی ئەرێنی وەك (نازناو)و نەرێنی وەك (ناتۆرە) بەکارهاتووە، ئەم نازناوو ناتۆرانەش هەندێجار بەهۆی شوێن و بنەماڵە و تیرەوە و هەندێکجاری دیکە بەهۆی جۆرێك لە ڕەفتارەوە، یان پیشەوە ناونراوە:

### یەکەم/ نازناوو ناتۆره بەهۆی ڕەفتارەوە

هەندێك جار مرۆڤ بەهۆی ڕەفتارەکانییەوە نازناو وەردەگرێت، کە یەکێك لە ڕەفتارەکانی تێیدا زەقدەکرێتەوەو دەبێتە بنەمایەك بۆ ناونانی وەك نازناوو ناتۆرە. هەروەك ( – چاوچنۆك، – قۆڵبڕ، – ڕێگر، پیسکە، پارەپیس،.. )، ئەمانە هەڵگری پەرچەواتای

---

[١] ویکتوریا فرامکین، رابرت رادمین، نینا هیامز ،( ١٣٨٧: ٥٦٨)

[*] لە زمانی کوردیدا، نازناو هەڵگری خەسڵەتی ئەرێنییە، بەرامبەر بەمە وشەی (ناتۆرە) هەڵگری خەسڵەتی نەرێنییە، لەبەرئەوە بەدەر لە بابەتە وەرگێڕاوەکان، زاراوەی (نازناوو ناتۆرە) بەکاردەهێنین.

نەرێنین.،هەریەك لـە نازناوەكـانی (شـێخ، سـۆفی، مـەلا، حـاجی، مامۆسـتا،، فـەقێ، دەروێش، دەستپاك، ، ،...تاد)، بە كاریگەریی لایەنی ئاینیو ئازایەتی خاوەنی پەرچەواتای ئەرێنین.

٥٢. حاجی ئەم جارە دەستی كێت بڕی.
لێرەدا حاجی بەشێوەی تەنزئامێزو گاڵتەجاڕی وەك ناتۆرەیەك هـەڵگری پەرچـەواتای نەرێنییـە، بەمـەش نازنـاوی حـاجێتی وەك ناتۆرەیـەك بـەهۆی پیشـەو ڕەفتـاری كەسـەكەوە نازناوەكـە وەردەگرێـت، هەنـدێكجاری دیكـەش وەك نازنـاو دەگەڕێتـەوە بـۆ ئیمانـداریو حـەجكردنی و پەرچەواتایەكی ئەرێنی دەبێت.
لە بنەڕەتدا نازناوی (حاجێتی) هەڵگری پەرچەواتای ئەرێنییە، بـەڵام بـەهۆی ڕەفتـارو مامەڵـە و پیشەوە نازناوەكە، وەك ناتۆرەیەك لە كەسەكە دەنرێت.

## دووەم/ نازناوو ناتۆرە بەهۆی شوێنەوە

شوێن وەك هەڵگری جۆرێك لە بەشەكلتور، دەبێتە سەرچاوەیەك بۆ ناونانی كەسەكان وەك نازناوو ناتۆرە بۆ نموونە نازناوەكانی (هەڵەبجەیی، هەولێری، بەرزنجی، گەرمیانی، شـوانی، قەراغی، كەركوكی، شـارباژێری، كوردسـتانی، خـەراجیانی، خۆشـناوەتی، شـارەزووریی...تاد)، هەندێك لەم نازناوانە بەهۆی بەشەكەلتورەكەوە لە ڕووی بیركردنەوەو ڕەفتاری كۆمەڵایەتیانـەوە هەڵگری جۆرێـك لـە پەرچـەواتا دەبـن، هـەروەها ئـەم پەرچـەواتایەش لەلایـەن دانیشـتوانی ئـەو شـوێنەوە بـە واتـای ئـەرێنی، كـە هـەڵگری واتـای خۆشەویسـتی و دڵسـۆزییو شـانازیكردنە سەرچاوەدەگرێت، بـەڵام لـەلای خـەڵكانی دەرەوەی ئـەو شـوێنە دەشـێت پەرچـەواتای نـەرێنی هەبێتو بە واتای دەمارگیریی ناوچەگەرێتی وەك ناتۆرەیەك بەكاربهێنرێت.

## سێیەم/ نازناو و ناتۆرە بەهۆی تیرەوە

پێكهاتـەی سروشـتی كۆمـەڵگای كـوردی وەك بـوونی بنەماڵـەو تیرەگـەری ، كاریگـەریی لەسـەر سـەرهەڵدانی نازناوەكـان هـەبووە، هـەروەك تـیرەی (جـاف، قەرەوەیسـی، میكائیلی، نەورۆڵی، شەمێرانی، بێسەریی، تەرخانی، گەڵاڵی،...تاد)، سـەبارەت بـە دانیشـتوانی هۆزەكـان هەریـەك نازناوەكـان پەرچـەواتای ئـەرێنین بـۆ هێـز و دەسـەڵات و پیشـتیوانی و هاوخوێنی، بەڵام زۆربەی جار بۆ دەرەوەی تیرەكان دەشێت پەرچەواتای نەرێنی هەبێت، چونكە بەپێی بۆچوونی هەندێ كەس ئەم نازناوانە ئاماژەن بۆ گەڕانـەوە بـۆ سـەردەمی تیرەگـەرێتیو

خێڵایەتی، هەروەها بەپێی ئەزمونی کەسەکان هەندێك جار ئەم نازناوانە بەشێوەی ناتۆرە واتای شەرەنگێزی و کەم ئاوەزیی و تێنەگەیشتن و دواکەوتوویی و دوژمنایەتی هەڵدەگرێت.

## چوارەم/ نازناوو ناتۆرە بەهۆی پیشەوە

پیشە یەکێکە لە بەها کەلتورییەکانی کۆمەڵگای کوردی، هەر ئەمەش وای کردووە، ببێتە نازناوێك بۆ ناسینەوەی کەسەکە، بۆ خودی کەسەکە بە پەرچەواتای ئەرێنی و بۆ دەرەوەی کەسەکە دەشێت بەپێی ئاستی گوزەران و چین وتوێژە جیاوازەکانی کۆمەڵ بە پەرچەواتای نەرێنی ناتۆرە بەکاربێت، هەروەك نموونەکانی (– جۆلا، خومچی، کەبابچی، تەنەکەچی، – ئاشەوان، –زێڕینگەر، –مسگەر، –ئاسنگەر، –بازرگان، سەعاتچی، –تونچی، حەمامچی، – ڕۆژنامەنوس، –جوتیار، –مامۆستا، – دکتۆر،... تاد). هەندێك لە نازناوەکان بەپێی کەسێتییەکە جۆری کاریگەریی پەرچەواتاکە دیاریدەکات، بۆنموونە دەشێت نازناوەکە نەرێنی بێت بەڵام کەسێتیەکە کاریگەرییەکەی بۆ ئەرێنی بگۆڕێت، بەپێچەوانەشەوە ڕاستە. بۆ نموونە ئەگەر X ناوی پیشەکە بێت و k کەسێتییەکە بێت، هەرکاتێك کەسێتییەکە لە ڕووی پێگەو بەهای کۆمەڵایەتیی و زانستی و پیشەییەوە خاوەن پایەو ناوبانگێکی باش بێت ئەوا زۆربەی کات X شوێنپێی کاریگەرییەکی ئەرێنی بەجێدەهێڵێت، لێرەدا وا گریمانە دەکەین X بریتی بێت لە دکتۆر یان مەلا، لە بنەڕەتدا هەڵگری کاریگەریی ئەرینین، بەڵام هەرکات ئەم نازناوە بە کەسێتییەکی ناشییەوە بێت، ئەوا کاریگەریی ئەرێنی نازناوەکە بۆ نەرێنی ناتۆرە دەگۆڕێت و زۆربەی کات بەم کاریگەرییەوە دەناسرێتەوە.

## پێنجەم/ نازناوو ناتۆرە بەهۆی بچوککردنەوەی ناوەکانەوە

بچووکردنەوەی ناوەکان لە کۆمەڵگای کوردیدا بۆ هەردوو مەبەستی جوانکردن و ناشرینکردن بەکارهاتوون هەروەك (مچە، حەمە، خولە، سمە، ئەحە، شەفە، قالە، سالە،...تاد)، هەندێك لە ناوە بچووکراوەکان دەشێت بە یەکێك لە مەبەستەکانی (جوانی، ئازایەتی، ڕێز، ناسکی، خۆشەویستی) بەکارهێنرابێت، بەڵام بەهۆکارێك ئەم مەبەستانە بۆ یەکێك لە (ناشرینکردن، سوکایەتیپێکردن، بەکەمزانین...) گۆڕابێت، یاخود بەپێچەوانەوە.

## ئەنجام

بەپێی ڕێبازی لێکۆڵینەوەکە و ئەو نموونانەی شیکراوەتەوە، ئەنجامی لێکۆڵینەوەکە، لە سێ بواردا دیاریدەکرێت:

### یەکەم/ پەیوەندی نێوان چەمك و پێکهاتە کۆمەڵایەتییەکان

چەمکە زمانییەکانی زمانی کوردی توانای کشان و فراوانکردن و بەپێچەوانەشەوە سنوردارکردنی واتایان هەیە، لەمەدا ڕەهەندە کۆمەڵایەتییەکان و دەوروبەرەکانی دەرەوەی زمان کاریگەرییان لەسەر توانای کشانی چەمکە زمانییەکان هەیە، بۆ نموونە هەر یەك لە پێکهاتە کۆمەڵایەتییەکانی وەك کلتور، سیاسەت، ئایین و ڕەهەندە کۆمەڵایەتییەکانی وەك پیشە، تەمەن، جوگرافیا، نەتەوە، لە زماندا نەك تەنها بە پێکهاتەی وشە، بەڵکو لە چوارچێوەی فرێز، ڕستە ڕەنگیداوەتەوە و هەندێکیان وەك مۆرفۆسینتاکس یان دروستەی بە لێکسیمبوو بە واتا کۆمەڵایەتییەکەیەوە دەبنەوە یەکەیەکی زمانی.

### دووەم/ پەرچەواتاو پێکهاتە کۆمەڵایەتییەکان

پەرچەواتا وەك بوارێکی واتای کۆمەڵایەتی، بریتییە لە هاوپێچکردنی کاریگەریی کۆمەڵایەتی بە فۆڕمە زمانییەکان، هەروەك لە بەشی سێیەمی ئەم لێکۆڵینەوەیەدا خراوەتەڕوو، ئەم کاریگەرییە یان بەشێکە لە واتای فەرهەنگی وشەکان، یان بەپێی دەوروبەرە کۆمەڵایەتییەکە دێتە بەرهەم، لە هەردوو بارەکەشدا جۆری کاریگەرییەکە یان دەرخەری باری کۆمەڵایەتییەکەیە، یان بەهۆی دەوروبەرە کۆمەڵایەتییەکەوە دروستدەبێت، بۆ نموونە وشەی (جەناب) هەڵگری پەرچەواتای ئەرێنییەو دەرخەری پێگەی کۆمەڵایەتی وەرگرە، بەڵام لە هەندێ دەوروبەردا پەرچەواتای هەمان فۆڕم بۆ نەرێنی دەگۆڕێت، ئەم پەرچەواتایەش بەهۆی دەوروبەرە کۆمەڵایەتییەکەوە دەستەبەردەبێت.

### سێیەم/ پێشنیازیی بوون بە ئیدییەم هاوپێچ بە پەرچەواتاکەیەوە

پەرچەواتا لە زمانی کوردیدا تەنها بە فۆڕمی وشەوە پەیوەست نییە، بەڵکو بەهۆی دروستەی فرێزو دەربڕاو و ڕستەو دەقەوە دەگەیەنرێت، بەجۆرێك بەهۆی کاریگەریی پەرچەواتاکەوە دروستەیەکی نادارشتەیی بەرهەمدەهێنێت، ئەمەش وادەکات هەندێك لەو فۆڕمانە پێشنیازی بوون بە ئیدییەمیان لێبکرێت.

# سەرچاوەکان

## سەرچاوەکان بە زمانی کوردی:

### أ. کتێب:


١. ئاسۆ جەبار(٢٠٠٥)، کۆمەڵگای داخراو ڕۆشنبیر، دەسەڵات، کۆمەڵگا، چاپی دووەم، چاپخانەی چوارچرا.

٢. ئاڤێستا کەمال مەحمود(٢٠٠٩)،پراگماتیکی ڕستەی پرسیار و فەرمان لە زمانی کوردیدا،مەڵبەندی کوردۆلۆجی، چابخانەی ڕەنج، سلێمانی.

٣. ئەحمەد گوڵمحەممەدی(٢٠٠٧)، بە جیهانی بوون، کلتور، شوناس، و. عبدڵڵا بەهرامی، چاپی یەکەم، دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریان، چاپخانەی خاك، دهۆك.

٤. ئەمین موتابچی(٢٠١٢)، لە پێناو زمانێکی یەکگرتووی پوختە، توێژینەوەکانی کونفرانسی زانستی زمانی کوردی ١٩-٢٢ ئەیلولی ٢٠١١ چاپخانەی، ڕۆشنبیری، چاپی یەکەم، هەولێر.

٥. ئیبراهیم ناصر(٢٠١٣)، زانستی کۆمەڵناسی پەروەردەیی، و. دانا نادر محەمەد، چاپی یەکەم، چاپخانەی چوارچرا، سلێمانی.

٦. بەکر عومر علی، شێرکۆحەمەئەمین(٢٠٠٦)، زار و شێوەزار، چاپی یەکەم، چاپخانەی چوارچرا، سلێمانی.

٧. پەروین عوسمان مستەفا عەللاف(٢٠٠٩)، واتا و وەرگێڕان(لێکۆڵینەوەیەکی واتاسازی)، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.

٨. پۆل هێنلە(٢٠٠٦)، زمان، هزر و کلتور، و.رحیم سورخی، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، چاپی یەکەم، هەولێر.

٩. تالیب حوسێن علی(٢٠١١)، واتاسازی، چەند بابەتێکی لێکدانەوەی واتای وشە، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.

١٠. زەکی ئەلمیلاد، عەبدولحەسەن ئەلحوسەینی(٢٠١٢)، کەلتوور و کۆمەڵگە، و. عەبدوڵلە مەحمود زەنگەنە، چاپی یەکەم، چاپخانەی یار، سلێمانی.

١١. ساجیدە عەبدوڵلا فەرهادی(٢٠٠٨)، ڕستە و پاش ڕستە،چاپی یەکەم، بڵاوکراوەی ئاراس، هەولێر.

١٢. سەلام ناوخۆش(٢٠١٠)، ستاندەر بوونی زمانی کوردی لە نێوان زمان سیاسەت و سیاسەتی زمان، چاپی یەکەم، چاپخانەی منارە، هەولێر.

١٣. سەلام ناوخۆش، نەریمان خۆشناو(٢٠٠٩)، زمانەوانی، بەرگی (یەکەم ، دووەم، سێیەم)، چاپی یەکەم، چاپخانی منارە، هەولێر.
١٤. شاخەوان جەلال فەرەج(٢٠١٣)، تابۆ وەك نموونەیەکی پەیوەندی نێوان زمان و کلتور، چاپخانەی بینایی، سلێمانی.
١٥. شیلان عومر حسین(٢٠٠٩) ئیدیۆم و چەشن و پێکهاتنی لە زمانی کوردیدا، چاپخانەی ڕەنج، سلێمانی.
١٦. عەبدالواحید موشیر دزەیی(٢٠١١)، لیکسۆلۆجی، چابخانەی ماردین، هەولێر .
١٧. عەبدالواحید موشیر دزەیی(٢٠٠٩) کاریگەری دەروونی لە بواری ڕاگەیاندندا، چاپی یەکەم، چاپخانەی ئاراس، هەولێر.
١٨. عەبدالواحید موشیر دزەیی، (٢٠١٠)، واتاسازی وشەو رستە، چاپی یەکەم، چاپخانەی رۆژهەلأت، هەولێر.
١٩. غازی عەلی خورشید(٢٠١١)، زمانی فەرمی بۆ کورستان، دەزگای چاپو پەخشی سەردەم.
٢٠. فاروق عومەر سدیق(٢٠١١)، لە دایکبوونی وشە، چاپخانەی شڤان، چاپی یەکەم، سلیمانی.
٢١. فەتاح مامە(٢٠٠٧)، لەبارەی زمانەوانییەوە، کۆلێژی پەروەردەی بنیات زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر.
٢٢. فوئاد عەبدولڕەحمان(٢٠٠٩)، بیر– ئاوەز – زمان، دەزگای چاپ و پەخشی حەمرین.
٢٣. کریستین نوردستام(٢٠٠٩) زمان لە ڕوانگەی ڕەگەزەوە، و.غازی علی خورشید، چاپخانەی ڕەنج، سلێمانی.
٢٤. مەهابات قەرەداغی(٢٠٠٣)، زمان و ڕامان و ناسنامە، دووەم چاپ.
٢٥. محەمەدی مەحویی، (٢٠٠٩)، زانستی هێما هێما، واتاو واتالێکدانەوە، بەرگی دووەم، چاپخانەی پەیوەند، سلێمانی.
٢٦. محەمەدی مەحویی،کاروان عومەر قادر،شیلان عومەر حسێن(٢٠١١)،دروستەی کردار لە زمانی کوردیدا (بنەماو دیاردە)،چابخانەی پەیوەند، زانکۆی سلێمانی،سلێمانی.
٢٧. محەمەد مەعرووف فەتاح، (٢٠١١)، زمانەوانی، چاپی سێیەم، چاپخانەی حاجی هاشم، لە بلأوکراوەکانی ئەکادیمیای کوردی، هەولێر.
٢٨. محمد مەعروف فتاح(٢٠١٠) لێکۆلینەوە زمانەوانیەکان، کۆکردنەوە و ئامادەکرنەوەی: شێروان حسێن خۆشناو و شێروان میرزاقادر، دەزاگای توێژینەوە و بلأوکردنەوەی موکریانی، چاپی یەکەم.
٢٩. و. میدیا(١٩٩٨)، سەرەتایەکی زمان ناسی، سلێمانی.

٣٠. يوسف شەریف سعيد(٢٠١١)، زمانەوانی، کۆکردنەوەی نەریمان خۆشناو، چاپی یەکەم، چاپخانە ڕۆژهەڵات، هەولێر.

**ب. فەرهەنگ:**

١. **شێخ محمدی خاڵ(١٣٧٦)، فەرهەنگی خاڵ، بەرگی سێیەم، چاپی یەکەم.**

٢. محمد ئەمین هەورامانی(١٩٨٩)، فەرهەنگی زاراوە و ئیدیۆمی زمانی کوردی، دارالکتب الوثائق، بغداد.

٣. هەژار (عبدالرحمان شرفکندی)،(١٣٨١)،هەنبانەبۆرینە،(فەرهنگی کوردی – فارسی) بلاّوکەرەوەی سروش، چاپی چوارەم، تاران.

**پ. نامەی زانکۆیی (بلاّونەکراوە):**

١. ئاوات ئەحمەد محەمەد صالح(٢٠٠٩)، شێوازی گوتنی فەرماندان لە زمانی کوردیدا، نامەی ماستەر، زانکۆی سەلاحەدین، بەسەرپەرشتی:پ.ی.د عبدالواحید موشیر دزەیی.

٢. بەهار زایر محمد(٢٠٠٩)، زمان و یاسا کۆمەلاّیەتیەکان، نامەی ماستەر، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەدین، بەسەرپەرشتی:پ.ی.د عبدالواحید موشیر دزەیی.

٣. بێخاڵ عبدالله سعيد(١٩٨٩) واتاسازی وشە، نامەی ماستەر، زانکۆی سەلاحەدین، بەسەرپەرشتی :پ.د محمد معروف فەتاح.

٤. تابان محەمەد سەعید حەسەن، (٢٠٠٨)، گەشەسەندنو پوکانەوەی گەنجینەی وشە لەزمانی کوردیدا، نامەی ماستەر،کۆلێژی زمان،زانکۆی سلێمانی،بەسەرپەرشتی:پ.د فاروق عومەر سدیق.

٥. تریفە عمراحمد(٢٠١٣)، پراگماتیکی فەرهەنگیو پێکداچوونی پێکهاتەکانی،نامەی دکتۆرا، زانکۆی سلێمانی، بەسەرپەرشتی:پ.د بەکر عومەر عەلی.

٦. تریفە عومەر ئەحمەد، (٢٠٠٨)، مەبەستی پراگماتیکیی لە وتاردا، نامەی ماستەر، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی، بەسەرپەرشتی:پ.د بەکر عومەر عەلی.

٧. زوبیر عەلی عارف (٢٠١٢)، ئیدیەم لە شێوەزاری هەورامیدا، نامەی ماستەر، زانکۆی سلێمانی، کۆلێژی زمان. بەسەرپەرشتی:پ.ی.د ئەبوبەکر عومەر قادر.

٨. سازان ڕەزا معين(٢٠٠٥)، واتا و دەوروبەر، نامەی ماستەر، زانکۆی سەلاحەدین بەسەرپەرشتی:پ.د محمد معروف فەتاح.

٩. شیلان رەحیم ئبراهیم (٢٠٠٤)، شێوازی قسەکردنی ژن لە زمانی کوردیدا(لێکۆلێنەوەیەکی لیکسیکی و سینتاکسییە)، نامەی ماستەر، کۆلێجی زمان، زانکۆی سلێمانی، بەسەرپەرشتی:پ.د فاروق عومەر سدیق.

١٠. شێرزاد سەبری عەلی(٢٠٠٨)، واتا دناڤبەرا سیمانتیك و پراكماتیكێدا نامەی ماستەر، زانكۆی دهۆك. ، بەسەرپەرشتی:پ.ی.د عبدالواحید موشیر دزەیی.

١١. عەبدوڵلا عەزیز محەمەد بابان، (١٩٩٠)، گۆڕانی واتای وشە لە زمانی كوردیدا، نامەی ماستەر، كۆلێژی ئاداب، زانكۆی سەلاحەدین، بەسەرپەرشتی:پ.د فاروق عومەر سدیق.

١٢. عوسمان كریم عبدالرحیم(٢٠١٤)، وشەی زمانی كوردی و ڕێگاكانی دەوڵەمەند كردنی، نامەی ماستەر، زانكۆی سلێمانی، سكوڵی زمان، بەسەرپەرشتی فاروق عومەر سدیق.

١٣. فەرهاد تۆفیق حەسەن،(٢٠١٠)،پەیوەندییە سیمانتیكییەكانوهەندێك دیاردەی واتایی لە زمانی كوردیدا، نامەی ماستەر، كۆلێژی زمان، زانكۆی سلێمانی بەسەرپەرشتی:پ.د بەكرعومەر عەلی.

١٤. فەرهاد تۆفیق حەسەن(٢٠١٥)، زمان لە ڕیكلامی كوردیدا، نامەی دكتۆرا، سكوڵی زمان، زانكۆی سلێمانی، بەسەرپەرشتی:پ.ی.د ئەبوبەكر عومەر قادر.

١٥. كسپە ئەبوبەكر علی(٢٠١١)، پەیوەندی بیر و زمان لە كوردیدا، نامەی ماستەر، زانكۆی سلێمانی. بەسەرپەرشتی:پ.د بەكر عومەر عەلی.

١٦. نەوزاد ئەنوەر عومەر(٢٠١٤) هەندێك لایەنی كۆمەڵایەتی و پراكماتیكی لە زمانی كوردیدا، نامەی دكتۆرا، زانكۆی سلێمانی، سكوڵی زمان. بەسەرپەرشتی:پ.ی.د صباح رشید.

١٧. هۆگر مەحموود فەرەج، (٢٠٠٠)، پراگماتیك و واتای نیشانەكان، نامەی دكتۆرا، كۆلێجی زمان، زانكۆی سلێمانی، بەسەرپەرشتی:پ.د محمد معروف فەتاح.

١٨. هێمن عبدالحمید شمس(٢٠٠٦)، شێوازی دەربڕین لە بۆنە كۆمەڵایەتیەكاندا، نامەی ماستەر، زانكۆی كۆیە بەسەرپەرشتی:پ.د بەكر عومەر عەلی.

١٩. هێمن عبدالحمید شمس(٢٠١٣)، هەژمونی زمان لە سەر كەسیەتی كورد، پەندی پێشینان بە نموونە، نامەی دكتورا، زانكۆی كۆیە، بەسەرپەرشتی:پ.د بەكر عومەر عەلی.

**ت- گۆڤار:**

١. فەتاح مامە(٢٠٠٤)، تەسك بوونەوەی واتا لە زمانی كوردیدا، گۆڤاری زانكۆی سلێمانی ژمارە١٣ بەشی (B).

٢. و.نەریمان خۆشناو(٢٠٠٩)، زمان و بیر،گۆڤاری زمانناسی ژمارە(٣) .

٣. نەریمان خۆشناو(٢٠١٤)، واتاسازی،گۆڤاری زمانناسی ژمارە(١٥) .

٤. هۆگر مەحمود فەرەج(٢٠٠٧)، زمانی كوردی و گەیاندنی واتای پراكماتیكی، گوزارشتگەلێكی پەیوەند بە كلتوری ئیسلامیەوە، گۆڤاری زانكۆی سلێمانی ژمارە (١٩) بەشی (B).

٥. هۆگر مەحمود فەرەج(٢٠٠٥)، کردەی گەیاندن لە نێوان سیمانتیك و پراکماتیکدا، گۆڤاری زانکۆی سلیمانی ژمارە(٥) بەشی (B).

٦. هێمن عومەر خۆشناو(٢٠٠٧)، پێوانەی وتا، گۆڤاری ڕامان ژمارە (١٢٣).


سەرچاوەکان بە زمانی عەرەبی


١. ابراهيم انيس(٢٠٠٤)، دلالة الألفاض، مكتبة الأنجلؤ المصرية، مطبعة عبدالكريم حسن، قاهرة.

٢. احمد مختارعمر(١٩٨٢)، علم الدلالة، مكتب دار العروبة للنشر و التوضيع.

٣. جاسم محمد عبدالعبود(٢٠٠٧)،مصطلحات الدلاة العربية،الطلع الأولى،دارالكتب العلمية،بيروت، لبنان.

٤. جمعة سعيد يوسف(١٩٩٠)، سيكولوجية اللغة والمرض العقلى، عالم المعرفة، الكويت.

٥. سالم سليمان الغماش(١٤٢٢هـ)، المعجم و علم الدلالة، جامعة ملك عبدالعزيزبجدة، كلية الآداب و العلوم الإنسانية، الجدة.

٦. على احمد محمد العبيدى(٢٠١٤)، انماط السياق والدلالاته فى القصيدة الشعبية المنجزة فى الموصل الزهرى انموزجاً ، مجلة دراسات موصلية، العدد(٤٣)، الربيع الأول، جامعة الموصل.

٧. على حميد خضر(٢٠١٤)، دلالة السياق فى نص القرأنى، الأكاديمية العربية فى الدانمارك، رسالة ماجستر، كوبنهاغن.

٨. فرهاد عزيز محيي الدين(٢٠١٠)، البحث الدلالى فى كتب الأمثال حتى نهاية القرن السادث الهجرى، طبغ الأولى.

٩. فطومة لحمادى(٢٠٠٨)،السياق و النص استقصاءدور سياق فى تحقيق التماسك النصى،مجلة كلية الأداب و العلوم الأنسانية و الإجتماعية،العددان الثانى و الثالث جامعة محمد خيضر بسكرة، الجزائر.

١٠. محمد محمد داود(٢٠٠٩)، جدلية اللغة والفكر، دارالغريب،القاهيرة.

١١. محمود السعران، علم الغة، دارالنهضة العربية، بيروت، لبنان.

١٢. مراد حاج محند(٢٠١٢)، السياق فى استنباط الأحكمة النقدية التراثية ، جامعة مولود معمرى، الجزائر.

١٣. نايف خرما(١٩٧٨)، اضواء على الدراسات اللغوية المعاصرة، الكويت.

١٤. نور الهدى لوشن(٢٠٠٦)،علم الدلالة، دراسة و التطبيق، المكتبة الجامعى العربية، الأزرابطة، الأسكندرية.

١٥. هادى نهر(١٩٨٨)، علم اللغة الإجتماعي عندالعرب، الطبعة الأولى، دارالغضون ، بيروت، لبنان.

١٦. هدسن(١٩٨٧)، علم اللغة اللأجتماعي، ترجمة محمود عبدالغنى، الطبعة الأولى، دار الشؤون الثقافية العامة.

١٧. يحيى عبانية، امنة الزعبى(٢٠٠٥) ، علم اللغة المعاصر، الطبع الأولى، دارالكتاب الثقافى، الأردن.


سەرچاوەكان بە زمانی فارسی


١. افسانه سعيدى(١٣٨٩)، زبان شناسى زبان فارسى ليتوگرافى، چاپ صحافى تارنگ.

٢. امان الله قرائى مقدم(١٣٧٨)، زبان و فرهنگ مجله اموزش زبان و ادب فارسى سال چهارم.

٣. بردنارد اسپالسكى(١٣٨٧)، زبان شناسى اجتماعى، مترجمان، على رحيمى، زهرا باقرى، جنگل، جاودانه، تهران.

٤. پيتر تراد گيل(١٣٧٦) ترجمه محمد طباطبايي، زبان شناسى اجتماعى، درامدى بر زبان و جامعه، چاپ اول، انتشارات اگاه.

٥. جرج ويل(١٣٨٥)، برسى زبان، ترجمه على بهرامى، وراست سوم چاپ دوم، انتشارات رهنما، تهران.

٦. دنى كوش(١٣٨٩)، مفهوم فرهنگ در علوم اجتماعى، ترجمه فريدون وحيدا چاپ دوم، انتشارات سروش.

٧. سيد على مير عمادى(١٣٧٣)، مجموعه مقالات دومين كنفرانس زبان شناسى نظرى و كاربردى، انتشارات دانشگاه علامه طباطبايى، چاپ نخست، تهران.

٨. عباس محمدى اصل(١٣٨٩)، جنسيت و زبان شناسى اجتماعى، چاپ اول، سازمان چاپ و انتشارات.

٩. كامبيز محمودزاده(١٣٨٩)، دوزبانگى و ترجمه شفاهى، رهنما، تهران.

١٠. گاى كوك(١٣٨٩)، زبان شناسى كاربردى، مترجمان، على روحانى، دكتر محمود رضا مراديان، انتشارات رهنما، چاپ اول.

١١. لويى ژان گالوه(١٣٧٩)، درامدى بر زبان شناسى اجتماعى، ترجمه محمد جعفر پونيده، نقش جهان، تهران.

١٢. محمد رضا باطنى(١٣٨٨)، زبان و تفكر، مقالات زبان شناسى، چاپ نهم، انتشارات اگاه.

١٣. محمد رضا باطنى(١٣٨٥)، در باره زبان (مجموعه مقالات)، چاپ چهارم، انتشارات اگاه.

١٤. مهرى باقرى(١٣٩٢)، مقدمات زبان شناسى، چاپ هفتم، تهران.

۱۵. **مهشید الوندی،جوادطاهری**(۱۳۹۱)، رویکردی به مبحث معنای معنا،مجله فروغ وحدت، شماره(۳۷).

۱۶. ولیام اگری یوی، مایکل دایرو ولسکی، مارگ ارونف(۱۳۹۱)، درامدی در زبان شناسی معاصر، ترجمه علی دەرزی، چاپ پنجم، تهران.

۱۷. ویکتوریا فرامکین، رابرت رادمین، نینا هیامز ( ۱۳۸۷)، **در امدی بر زبان ( زبانشناسی همگانی)** ترجمه: علی بهرامی، سهیلا چیاو الدین، چاپخانه گوهر اندیشه، چاپ اول، رهنما، تهران.

۱۸. یحیی مدرسی(۱۳۹۱)، درامدی بر جامعه شناسی زبان، چاپ سوم، تهران.

به زمانی ئینگلیزی

1. Agha, A. (2007) Language and Social Relations. Cambridge University Press.
2. Bell, R.T. (1978). Sociolinguistics. Goal. Approaches and Problems. 2nd edition. London: Billing and Sons LTD.
3. Bernard, S.( 2008). Sociolinguistics. 6th edition. Oxford university press.
4. Blank, A. (1999), "Why do new meanings occur? A cognitive typology of the motivations for lexical Semantic change", in Blank, Andreas; Koch, Peter, Historical Semantics and Cognition, Berlin/New York: Mouton de Gruyter.
5. Blank, A. Koch, Peter (1999), "Introduction: Historical Semantics and Cognition", in Blank, Andreas; Koch, Peter, Historical Semantics and Cognition, Berlin/New York: Mouton de Gruyter.
6. Chambers, J. K. & Trudgill, P. (2004), Dialectology, 2nd edition. Cambridge University Press.
7. Field, K. (ed). (2000). Issues in modern Foreign Language Teaching. London and New York.
8. Finch, G. (2005). 2nd edition. Key concepts in language and linguistics. Palgrave Macmillan.
9. Holmes, J. (2008). An Introduction to Sociolinguistics. 3rd edition. Longman. Person Education.
10. Hudson, R.A. (1996). Sociolinguistics. 2nd edition. Cambridge. Cambridge university press.

11. Jean, A. (1999). Linguistics. 5th edition. NTC publishing group.
12. John, L. (1996). Linguistic Semantics An introduction. Cambridge University Press, U.K.
13. Jule, A. (2005), Gender and the Language of Religion. Palgrave Macmillan.
14. Leech, G. (1985). Semantics. Great British.
15. Levinson, S. C. (1997), Pragmatics, twice, Cambridge University.
16. Llamas, C. Mullany, L. & Stockwell, P. (2005), The Rout ledge Companion to Sociolinguistics. London and New York.
17. Maj, B. & Mosegaard, H. (2008). Particles at Semantics /Pragmatics. 5th edition. Elsevier Oxford OX28DP, U.K.
18. Miriam, M. (2011), Introduction Sociolinguistics, 2nd Edition, Rout ledge, London and New York
19. Palmer, E.R. (1976). Semantics. Cambridge. Cambridge university press.
20. Radford, A. etal. (2009). Linguistics. An Introduction. 2nd edition. Cambridge. Cambridge university press.
21. Ronald, W. (1990). An Introduction to Sociolinguistics. British Library Cataloguing in Publication data.
22. Thomas, L. & Wareing, S. (2005) Language, Society and Power. London and New York.
23. Thomas, L. etal. (2004). Language society and power. An Introduction. 2nd edition. Rout ledge. London and New York.
24. Todd, L. (1987). An Introduction to Linguistics. Longman York Press.

پێگەوماڵپەرە ئەلیکترۆنییەکان

https://www.Thomastsoi.com
https://www.noor.mags.com
https://www.paladf.net
https://www.v.b.astabtop.com

## المُلخَّص:

هذه الدِّراسة هى بعنوان "**فعالَية المعنى المُوتحَوِّل فى اطار علم اللغة الاجتماعيّة**" تتناول المعنى مُقترِنًا بالبيئة المُحيطة والبُعد الاجتماعيّ في **اطار** اللِّسانيّات الاجتماعيّة. وتتكون من ثلاثة فصول:

**الفصل الأول**، يتضمن خمسة مباحث تمّ توضيع العلاقة بين اللُّغة والعقل والمجتمع كالعلاقة بين اللُّغة والثقافة، واللُّغة والفِكر، كما وتحدثنا عن اللِّسانيّات الاجتماعيّة مع التغيير والاختلاف في استعمال اللُّغة مُقترِنة بالمجتمع، وأخيرًا عُرِض أثر البُعد الاجتماعيّ على اللُّغة.

**الفصل الثاني**، يلقى الضوء على المعنى، والدّلالة، وأنواع المعاني، وأنواع البيئة، وتغيير المعاني، ولهذا الغرض تمّ تحليل الأمثلة اللازمة.

**الفصل الثالث**، من الدِّراسة يحتوي على الجانب التّطبيقيّ **لفعالَية المعنى المُوتحَوِّل** بوصفه معنى اجتماعيّ. وفي هذا الصدد، عُني بتحديد تأثير أنواع **فعالَية المعنى المُوتحَوِّل** ، فضلاً عن أنواع **فعالَية المعنى المُوتحَوِّل** وفقًا لنسبة تغيير المعاني حسب مصدر تأثيرها، وأشكال الإيصال **لفعالَية المعنى المُوتحَوِّل** وفقًا للأبعاد الاجتماعيّة من أهمّ ركائز الدِّراسة في هذا الفصل.

# Abstract

The research is which is intitled "Effective shifting- meaning in the frame of sociolinguistics" concerns with meaning in the surrounding circumstance and social dimensions within sociolinguistics framework. The research has been divided into three chapters: The first includes five sections in which the relation between language, thought, and society such as language and culture, language and thought, as well as sociolinguistics of change and the difference in using language according to each society has been discussed. The impacts of social dimensions on language have been demonstrated in the same part. In section two, a scientific scrutiny has been carried out on meaning, semantics, and types of meaning as well as the types of circumstances and the change of meaning. Examples have been presented and analyzed to further clarify the issue.

The third chapters of the research comprises actualization of "Effective shifting- meaning in the frame of sociolinguistics". The attention has been given to indicate the influence of the types of Effective meaning. Subsequently, the types of Effective meaning according to the ratio of its change as well as the source of its influence, along with the forms of transmitting Effective shifting-meaning, and Effective shifting- meaning according to its social dimensions has been tackled.